# شارۆچکەکەمان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پۆرنتۆن وایڵدەر

# شارۆچکەکەمان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

ئازاد بەرزنجی



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: شارۆچکەکەمان

نووسینی: پۆرنتۆن وایڵدەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٩

هەڵەگری: بۆکان نووری

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، ٢٠١٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١١ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# شارۆچکەکەمان

## تابلۆیەک بۆ ژیانی مرۆیی

### پۆرنتۆن وایڵدەر کێیە؟

پۆرنتۆن وایڵدەر لە ساڵی ١٨٩٧دا لە شاری مادیسۆنی پایتەختی ویسکۆنسن لە ئەمەریکا هاتووەتە دنیاوە. باوکی کونسوڵی ئەمەریکا بوو لە چین و ئەمیش لەگەڵیدا چوو بۆ ئەوێ و هەرلەوێ لە قوتابخانەیەکی ئەمەریکاییدا دەستی بە خوێندن کرد. دواتر کە گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا، لە قوتابخانەی ئامادەیی بوو لە بیرکلی کە مەیلی بۆ شانۆ تیا ڕسکا. لە ساڵی ١٩٢٠ دا زانکۆی یەیڵی لە نیوهەیڤن تەواو کرد و دوای ئەوە لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا لە بواری ئارکیۆلۆجی دا درێژەی بە خوێندن دا. لە ساڵی ١٩٣٠ –١٩٣٧دا وەکو مامۆستا لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی ئەدەبی وتەوە.

پۆرنتۆن وایڵدەر بە نووسینی ڕۆمان ژیانی ئەدەبیی خۆی دەست پێ کرد. نۆبەرەی کارەکانی ڕۆمانی"کابالا، The Cabala بوو کە لە ١٩٢٦ دا بڵاو بووەوە. دوای ساڵێک، واتە لە ١٩٢٧دا ڕۆمانی"پردی سان لویس ڕەی – The Bridge of San Luis Ray بڵاو کردەوە کە بووە هۆی ئەوەی خەڵاتی پۆلێتزەری پێ ببەخشن، کە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبییە لە ئەمەریکا.

پاش ئەو ڕۆمانەی دوو ڕۆمانی تری نووسی: ئافرەتێک لە ئەندرۆس



١٩٣٠و هەروەها ڕۆمانی"ئاسمان جێمەبەستی منە –Heaven's My – Destination_. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٨دا پێنجەمین ڕۆمانی خۆی نووسی بەناونیشانی "ناوەڕاستی مارس".

وایڵدەر لە پاڵ ڕۆماندا چەندەها دەقی شانۆیشی نووسیوە، ئەو هەر لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە خولیای دنیای شانۆش بوو. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٨دا کۆمەڵێک شانۆنامەی یەک پەردەیی بەناوی"ئەو فریشتەیەی ئاوەکانی لێڵ کرد –The Angel That Troubled The waters. ەوە لە چاپ دا.

لە ساڵی ١٩٣٨دا شانۆنامەی"شارۆچکەکەمان –Our Town ی نووسی کە خوێنەرێکی بێشوماری هەبوو. پاشان لە ساڵی ١٩٤٢دا، واتە لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا شانۆنامەی"بەپەرجوو ڕزگارمان بوو –The Skin of our teethی بڵاو کردەوە. هەروەها شانۆنامەی"خوازبێنیکەر –The Matchmakerیشی لە ١٩٥٤دا نووسی.

هەڵبەت جگە لەم شانۆنامانە؛ وایڵدەر دواتر کۆمەڵێک دەقی شانۆیی تریشی نووسیوە کە لەسەر شانۆکانی ئەمەریکا و بۆ نموونە شانۆی برۆدوای نمایش و پێشکێش کراون. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٢دا لە برۆدوای سێ شانۆنامەی کورتی بەناوی "چەند شانۆنامەیەک بۆ شەقامی بلیکەر – Plays for Bleeker Streetەوە پێشکێش کران.

جگە لەو کارانە، لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆژی هەشتەم و لە ١٩٧٣دا"پیۆفیلسی باکوور"ی بڵاو کردەوە.

وایڵدەر لە ساڵی ١٩٦٠دا مەدالیای ئێدوارد ماکدۆیلی یەکەمی وەرگرتووە و هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣شدا مەدالیای سەرۆکایەتیی بۆ

ئازادی پێ بەخشراوە.

(پەیامی زۆربەی شانۆنامەکانی وایڵدەر لەسەر بنەمای بەها مرۆییەکان بنیات نراوە، کە لە ئەفسانە و حیکایەت و پەندەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمە جگە لە کاریگەریی (جەیمس جۆیس و ئەندرێ جید و مارسیل پرۆست و تی. ئێس. ئیلیەت و ئەرزا پاوەند و ئەناتۆڵ فرانس و گرترۆد شتاین). ئەگەرچی ئەمانە لە"شارۆچکەکەمان"دا ڕەنگیان نەداوەتەوە، ئەم شانۆنامەیە لەسەر مرۆخوازی دامەزراوە، کە ژیان هەم وەکو شتێکی تۆقێنەر و هەم وەکو شتێکی دڵڕفێن پێشان دەدات. نووسەر جەخت لەسەر تروسکایی ئەو نەمرییە دەکاتەوە کە لە هەر ڕۆحێکی مرۆییدا بوونی هەیە)(*)

## شارۆچکەکەمان

ئارسەر میللەر سەبارەت بەم شانۆنامەیە دەڵێت: "شارۆچکەکەمان بۆ هەر گفتوگۆیەک دەربارەی فۆرمی شانۆیی گرینگە، وەنەبێ بەتەنیا بۆ خۆی وەکو دەقێک گرینگ بێت، بگرە لەبەرئەوەی بوو بەسەرچاوەیەک کە لق و پۆپی زۆری لێ کەوتەوە".

ئەمە ڕای شانۆنامەنووسی ناوداری ئەمەریکایی ئارسەر میللەرە لەسەر شانۆنامەی "شارۆچکەکەمان" کە لە کاتی خۆیدا گەلێ لە نووسەران و ڕەخنەگران دژی وەستانەوە و ڕەخنەی توندیان لێ گرت، بەڵام نمایشی ئەم شانۆنامەیە سەرکەوتنێکی وای بەدەست هێنا کە

(*) Cliffs Noted on Wilder’s our Towm By Mary Ellen Sondgrass, M.A.



بووە مایەی ناوبانگێکی گەورە بۆ وایڵدەرو بە یەکێک لە ستوونەکانی شانۆی ئەمەریکایی لە قەڵەم درا.

شارۆچکەکەمان نە دەقێکی فەلسەفیی ئاڵۆزە و نە بە شێوازێک و تەکنیکێکی ئاڵۆزیش نووسراوە. دەتوانین بڵێین کە ئەم شانۆنامەیە پوختەیەکی سووڕی ژیانی ئادەمیزادمان بۆ دەخاتە ڕوو. هەر لێرەشەوەیە کە کارەکتەری بەڕێوەبەری شانۆ پەردەکانی ناوناوە: "ژیانی ڕۆژانە، خۆشەویستی و هاوسەرگیری، مردن".

ئەو شوێن و کات و کەسێتییانەی وایڵدەر لەم شانۆنامەیەدا بەرجەستەی کردوون تایبەت نین بە یەک شوێن و یەک کات و یەک جۆر لە خەڵک، بەڵکو دەکرێ بڵێین کە ئەمە دەقێکە سەبارەت بە ژیان و ئادەمیزادەکان و خۆشی و ناخۆشییەکان و ژان و ئازار و بەختەوەرییەکانیان لە هەر کوێیەک و لە هەر زەمانێکدا هەن.

## ڕووداوەکانی شانۆنامەکە

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەسەر سێ پەردەدا دابەش بوون:

ڕووداوەکانی پەردەی یەکەم "ژیانی ڕۆژانە"_ لە ساڵی ١٩٠١دا ڕوو دەدەن. شوێن گرۆڤەرز کۆرنەرزە لە نیوهامپشایی و، باکوری ماساچوسێتس. دوو ماڵ بەرامبەر یەکن، ماڵی دوکتۆر گیبز و ماڵی چارلز وێبی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە. لەودیو دوو ماڵەکەوە شەقامی سەرەکی دیارە. هەردوو ماڵەکە خەریکی نانخواردنی بەیانی و خۆ ئامادەکردنن بۆ ڕۆژێکی نوێ. جۆرج و ئەمیلی بەرەو قوتابخانە دەچن و هەندێ کاروباری تری ڕۆژانە..

ڕووداوەکانی پەردەی دووەم "خۆشەویستی و هاوسەرگیری" دوای

سێ ساڵ لە پەردەی یەکەم ڕوو دەدەن. ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریی جۆرج و ئەمیلییە. دیمەنێک لەم پەردەیەدا هەیە سەرەتاکانی پێوەندیی خۆشەویستیی نێوان "جۆرج و ئەمیلی"مان بۆ دەگێڕێتەوە. دواتر خۆمان لە کەنیسەیەکدا دەبینینەوە کە بەڕێوەبەری شانۆ تێیدا ڕۆڵی قەشە دەبینێت و ئەو دووانە لە یەکتری مارە دەکات.

پەردەی سێیەم (مردن) دوای تێپەڕینی نۆ ساڵ بەسەر پەردەی دووەمدا دێت. دیمەنەکە بریتییە لە گۆڕستانی شارۆچکەکە. لەم پەردەیەدا هەم زیندووەکان و هەم مردووەکانیش دەور دەبینن. ڕۆژی ناشتنی تەرمی ئەمیلییە کە لە تەمەنێکی کەمدا بەسەر منداڵبوونەوە دەمرێت. ئەمیلی داوا دەکات بگەڕێتەوە بۆ ژیان، ئەوانی تر پێی دەڵێن کە ئەوە زەحمەتە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو سوورە لەسەر ئەو داوایەی؛ دەگەڕێتەوە بۆ تافی منداڵیی، کاتێک تەمەنی دوانزدە ساڵان دەبێت و ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی دەبێت. بەڵام دوا جار هەرچەند دەکات بەرگەی ئەو ساتە پڕ خۆشەویستی و میهر و گەرموگوڕییانەی ژیان ناگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو دنیای مردووان. بەگشتی کەشێکی خەمگین باڵ بەسەر پەردەی سێیەمدا دەکێشێت.

ئەو شتانەی لەم شانۆنامەیەدا ڕوو دەدەن شتی سەیر و سەمەرە و دانسقە نین، بگرە ئەو ڕووداوە ئاساییانەن کە لە ژیانی هەموو مرۆڤەکاندا چەندبارە دەبنەوە، بەڵام هەروەکو لە کۆتاییەکانی شانۆنامەکەشدا لەسەر زمانی ئەمیلییەوە دەیبیستین؛ ئەو شتانە بە سادەیی خۆیانەوە جوانن؛ ئەگەرچی مرۆڤەکان سەرنجیان نادەن و لێیان ورد نابنەوە و چێژی تەواوەتی لەو ساتەوەختانە و لەو ڕووداو و شتە بچووکانەی ژیان وەرناگرن و کاتێک ئاوڕ دەدەنەوە زەمەن بڕیونی و تەمەن گوزەشتووە.



## کارەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە

– کاراکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە لە کاراکتەرەکانی شانۆنامە کلاسیکەکان ناچن، نە پاشا و نە وەزیر و نە سەرکردەن، بگرە کەسانێکی ئاسایین کە ژیانێکی ئاسایی دەبەنە سەر.

### بەڕێوەبەری شانۆ

لە ڕاستیدا بەڕێوەبەری شانۆ هەم گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیە و هەم ناوبەناویش ڕۆڵی چەند کاراکتەرێک دەبینێت. نووسەر بەڕێوەبەری شانۆی وەکو تەکنیکێک بۆ قسەکردن لەسەر ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بە یەکەوە و بەخشینی زانیاری بە بینەران بەکار هێناوە. بە مانایەکی تر دەبێتە ڕێنوێنیکاری بینەران. لەو دەورانەش کە دەیانبینێت: مستەر مۆرگانی خاوەن کۆگاکە و قەشەکەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە.

دەتوانین بڵێین پاش بەڕێوەبەری شانۆ؛ ئەمیلی گرینگترین کارەکتەری شانۆنامەکەیە. ئەو لە سەرەتای شانۆنامەکەدا کیژۆڵەیەکی منداڵە، بەڵام وریا و زیتە.

لە پەردەی یەکەمدا هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە جۆرج پێشان دەدات. بەڵام لە پەردەی دووەمدا بە ئاشکرا ئەو هەست و سۆزە دەردەکەوێت بەوەی خۆشەویستییان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن و هاوسەرگیری دەکەن. بەڵام لە پەردەی سێیەمدا و کاتێک بەسەر منداڵبوونەوە دەمرێت دەچێتە ڕیزی مردووەکانەوە و داوا دەکات بگەڕێتەوە بۆ ژیانەکەی جارانی و بەشێک لە فەلسەفەی شانۆنامەکە لە دیالۆگەکانی ئەمیلی دا و لەم پەردەیەدا بەرجەستە دەبن.

## جۆرج گیبز

جۆرج گیبز نموونەی کوڕی ئەمەریکاییە لە ڕۆژگارەکەی خۆیدا. خولیای بەیزبۆڵە و ڕابەری پۆلەکەی خۆیەتی. کوڕێکی دڵپاک و هەستیارە. حەز دەکات بچێت بۆ خوێندن و کۆلیجی کشتوکاڵ تەواو بکات؛ بەڵام خۆشەویستیی بۆ ئەمیلی بەسەر ئەو حەزەیدا زاڵ دەبێت. کە ئەمیلی دەمرێت شەوانە سەردانی گۆڕەکەی دەکات و بە بێدەنگی ئەمەگداریی خۆی بۆ ئەو ژنەنیشان دەدات کە زۆری خۆش دەویست.

## چارلز وێب

نموونەی هاووڵاتییەکی باشی شارۆچکەکەیە. سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکە. زانیاریی زیاتر سەبارەت بە شارۆچکەکە دەدات بە بەڕێوەبەری شانۆ، چونکە خۆی زۆر بایەخ بە مێژووش دەدات. بەشێوەیەکی تایبەتیش بایەخ لە مێژووی ناپلیۆندا شارەزایە.

## د. گیبز

دوکتۆر گیبزیش وەکو چارلز وێبی دراوسێی بایەخ بە مێژوو دەدات. دوکتۆرێکی دڵسۆزە لە کار و پیشەکەیدا و بەشداریی ناخۆشییەکانی هاووڵاتییانی شارۆچکەکەی دەکات. لە ماڵیشەوە، هانی جۆرج دەدات تا یارمەتیی دایکی بدات.

## مسز گیبز و مسز وێب

هەردووکیان ژنی ماڵن و بە تەنگ ماڵ و منداڵیانەوە دێن. بەڵام هەردووکیشیان لاپرسەنن و حەز بە بیستنی واتەواتەکانی ناو شارۆچکەکە دەکەن. سادەن و زۆربەی ڕۆژەکانیان بە ئیش و کاری ماڵ و شتە ساکارەکانی ژیان بەسەر دەبەن.



## بیرۆکەکانی شانۆنامەکە

لەو بیرۆکانەی شانۆنامەی "شارۆچکەکەمان" جەختیان لەسەر دەکاتەوە:

١ – گوزەری زەمان

شانۆنامەکە دەیەوێت پێمان بڵێت کە زەمان ناوەستێت و ژیانی مرۆڤیش شتێکی تێپەڕە. بەڕێوەبەری شانۆنامەکە چەند جارێک ئەوەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە زەمەن خێرا تێ دەپەڕێت و هەر بۆیە بە دیوێک لە دیوەکانی ئەم شانۆنامەیە هەروەکو گەلێ لە شانۆنامەکانی شانۆی ئەبسێرد جەخت لەسەر بێمانایی ژیان دەکاتەوە، بەوەی کە تەمەنی مرۆڤ کورتە و هەموو کاتیش سێبەری مەرگ بەسەر سەریەوەیە.

٢ – بەهەند وەرگرتنی ساتەکانی ژیان

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیان زوو بەسەردەچێت؛ بەڵام شانۆنامەکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەبێ نرخی هەموو ساتەکانی ژیانمان بزانین و بەفیڕۆیان نەدەین و هەوڵ بدەین تا ئەوپەڕی چێژیان لێ وەربگرین. ئەم بیرۆکەیەش زیاتر لە دواپەردەدا بەرجەستە دەبێت کاتێک ئەمیلی داوای گەڕانەوە بۆ ژیان دەکات.

٣ – شتە بچووکەکانی ژیانیش شایانی ئاوڕلێدانەوەن

یەکێکی تر لەو بیرۆکانەی کە ئەم شانۆنامەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەیە کە ئێمە دەبێت بایەخ بە شتە بچووکەکانی ژیانیش بدەین، لەبەرئەوەی ئەو شتانەش گەورەن، چونکە بەشێکی زۆری ژیانی ئێمە پێک دەهێنن.

بەڵام ئاخۆ دوا جار ژیان بە هەموو شتەکانی خۆیەوە هەروەکو سێبەری یادەوەریی لێ نایەت لای هەموو مرۆڤەکان؟ بێگومان، بەڵام ئەوەی قەدری ژیانی لابێت دەزانێت کە دەبێت تا ئەوپەڕی قووڵی بە جوانی و چێژەوە بیگوزەرێنێت؛ چونکە چی تر ئەو ڕۆژ و ساتانە ناگەڕێنەوە و بە تەنیا ئەوانە گرەوی ژیان دەبەنەوە کە بە قووڵی لێی ڕادەمێنن و بە جوانی دەیبەنە سەر. ڕەنگە هەر ئەمەش مەبەستی وایلدەر بێت کە لەسەر زمانی بەڕێوەبەری شانۆوە دەڵێت پێ دەچێ بە تەنیا شاعیرەکان و قدیسەکان کەمێک قەدری ژیان بزانن، چونکە دەزانن ئەوەی لە ژیان دەمێنێتەوە بە تەنیا خۆشەویستییە و ئەوانی تر دەفەوتێن.

ئەم شانۆنامەیە بانگەوازێکە بۆ قەدرگرتنی ژیان و خۆشەویستیی ژیان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی. بانگەوازێکە بۆ ئادەمیزاد کە باوەش بە ژیاندا بکات بە ژان و خۆشی و ئازار و شادییەکانییەوە.

ئازاد بەرزنجی



## کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە

بەڕێوەبەری شانۆ: گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیە و هەندێ دەوری تریش دەبینێت.

د. فرانک گیبز: دوکتۆری شارۆچکەکەیە، باوکی جۆرج و ڕێبێکایە.

مسز گیبز: هاوسەری د. گیبزە و نموونەیەکە بۆ ژنی ماڵەوە.

جۆرج گیبز: کوڕی د. گیبز و مسز گیبزە و تەمەنی ١٦ ساڵە و دواتر ئەمیلی دەهێنێت.

ڕێبیکا گیبز: کچی د. گیبز و مسز گیبزە و ٤ ساڵ لە جۆرج مناڵترە.

چارلز وێب: سەرنووسەر و بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی "چاودێر"ە، کە ڕۆژنامەی شارۆچکەکەیە. وێب خۆی یەکێکە لە هاووڵاتییە ناسراوەکانی شارۆچکەکەش.

میرتڵ وێب: هاوسەری چارلز وێبە. نموونەی دایک و ژنی ماڵە.

ئەمیلی وێب: کچی چارلز و میرتڵ وێبە و دواتر لەپڕێکدا بە نەخۆشیی ڕیخۆڵەکوێرە دەمرێت.

سیمۆن ستیمسۆن: ئۆرگانژەنی کەنیسەیە. بەوە ناوی دەرکردووە کە هەموو کات سەرخۆشە. خۆی دەکوژێت.

مسز سۆمیز: نموونەی ژنێکی لاپرەسەن "فزوولی"ە.

هۆوی نیوسەم: شیرفرۆشە.

جۆ کرۆوێل: ڕۆژنامەفرۆشە.

سی کرۆوێل:  برای بچووکی جۆیە.

سام کریگ:  کوڕی جولیا گیبزە.

جۆ ستۆدارد:  مردوونێژی شارۆچکەکەیە.

کۆنستابل بیلّ وارن:  کارمەندی پاراستنی ئاسایشی شارۆچکەکەیە.

پرۆفیسۆر ویلارد:  پرۆفیسۆرێکی زانکۆیە کە زانیاریی سەبارەت بە شارۆچکەکە لایە.



## پەردەی یەکەم

پەردە نییە.

دیمەن نییە.

بینەران کە دێن شانۆیەکی خاڵیی نیمچەڕووناک دەبینن. ئەمەندەی پێ ناچێت بەڕێوەبەری شانۆ دێتە ژوورەوە، شەبقەیەکی بەسەرەوەیە و سەبیلێکیشی بەدەمەوەیە، مێزێک و سێ کورسی لە پێشەوەی چەپی شانۆدا دادەنێت، مێزێک و سێ کورسیی تریش لە پێشەوەی ڕاستی شانۆدا دادەنێت. هەروەها لای چەپی شانۆوە کورسییەکی تەختەی درێژی بێ پاڵپشت لە گۆشەیەکدا دادەنێت کە دەبێتە ماڵی "وێب".

"چەپ" و "ڕاست" لە گۆشەنیگای ئەکتەرەوە دیاری دەکرێ کە ڕووی لە بینەرانە. "سەرەوە"ش بە ئاراستەی دیواری پشتەوەیە.

کە ڕووناکی دەکوژێتەوە بەڕێوەبەری شانۆ سەر تەختەی شانۆی ئامادە کردووە و پاڵی داوەتەوە بە ستوونی پێشەوەی شانۆ کە لە دەستە ڕاستدا و سەیری ئەو بینەرانە دەکات کە درەنگ گەیشتوون و دێنە ژوورەوە.

کاتێک هۆڵەکە تەواو تاریک دەبێت، دەکەوێتە قسە.

بەڕێوەبەری شانۆ: ئەم شانۆنامەیە ناوی"شارۆچکەکەمان"ە. پۆرنتۆن وایلدەر نووسیویەتی. لەلایەن (A)ەوە بەرهەم هاتووە و دەرهێنراوە یان لە بەرهەمهێنانی (A) و دەرهێنانی (B)ە تێیدا چاوتان بە خاتوو (C) و (D) و (E) و هەروەها مستەر (F) و(G) و(H)

دەکەوێت. کەسانێکی زۆری تریش. ناوی شارۆچکەکەش"گرۆڤەرز کۆرنەرز"ە لە نیو هامشارایر، کە لە سنووری ماسا چۆسیتس دەپەڕیتەوە: هێڵی پانیی ٤٢ پلە و ٤٠ دەقیقە، و هێڵی درێژیی ٧٠ پلە و ٣٧ دەقیقە. پەردەی یەکەم بریتییە لە ڕۆژێکی ژیانی شارۆچکەکەمان. ئەویش ڕۆژی ٧ی مایسی (١٩٠١)ە. کەمێک بەر لە بەرەبەیانە.

(کەڵەشێرێک دەقووقێنێت)

وا خەریکە هەندێ داوە دەزووی ڕووناکی لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە و لەودیو شاخەکانمانەوە بەدەردەکەون. ئەستێرەی بەیانیش بەر لە ئاوابوونی جوانتر و درەوشاوەتر دێتە بەرچاو.. وانییە؟

(کەمێک لێی ڕادەمێنێت، پاشان بەرەو سەرەوەی شانۆ دەچێت)

چاکە.. وا باشترە باسێکی شارۆچکەکەمانتان بۆ بکەم. لێرە لە سەرەوە، واتە بە هێڵێکی هاوتەریب بە دیواری پشتەوە شەقامی سەرەکییە. دوورتر لەو وێستگەیەکی شەمەندەفەر هەیە، ئینجا چەند ڕێگەیەک، لەودیو ڕێگەکانیشەوە گەڕەکی پۆڵەندییەکان و هەندێ خێزانی کەنەدی هەن.

(بەرەو لای چەپ دەچێت)

لەوێوە کڵێسای تیرەیی لێیە، لەسەر شەقامەکەش کڵێسای مەشایخی و هەروەها کڵێسای میتۆدی و تەوحیدی هەن. باپتیستیش لە خوارەوەیە، لە ناو دۆڵەکەدا و لای ڕووبارەکە. کڵێسای کاسۆلیکیش لەوێیە، لەودیو تووڵەڕێکانەوە. بینای شارۆچکەکە و پۆستە بەیەکەوەن. بەندیخانەش لە نهۆمی خوارەوەیە.

جارێکیان برایان لەسەر ئەم پێپلیکانانەوە وتارێکی خوێندنەوە. بەدرێژاییی ئێرە ڕیزێک کۆگا هەن. لە بەردەمیاندا کۆمەڵێک شوێنی



تایبەت بە سواربوونی ئەسپ هەن. دوای نزیکەی پێنج ساڵ یەکەمین ئۆتۆمۆبێل دێتە ئەم ناوە و خاوەنەکەشی"کارترایت" دەبێت کە بانکی هەیە و دەوڵەمەندترین خەڵکی شارۆچکەکەیە.. و لە خانووە سپییە گەورەکەی سەر گردەکەدا دەژی.

لێرەشدا کۆگایەکی بەقاڵی هەیە، هەروەها دەرمانخانەکەی مستەر"مۆرگان"یش لێرەدایە. زۆربەری خەڵکی شارۆچکەکەش ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ڕۆژانە لەم دوو شوێنەدا دەبینرێن.

قوتابخانەی گشتی وا لەو دوورانە. قوتابخانەی سانەویش لەو دوورترە. لە سەعات نۆ و چارەکی هەموو بەیانییەک و هەموو نیوەڕۆیەک، و لە سێی پاشنیوەڕۆی هەموو ڕۆژێکدا، تەنانەت لەوپەڕی شارۆچکەکەشەوە، لە حەوشەی ئەم قوتابخانانەوە هەراوهوریا دەبیسترێ.

(لە مێز و کورسییەکانی دەستەڕاستی پێشەوەی شانۆ نزیک دەبێتەوە).

ئەمەش ماڵی دوکتۆرەکەمانە –دوکتۆر گیبز. ئەمە دەرگەی پشتەوەیە.

(دوو کەپرۆکەی چەماوە بە مێو و گوڵ داپۆشراون، هاتوونەتە دەرەوە، هەریەکەیان لای ستوونێک لە ستوونەکانی شانۆوەیە).

هەندێ دیمەنیش هەن بۆ ئەو کەسانەی وای دەبینن کە پێویستیان بە دیمەن هەیە.

ئەمە باخچەکەی مسز گیبزە. گەنمەشامی.. بەزالیا.. پاقلە.. گوڵەهێرۆ.. گوڵی ئەرخەوانی و.. کۆمەڵێک ڕووەکی ئارکتیۆن.

(بەتەختەی شانۆکەدا تێ دەپەڕێت تا دەگاتە ئەوبەر).

لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەکەمان لە هەفتەیەکدا دوو جار دەردەچوو – ناویشی"پاسەوانی گرۆڤەرز کۆرنەرز" بوو – ئەمەش ماڵی "وێب"ی سەرنووسەرە.

ئەمیش لە باخچەکەی مسز گیبز دەچێت، بەڵام گوڵەبەڕۆژەی زۆر تێدایە.

(لە ناوەڕاستی شانۆکەوە سەیری سەرەوە دەکات) ڕێک لێرەدا دارگوێزێکی گەورە هەبوو.

(دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی لای پایەی ڕاستی شانۆوە و بۆ ماوەی خولەکێک سەیری بینەران دەکات).

شارێکی جوانە.. دەزانن مەبەستم چییە؟

ئەوەندەی ئێمە ئاگەدار بین، ئەم شارە هەرگیز کەسێکی گەورەی دروست نەکردووە. کۆنترین کێلەقەبرەکانی گۆڕستانەکەی سەر ئەو شاخە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ١٦٧٠ –١٦٨٠و هی خێزانەکانی گرۆڤەرز و کارتڕایت و گیبز و هێرسین و ئەم ناوانەش تا ئێستا لە شارۆچکەکەماندا هەن.

چاکە.. وەکو وتم ئێستا نزیکەی بەرەبەیانە. تاقە ڕووناکیش لە شارۆچکەکەدا هی کۆختێکە لای هێلی ئاسنینەکەوە، دایکێکی پۆڵەندی ئەوەندە نابێت دووانەیەکی بووە. لە ماڵی جۆ کرۆوێلیشدا، جۆی کوڕی لە خەو هەڵدەستێت تا بچێت ڕۆژنامە دابەش بکات، شۆرتی هۆکنزیش لە گەنجینەی هێلی ئاسنینەکەیە و خۆی ئامادە دەکات تا بۆ شەمەندەفەری کاژێر ٥:٤٥ بەیداخەکە ڕابوەشێنێت کە بۆ بۆستن دەچێت.

(دەنگی شووتی شەمەندەفەرەکە دەبیسترێ. بەڕێوەبەری شانۆ



سەعاتەکەی دەردەهێنێت و سەری ئەرێ ڕادەوەشێنێت).

عادەتەن ئەم کاتانە لە لادێدا –کە بە چواردەورماندا هەیە – چراکان دادەگیرسێنرێن و بۆ شیردۆشین و کاری تر، بەڵام خەڵکی شارۆچکە درەنگ دەخەون.

بەمجۆرە، ڕۆژێکی نوێ دەستی پێ کرد. ئەوەتانێ ئەوە دوکتۆر گیبزە لە شەقامە سەرەکییەکەدا و لەو حاڵەتی مناڵبوونە گەڕاوەتەوە، هاوسەرەکەشی وا بە پێپلیکانەکاندا دێتەخوارێ تا نانی بەیانیی بۆ ئامادە بکات.

(مسز گیبز ژنێکی گۆشتنی ڕووخۆشە، تەمەنی لە ناوەڕاستی سییەکاندایە، لای ڕاستەوە بە پێپلیکانەکاندا دێتە خوارەوە. پەردەیەکی پەنجەرەی وەهمی لە مەتبەخەکە لا دەدات و لە ئاگردانەکەدا ئاگر دەکاتەوە).

دوکتۆر گیبز لە ساڵی ١٩٣٠ دا مرد. نەخۆشخانە تازەکە بەناوی ئەوەوە ناونرا.

لە ڕاستیدا مسز گیبز بە ماوەیەکی زۆر پێش مێردەکەی دنیای جێ هێشت. چوو بۆ سەردانی "ڕێبیکا"ی کچی، کە شووی بە کارمەندێکی کۆمپانیی بیمە کردبوو لە کانتۆنی پایتەختی ئۆهایۆ، ئیتر لەوێ بە نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان کۆچی دوایی کرد، بەڵام تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ ئێرە. ئێستا لە گۆڕستانەکەیە لەوێ، لەگەڵ دەستەیەکدا لە خێزانی گیبز و هێرسی. بەرلەوەی لە کڵێسای تیرەیی شوو بە دوکتۆر گیبز بکات ناوی جولیا هێرسی بوو.

لە شارۆچکەکەماندا حەز دەکەین هەموو شتێک لەبارەی خەڵکەوە بزانین.

ئەوەش مسز"وێب"ە دێتە خوارەوە بۆ نانی بەیانی.

ئەوە دوکتۆر گیبزە. سەعات یەک و نیو داوایان کرد.

ئەوەش جۆ کرۆوێڵی بچکۆلەیە دێت بۆ دابەشکردنی ڕۆژنامەی "پاسەوان".

(دوکتۆر گیبز لای چەپەوە هەر بەسەر شەقامە سەرەکییەکەدا دەڕوات. لەو شوێنەدا کە پێچی تێدا دەکاتەوە تا لە ماڵی خۆیان نزیک بێتەوە، دەوەستێت. جانتا ڕەشە خەیاڵییەکەی دەستی دادەنێت، کڵاوەکەی دادەگرێت، دەستەسرێکی گەورە دەردەهێنێت و بە شەکەتییەوە دەموچاوی خۆی دەسڕێت.

مسز وێب کە ئافرەتێکی لاواز و جدییە بەدەم بەستنی بەرکۆشێکەوە دەچێتە مەتبەخەکەی، بە جووڵەکانی وا پێشان دەدات کە دار فڕێ دەداتە ناو ئاگردانەکەوە و ئاگر دەکاتەوە و نانی بەیانی ئامادە دەکات.

لە پڕێکدا جۆکرۆوێڵی بچکۆلە کە تەمەنی یانزدە ساڵێک دەبێت لە شەقامە سەرەکییەکەوە لای ڕاستەوە پەیدا دەبێت و ڕۆژنامە – خەیاڵییەکان – فڕێ دەداتە بەردەم دەرگەکان).

**جۆکرۆوێڵی بچکۆلە:** دوکتۆر گیبز، بەیانیت باش.

**د. گیبز:** بەیانیت باش جۆ.

**جۆکرۆوێڵی بچکۆلە:** دوکتۆر، کەس نەخۆشە؟

**د. گیبز:** نەء، بەڵام لە گەڕەکی پۆڵەندییەکان دووانەیەک لە دایک بوون.

**جۆکرۆوێڵی بچکۆلە:** ئێستا ڕۆژنامەکەت دەوێت؟

**د. گیبز:** بەڵێ، ئێستا دەیبەم. هیچ شتێکی تازە لەم دنیایەدا ڕووی داوە لە ڕۆژی چوارشەمەوە؟



**جۆکرۆوێڵی بچکۆلە:** بەڵێ گەورەم. مامۆستاکەی من –مس فۆستەر شوو بە کابرایەکی خەڵکی کۆنکۆرد دەکات.

**د. گیبز:** سەیرم لێ دێت! ئەی ئێوە هەستتان بەرامبەر بەمە چۆنە؟

**جۆی بچکۆلە:** لە ڕاستیدا من هەقم نییە بەسەرەوە –بەڵام من دەڵێم ئەگەر ئافرەتێک بوو بە مامۆستا پێویستە هەر بە مامۆستایی بمێنێتەوە.

**د. گیبز:** ئەی ئەژنۆت چۆنە، جۆ؟

**جۆی بچکۆلە:** باشە دوکتۆر. من هەر هیچ بیری لێ ناکەمەوە. بەڵام هەروەکو تۆ دەڵێیت، ئەژنۆم پێم دەڵێت کەی باران دەبارێت.

**دوکتۆر گیبز:** ئەی ئەمڕۆ ئەژنۆت چێت پێ دەڵێت؟ دەبارێت؟

**جۆی بچکۆلە:** نەخێر گەورەم.

**د. گیبز:** دڵنیایت؟

**جۆی بچکۆلە:** بەڵێ گەورەم.

**د. گیبز:** ئەژنۆت قەت هەڵە ناکات؟

**جۆی بچکۆلە:** نەخێر گەورەم.

(جۆ دەڕوات، د. گیبز بەپێوە ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە).

**ب. شانۆ:** دەمەوێ هەندێ شتتان دەربارەی ئەو کوڕە –جۆ – پێ بڵێم. جۆ تا بڵێیت کوڕێکی هەڵکەوتوو بوو. لێرە بە پلەی یەکەم سانەویی تەواو کرد. بۆیە کورسییەکی خوێندنیان لە کۆلێجی تەکنیکی لە ماساچوسێتس دایێ.

لەوێش هەر بە یەکەم دەرچوو. ڕۆژنامەی بۆستن لەو کاتەدا ئەم هەواڵانەی بڵاو کردەوە. خەریکبوو دەبوو بە ئەندازیارێکی

گەورە. بەڵام شەڕ هەڵگیرسا و جۆ لە فەڕەنسا مرد –هەموو ئەو خوێندنە لە پێناوی هیچدا بوو.

**هۆوی نیوسەم:** (لەلای چەپەوە) هەڵسە بێسی! ئەمڕۆ چیت لێ قەوماوە؟

**ب. شانۆ:** ئەوە هۆی نیوسەمە هاتووە شیر دابەش بکات.

(هۆوی نیوسەم نزیکەی سی ساڵانە، جلێکی لە بەردایە کە لە هەمان کاتدا پانتۆڵیشە. لەلای چەپەوە لە شەقامە سەرەکییەکەوە دێت. ئەسپێکی وەهمی و گالیسکەیەکی پێیە کە چەند ڕەفەیەکی وەهمی کە شووشەی شیریان لەسەرە. دەنگی بەریەککەوتنی شووشەکان دەبیستریّ. چەند شووشەیەک شیر لە بەردەرگەی ماڵی"مسز وێب"دا دادەنێت.

بەسەر تەختەی شانۆدا تێ دەپەڕێت و لە ناوەڕاستدا دەوەستێت تا لەگەڵ دوکتۆر گیبزدا قسە بکات).

**هۆوی نیوسەم:** بەیانیت باش دوکتۆر.

**د. گیبز:** بەیانیت باش هۆوی.

**هۆوی نیوسەم:** کەس نەخۆش نەکەوتووە؟

**د. گیبز:** مسز گۆروسلاویسکی دووانەیەکی بووە.

**هۆوی نیوسەم:** دووانە! ئۆو.. ئەم شارۆچکەیە ساڵ بەساڵ زیاد دەکات.

**د. گیبز:** هۆوی، باران دەبارێت؟

**هۆوی:** نەخێر.. ڕۆژێکی ساماڵە.. هەرواش دەبێت. وەرە بێسی.

**د. گیبز:** هەلەو بێسی.



(دەست بە ئەسپەکەدا دەهێنێت کە لە ناوەڕاستی سەرەوەی شانۆدایە).

هۆوی تەمەنی ئەم ئەسپە چەند دەبێت.

**هۆوی:** نزیکەی حەڤدە ساڵ. لەوەتەی ماڵی لۆکهارت بەشە شیرەکەی خۆیان ناوێت بێسی ڕێگەکەی لێ تێکچووە. دەیەوێ هەر بەشە شیرەکەیان بداتێ و بەردەوام لەسەر ئەوە لۆمەم دەکات.

(دەگاتە ماڵی مسز گیبز کە چاوەڕێی دەکات).

**مسز گیبز:** بەیانیت باش هۆوی.

**هۆوی:** بەیانیت باش مسز گیبز. دوکتۆر وا بە ڕێگەوەیە.

**مسز گیبز:** بەڕاست؟ لەوە دەچێت ئەمڕۆ درەنگ هاتبێت.

**هۆوی:** بەڵێ.. جیهازەکەم شتێکی لێ هاتبوو، نەمزانی چییە.

(بەلای دوکتۆر گیبز دا دەڕوات کە لە ناوەڕاستی دواوەی شانۆدا وەستاوە).

دوکتۆر!

**د. گیبز:** هۆوی!

**مسز گیبز:** (لە نهۆمی سەرەوە هاوار دەکات) منداڵینە!

منداڵینە! هەڵسن لە خەو.

**هۆوی:** وەرە با بڕۆین بێسی.

(بەرەو لای ڕاست دەڕوات).

**مسز گیبز:** جۆرج! ڕێبیکا!

(دوکتۆر گیبز دەگاتە لای دەرگەی پشتەوەی خۆیان و بەناو دەرگەی باخچەکەدا دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان).

**مسز گیبز:** شتەکان ئاسان بەدەستەوە هاتن فرانک؟

**د. گیبز:** بەڵێ، هەروەکو لەدایکبوونی بەچکە پشیلە.

**مسز گیبز:** پاش کەمێکی تر گۆشتی بەرازەکە ئامادە دەبێت.

دانیشە و قاوەکەت بخۆرەوە. ئەی ناتوانیت بەم بەیانییە دوو سەعاتێک بخەویت؟

**د. گیبز:** هم!.. سەعات یانزدە مسز وێنتۆرپ دێت و دەزانم ئەویش بۆچی دێت.

گەدەی تەواو نییە.

**مسز گیبز:** فرانک گیبز، تۆ هەمووی بخەیتە سەریەک ڕۆژی سێ سەعات ناخەویت. نازانم چیت بەسەر دێت. حەزم دەکرد بمتوانیایە بتنێرم بۆ شوێنێک تێیدا کەمێک پشووت بدایە. وا هەست دەکەم ئەوە باش بێت بۆت.

**مسز وێب:** ئەمیلی! هەڵسە ڕۆژ بووەوە! والی! سەعات حەوتە.

**مسز گیبز:** دەڵێم وا چاکە قسەیەک لەگەڵ جۆرجدا بکەیت.

بەم دواییە لەوە دەچێت گۆڕابێت. ئێستا هیچ یارمەتییەکم نادات. تەنانەت ئێستا نایەڵم داریشم بۆ ببڕێتەوە.

**د. گیبز:** (لە دەستشۆرەکەدا دەستی دەشوات و پاشان وشکیان دەکاتەوە، مسز گیبزیش لای ئاگردانەکەوە مەشغوڵە).

**د. گیبز:** هیچ قسەیەکی ناشرین بەرامبەر بە تۆ دەکات؟

**مسز گیبز:** هەر خوتە و بۆڵەیەتی! بەردەوام خەیاڵی لای بەیسبۆڵە. جۆرج، ڕێبیکا! بۆ قوتابخانەکەتان درەنگە.

**د. گیبز:** ئممم...



**مسز گیبز:** جۆرج.

**د. گیبز:** جۆرج! خێراکە.

**دەنگی جۆرج:** بەڵێ بابە.

**د. گیبز:** (لەسەر شانۆ دەچێتە دەرەوە و دەدوێت).

گوێت لێ نییە دایکت بانگت دەکات. دەڵێم وا چاکترە بچمە سەرەوە و سەرخەوێک بشکێنم.

**مسز وێب:** والی! ئەمیلی! بۆ قوتابخانەکتان دەرەنگ دەبێت. والی! بڕۆن خۆتان باش بشۆن ئەگینا دێمە سەرەوە و خۆم دەتانشۆم.

**دەنگی ڕێبیکا گیبز:** دایە! کام کراسەم لەبەرکەم؟

**مسز گیبز:** مەقیژێنە! باوکت بەدرێژاییی ئەمشەو لە دەرەوە بووە و پێویستی بەوەیە بخەوێت.

کراسە شینەکەم بۆ شتوویت و بەتایبەتی بۆم ئوتوو کردوویت.

**ڕێبیکا:** دایە، من ڕقم لەو کراسەیە.

**مسز گیبز:** دەمت داخە و قسە مەکە.

**ڕێبیکا:** هەموو ڕۆژێک کە جل لەبەر دەکەم و بەرەو زانکۆ دەچم لە قەلەموونی نەخۆش دەچم.

**مسز گیبز:** بڕایەوە ڕێبیکا، تۆ هەرچییەک لەبەر بکەیت هەر جوانیت.

**ڕێبیکا:** دایە، جۆرج سابوونەکەم تێ دەگرێت.

**مسز گیبز:** ئێستا دێم و هەردووکتان بەر زللە دەدەم.

(دەنگی شووتی کارگەیەک دێت.

منداڵان دێنە ژوورەوە و لەسەر کورسییەکانی قوتابخانەیان

دادەنیشن. لای ڕاستەوە جۆرج دادەنیشێت کە تەمەنی شانزدە ساڵانە لەگەڵ ڕێبێکای یانزدە ساڵان. لای چەپەوە ئەمیلی و والی دادەنیشن کە هاوتەمەنن. کۆمەڵێک کتێبیان هەڵگرتووە کە بە قایش بەستراون).

**ب. شانۆ:** لە شارۆچکەکەماندا کارگەشمان هەیە. گوێتان لە شووتەکەی بوو؟ پەتۆ دروست دەکات. کارگەکە هی کارترایتەکانە و پارەیەکی باشیان لێ دەست کەوتووە.

**مسز وێب:** منداڵینە! ئەوەتان لێ قبووڵ ناکەم. نانی بەیانی هیچی لە ژەمەکانی تر کەمتر نییە. ڕازی نابم بەپەلە قووتی بدەن، ئەگینا نەشونما ناکەن.

بەڕاستیمە.. والی کتێبەکەت دابنێ.

**والی:** ئاخر دایە دەبێ تا سەعات دە هەموو شتێک دەربارەی کەنەدا بزانم.

**مسز وێب:** تۆ وەک من ئەو یاسایە دەزانیت. لەسەر مێزی نانخواردن نابێ کتێب هەبێت. من وام لا باشترە منداڵەکانم تەندروست بن نەک زیرەک.

**ئەمیلی:** دایە من هەردووکیانم. تۆ خۆشت ئەوە دەزانیت.

لە ناو هاوتەمەنەکانمدا من زیرەکترین کچم. هەرچییەکیشم بوێت بە ئاسانی لەبەری دەکەم.

**مسز وێب:** نانەکەت بخۆ.

**والی:** منیش زیرەکم، بەتایبەتی لە پوول کۆکردنەوەدا.

**مسز گیبز:** با باوکت خەبەری بێتەوە لەگەڵیدا باسی دەکەم. هەفتەی



٢٥ سەنت بەسە بۆ کوڕێک لە تەمەنی تۆدا. من نازانم تۆ لە چیدا خەرجی دەکەیت.

**جۆرج:** ئۆو دایە – زۆر شت هەن دەبێ بیانکڕم.

**مسز گیبز:** شلیک بە سیفۆن –هەمووی دەدەیت بەوە.

**جۆرج:** من نازانم ڕێبیکا ئەو هەموو پارەیەی لە کوێ بوو!

دۆلارێک زیاتری هەیە.

**ڕێبیکا:** (کەوچکێکی بەدەمەوەیە و وەک ئەوەن خەون ببینێت).

وردە وردە کۆم کردووەتەوە.

**مسز گیبز:** چاکە، کچە خۆشەویستەکەم، وا باشترە ناوبەناو شتێک بۆ خۆت بکڕیت.

**ڕێبیکا:** دایە، دەزانیت لە هەموو شتێک زیاتر حەزم لە چییە لەم دنیایەدا؟ دەزانیت؟ پارە.

**مسز گیبز:** نانەکەت بخۆ.

**ڕێبیکا:** دایە! ئەوە زەنگی یەکەمە –دەبێ خێراکەم.

هیچی ترم ناوێت.. دەبێ پەلە بکەم.

(منداڵەکان هەڵدەسن و دەست دەدەنە کتێبەکانیان و بە پەلە لە دەرگەکەوە دەچنە دەرەوە. لە ناوەڕاستی خوارەوەی شانۆ یەکدەگرنەوە و بەدەم قسەکردنەوە دەچن بۆ شەقامی سەرەکی و ئینجا بەلای چەپدا بادەدەنەوە –بەڕێوەبەری شانۆش بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە).

**مسز وێب:** خێرا بڕۆن، بەڵام پێویست ناکات ڕابکەن.

والی، پانتۆڵەکەت بەرەو سەروو ئەژنۆت هەڵکێشە.

ئەمیلی تۆش سەرت بەرزکەرەوە.

**مسز گیبز:** بە مس فۆستەر بڵێ گەرمترین پیرۆزبایی لێ دەکەم – ئەوەت بیرماوە؟

**ڕێبیکا:** بەڵێ دایە.

**مسز گیبز:** ڕێبیکا، هەر بەڕاستی شیک و جوانیت.

پێ هەڵگرە.

**هەموو:** بای.. بای.

(مسز گیبز بەرکۆشەکەی بەری پڕ دەکات لە خواردن بۆ مریشک و جووجەڵەکان و بەرەو ڕووناکییەکانی خوارەوە دادەبەزێت).

**مسز گیبز:** وەرن.. جیک جیک جیک.

نا تۆ نا.. بڕۆ.. بڕۆ.

وەرن.. جیک جیک جیک.

چیت لێ قەوماوە؟ شەڕ و شەڕ و شەڕ –بەردەوام ئەمە پیشەتە.

تۆ لە جوچکی من ناچیت. لە کوێوە هاتوویت؟

(بەرکۆشەکەی دەتەکێنێت).

ئۆو.. مەترسە. کەس ئەزیەتت نادات.

(مسز وێب لەسەر کورسییەک دانیشتووە لای دەرگەی باخچەکەوە، پاقلە دەکات بەپەتەوە)._

بەیانیت باش میرتل. لەگەڵ هەڵامەتەکەتدا چۆنیت؟

**مسز وێب:** ڕاستییەکەی تا ئێستاش هەست بە خورانێک دەکەم لە قوڕگمدا. بە چارلزم وت نازانم ئاخۆ دەتوانم ئەمشەو بچم بۆ



پرۆڤەی گۆرانییەکە لەگەڵ کۆرسەکەدا. دەنگم بەکەڵک نایەت.

**مسز گیبز:** ئەوەت تاقی کردووەتەوە بەدەنگی بەرز گۆرانی بڵێیت؟

**مسز وێب:** بەڵی، تاقیم کردەوە. بەڵام نازانم بۆچی کە دەنگ بەرز دەکەمەوە دەبێت بە نەشاز. ئیتر وتم با لەم کاتی پشووەدا بچم پاقلە بکەم بە پەتەوە.

**مسز گیبز:** (قۆڵی هەڵدەکات و بۆ قسە و باس بە شانۆکەدا بۆ لای ئەو دەپەڕێتەوە).

با یارمەتیت بدەم. ئەمساڵ بەرهەمی پاقلە باش بوو.

**مسز وێب:** بڕیارم داوە بڕێکی زۆری لێ وشک بکەمەوە ئەگەر کوشتووشمی. منداڵەکان دەڵێن حەزمان لێ نییە. بەڵام دیقەتم داوە زستانان دەیخۆن.

(بێدەنگییەکی کورت. دەنگێکی کەمی گارەگاری مریشکەکان دێت).

**مسز گیبز:** گوێ بگرە میرتیل. شتێکم پێیە دەمەوێ پێتی بڵێم، چونکە ئەگەر لای کەسێک نەیدرکێنم دەتەقم.

**مسز وێب:** خێر جولیا گیبز.

**مسز گیبز:** بمدەرێ، هەندێ پاقلەی ترم بدەرێ. میرتیل، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو کابرایەک کە کەلوپەلی کۆنە دەفرۆشێت نەهات بۆ لات؟

**مسز وێب:** نە.. نەخێـ.. ێـ..ر.

**مسز گیبز:** باشە. هات بۆ لام. سەرەتا وام زانی نەخۆشە و دەیەوێ دوکتۆر گیبز ببینێت. بەڵام خۆی کرد بە ژووری دانیشتنەکەماندا. میرتیل وێب، ئەو کابرایە سێ سەد و پەنجا

دۆلاری بۆ دۆلابەکەی دایەگەورە دامێ.

**مسز وێب:** بە ڕاستتە، جولیا گیبز؟

**مسز گیبز:** بەڵێ، بۆ ئەو دۆلابە شرە. شتێکی گەورە و زەبەلاحە، نازانم لە کوێدا دای بنێم. خەریکبووم هەروا بیدەم بە هیستەر ویلکۆکسی ئامۆزام.

**مسز وێب:** کەواتە دەیدەیتێ؟

**مسز گیبز:** نازانم.

**مسز وێب:** نازانیت؟ سێ سەد و پەنجا دۆلار! چیت بەسەر هاتووە؟

**مسز گیبز:** گوێ بگرە. ئەگەر بمتوانییایە وا لە دوکتۆر بکەم ئەو پارەیەی وەربگرتایە و سەفەرێکی ڕاستەقینەمان بۆ شوێنێک پێ بکردایە، ئەوا بێ سێ و دوو دەمفرۆشت. میرتیل. خۆت دەزانیت من بەدرێژاییی ژیانم خەونم بە سەفەرکردن بۆ پاریسەوە، بۆ فەرەنسا بینیوە. ئاھ.. نازانم، ڕەنگە ئەمە شێتی بێت، ساڵانێکە دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم فرسەتێکمان بۆ بێتە پێشەوە و..

**مسز وێب:** ئەی دوکتۆر لەو بارەیەوە دەڵێت چی؟

**مسز گیبز:** ڕاستییەکەی جارێک ئەو مەسەلەیەم لەگەڵدا باس کرد.

پێم وت ئەگەر شتێک پارەم بە میراتی بۆ مایەوە –قسەکەم ئاوا هێنایەوە – وتم سەفەرێکی پێ دەکەین.

**مسز وێب:** ئم_م_م.. ئەی ئەو چیی وت؟

**مسز گیبز:** تۆ خۆت دەزانیت چۆنە. لەوەتەی دەیناسم قسەیەکی جدیم لێ نەبیستووە. وتی: نەخێر. چونکە چوونی بەگەشت بۆ ئەورووپا



دەبێتە هۆی ئەوەی گرۆڤەرز کۆرنەرزی لە بەرچاو بکەوێت. لەبەرئەوە چاکتر وایە شتەکان وەکو خۆیان بمێننەوە. وای وت. هەر دوو ساڵ جارێک گەشتێک دەکات بۆ ئەو شوێنانەی شەڕی ناوەخۆ ڕووی داوە تێیاندا. ئیتر ئەوە بە کات بەسەربردن دەزانێت بۆ مرۆڤ. وا دەڵێت.

**مسز وێب:** ڕاست دەکەیت. مستەر وێب زۆر سەرسامە بە دوکتۆر گیبز لەبەرئەوەی هەموو شتێک دەربارەی شەڕی ناوەخۆ دەزانێت. مستەر وێب بەشێوەیەکی جدی بیر لەوە دەکاتەوە چاو لە ناپلیۆن بپۆشێت و شەڕی ناوەخۆ بخاتە جێی. بەڵام ئەوەی نائومێدی دەکات ئەوەیە کە دوکتۆر گیبز یەکێکە لە کەسە شارەزا و پسپۆڕە متمانە پێ کراوەکان لە ئەمەریکا.

**مسز گیبز:** ڕاستە، دوکتۆر گیبز ئەو کاتەی خۆشە کە لە ئەنتیتام و گێتسبۆرگ دەبێت. زۆر جار بەناو ئەو گردۆڵکانەدا گەڕاوین و میرتڵ، دەوەن بەدەوەن وەستاوین و لەو ناوە وردبووینەتەوە، وەک ئەوەی بیکڕین.

**مسز وێب:** باشە ئەگەر ئەو بازرگانە بەڕاستی دەیەوێ بیکڕێت، پێی بفرۆشە جولیا. ناوناو ئیشارەتێکی پێ بدە. وەک خۆشت دەزانیت من بەو جۆرە توانیم گەشتێک بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا بکەم.

**مسز گیبز:** ببوورە باسی ئەوەم کرد، بەڵام بەڕای من ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بێت بەر لە مردن؛ ئینسان دەبێ سەردانی وڵاتێک بکات کە خەڵکەکەی ئینگلیزی نازانن و تەنانەت حەزیشی لێ ناکەن.

(بەڕێوەبەری شانۆ بە پەلە لای ڕاستەوە دێتە سەر شانۆ. بەشەپقەکەی سڵاو لە خانمەکان دەکات، ئەوانیش بەسەر وەڵامی دەدەنەوە).

**ب. شانۆ:** سوپاس خانمان. زۆر سوپاس.

(مسز گیبز و مسز وێب شتەکانیان کۆدەکەنەوە و دەچنەوە ماڵەکانیان و لەچاو ون دەبن).

ئێستا چەند سەعاتێک تێ دەپەڕێنین.

بەڵام سەرەتا دەمانەوێ هەندێ زانیاریی زیاترمان لەبارەی ئەم شارۆچکەیەوە هەبێت. جۆرێک لە وەسفی زانستییانە.

هەربۆیە پرۆفیسۆر ویلاردم بانگ کرد تا کورتەیەکمان سەبارەت بە ڕابردووی شارۆچکەکەمان بداتێ.

پرۆفیسۆر ویلارد مامۆستایە لە زانکۆکەمان.

پرۆفیسۆر ویلارد لێرەیە؟

(پرۆفیسۆر ویلارد کە زانایەکی دێهاتییە و چاویلکەی بێ دەسکی لە چاودایە کە شریتی ئاوریشمیان پێوەیە، لای ڕاستەوە دێتە سەر شانۆ و دەفتەرێکی تێبینی بە دەستەوەیە).

فەرموون ئێوە و پرۆفیسۆر ویلارد کە مامۆستایە لە زانکۆکەمان.

مامۆستا؛ سوپاست دەکەین و تکایە بەکورتی لەبەرئەوەی ماوەکەمان دیاریکراوە.

**پرۆفیسۆر ویلارد:** گرۆڤەرز کۆرنەرز.. بابزانم..

گرۆڤەرز کۆرنەرز دەکەوێتە سەر گرانێت.





پلاستۆ سینیی کۆن لە زنجیرە چیای ئەپالاش دەتوانم بشڵێم کە لە کۆنترین ناوچەکانی دنیایە. ئێمەش زۆر شانازی بەوەوە دەکەین. چینێک لە بازالتی دیڤۆنی و پاشماوەی گڵی میسوزیکی و هەندێ توێژی بەردی لمین دەیبڕێن. بەڵام هەموو ئەمانە گۆڕانکاریی نوێن: تەمەنیان لە نێوان دوو سەد تا سێ سەد ملیۆنساڵێکدایە. هەندێ بە بەردبوونی سەیری تێدا دۆزراوەتەوە.. دەتوانم بڵێم بەبەردبووی دانسقەن. دوو میل لەولای شارۆچکەکەوە. لەو لەوەڕگای مانگایەی کە سایلس پیکام خاوەنیەتی. دەشتوانن هەر کاتێک ویستتان لە مۆزەخانەی زانکۆکەمان بیبینن. مەبەستم ئەوەیە هەر کاتێک کە گونجاو بوو. بەشێک لە سەرنجەکانی پرۆفیسۆر گروبەرتان بۆ بخوێنمەوە سەبارەت بە دۆخی کەشوهەوا و ڕادەی چڕی و شێ و... هتد؟

**ب. شانۆ:** دەترسم کاتی تەواومان بۆ ئەوە بە دەستەوە نەبێت، مامۆستا. بەڵام تکایە بەڵکو شتێکمان سەبارەت بە مێژووی ئادەمیزاد لەم ناوچەیەدا بۆ باس بکەیت.

**پرۆفیسۆر ویلارد:** بەڵێ.. زانیاریی ئەنپرۆپۆلۆجی. وەچەیەکی هیندۆ ئەمەریکاییی کۆن. هۆزەکانی کۆتاهاچی.. بەر لە سەدەی دەیەم هیچ بەڵگەیەکی تر نییە. ئحم_م.. ئێستا نەماون.. پێ دەچێ کاریگەریی لەسەر سێ بنەماڵە هەبووبێت. کۆچی وەچەیەکی ئینگلیزی کە زۆربەیان ملکورت و چاوشین لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا.. لەو کاتەشەوە هەندێ ڕەگەزی سەر بە سلاڤ و دەریای سپیی ناوەڕاست.

**ب. شانۆ:** ئەی ژمارەی دانیشتووان پرۆفیسۆر ویلارد؟

**پ. ویلارد:** لە ناو سنووری شارۆچکەکەدا: ٢٦٤٠ کەس.

**ب. شانۆ:** بەیارمەتیی خۆت مامۆستا.

(دەچرپێنێت بە گوێیدا).

**پ. ویلارد:** ئا بەڵێ.. بە ڕاست؟ ژمارەی دانیستووان لەم ساتەدا ٢٦٤٢ کەسە. بەگوێرەی دابەشکردنی پۆستەش ٥٠٧ ی دەچێتە سەر و بەوە دەبێت بە ٣١٤٩ کەس.

ڕادەی مردن و لەدایکبوون. بەپێی پێوەری ماکفێرسۆن جێگیرە: ٦,٠٣٢.

**ب. شانۆ:** زۆر سوپاس جەنابی پرۆفیسۆر، بە دڵنیاییەوە هەمووماند سوپاسگوزاری تۆین.

**پ. ویلارد:** شایانی نییە، شایانی نییە.

**ب. شانۆ:** فەرموو لێرەوە پرۆفیسۆر. دیسانەوە سوپاس.

(پرۆفیسۆر ویلارد دەچێتە دەرەوە).

ئێستاش ڕاپۆرتێک سەبارەت بە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی:

مستەر وێبی نووسەر –مستەر وێب؟

(مسز وێب لە دەرگەی پشتەوەی ماڵەکەیانەوە دەردەکەوێ).

**مسز وێب:** تۆزێکی تر دێت.. ئێستا سێوی دەخوارد دەستی خۆی بریندار کرد.

**ب. شانۆ:** سوپاس مسز وێب.

**مسز وێب:** چارلز! هەموو چاوەڕوانی تۆن.

(مسز وێب دەچێتە دەرەوە).



**ب. شانۆ:** مستەر وێب نووسەر و بڵاو کراوەی ڕۆژنامەی"چاودێر"ە لە گۆڤەرز کۆرنەرز. هەروەکو خۆشتان دەزانن "چاودێر" ڕۆژنامە ناوەخۆکەمانە.

(مستەر وێب لە ماڵی خۆیانەوە دێتە سەر شانۆ و هەوڵ دەدات قاپووتەکەی لەبەر بکات. پەنجەگەورەی بە دەستەسڕێک بەسراوە).

**مستەر وێب:** وابزانم پێویست ناکات ئەوەتان پێ بڵێم کە ئێمە لێرە ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو حوکممان دەکەن. پیاوان کە پێ دەنێنە ٢١ ساڵییەوە مافی هەڵبژاردنیان هەیە و، ژنانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانن دەنگ بدەن. ئێمە سەر بە چینی ناوەندی خوارەوەین: کۆمەڵێک پیشەوەر.. لە سەدا دەشمان کرێکاری نەخوێندەوارن. لە ڕووی سیاسیشەوە ٨٦ مان لە سەدا کۆماریخوازە و ٦ لە سەدا دیموکراسیخواز و ٤ لە سەدا سۆشیالیست و باقیش سەر بە هیچ لایەک نین.

لە رووی ئاینییشەوە، ٨٥ لە سەدا پرۆتستانتین و ١٢ لە سەدا کاسۆلیک و باقی بێلایەن.

**ب. شانۆ:** مستەر وێب هیچ ڕایەکی تایبەتتان هەیە؟

**مستەر وێب:** ئەگەر ڕای منت دەوێ شارۆچکەیەکی زۆر ئاساییە. ڕەفتاری خەڵکەکەی کەمێک باشترە لە زۆربەی شوێنانی تر. بەڵام پێ دەچێت وەڕسکەر بێت، بەڵام لاوەکانمان شارۆچکەکەی خۆیان زۆر خۆش دەوێت. لە سەدا نەوەدی ئەوانەی قوتابخانەی ئامادەیی تەواو دەکەن تێدا نیشتەجێ دەبن و ژیانیانی تێدا دەگوزەرێنن. تەنانەت دوای ئەوەی کە بۆ

خوێندن ماوەیەکی زۆر جێی دەهێڵن.

**ب. شانۆ:** ئێستاش، کەسێک هەیە لە ناو بینەراندا بیەوێ پرسیار ئاراستەی مستەر وێب بکات لەبارەی شارۆچکەکەمانەوە؟

ژنێک لە بالکۆنییەکەدا: ئایا لە گرۆڤەرز کۆرنەرز مەشروب زۆر دەخورێتەوە؟

**مستەر وێب:** لە ڕاستیدا خانم من نازانم مەبەستی تۆ لە زۆر چییە. شەوانی شەمووان کرێکارانی کشتوکاڵ لە تەویلەکەی ئێلیری گرینوف کۆ دەبنەوە و کات بەسەر دەبەن. لە شارۆچکەکەشدا یەک دوو مەست هەن، بەڵام کە واعیزێکی ئینجیلخوێن دێت بۆ شارۆچکەکە؛ هەست بە پەشیمانی دەکەن. نەخێر خانمەکەم – مەشروب خواردنەوە شەرتێک نییە لە ماڵەکانماندا.

مەگەر لە ئەجزاخانەکەی ماڵەوە. چونکە وەکو دەزانیت بۆ جێگازی مار شتێکی زۆر بەسوودە –بەردەوام وابووە.

کابرایەکی ئاژاوەچی لە دواوەی هۆڵەکە: ئایا لە شارۆچکەکەدا کەسانێک هەن ئاگەداری..

**ب. شانۆ:** بێزەحمەت دێیتە پێشەوە تا هەموومان گوێمان لێت بێت؟ – وتت چی؟

**کابرا:** ئایا لە شارۆچکەکەدا کەسانێک هەن ئاگەداری ستەمی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی بن لە بواری پیشەسازیدا؟

**مستەر وێب:** ئا بەڵێ، هەموو ئاگەدارن، شتێکی ناخۆشە. لەوە دەچێت زۆربەی کاتیان بە قسەکردن سەبارەت بەوە بەسەر بەرن کە کێ دەوڵەمەندە و کێ هەژارە؟



**کابرا:** ئەی کەواتە بۆ هیچ شتێک ناکەن.

(دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت).

**مستەر وێب:** ڕاستییەکەی نازانم.. وا هەست دەکەم ئێمەش وەکو هەموو خەڵکی بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێین کە بەهۆیەوە تەقەڵادەران و ئاقڵەکان دەگەنە لووتکە و تەوەزەل و ئاژوەچییەکانیش ڕۆدەچنە ناو زەلکاوەوە.

بەلام دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیە کارێکی ئاسان نییە. ئێمەش تا ئەو کاتە دێت ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین تا یارمەتیی ئەو کەسانە بدەین کە ناتوانن یارمەتیی خۆیان بدەن و ئەوانی تریش هەقمان نابێت بەسەریانەوە –هیچ پرسیارێکی تر هەیە؟

خانمێک لە لۆجێکدا: مستەر وێب، مستەر وێب، ئایا هیچ کەلتوورێک یان چێژ وەرگرتنێک بۆ جوانی هەیە لە گرۆڤەرز کۆرنەرزدا؟

**مستەر وێب:** لە ڕاستیدا مادام، ڕێژەیەکی زۆر نییە –بەو مانایەی کە تۆ مەبەستتە. ئەگەر بگەڕێین هەندێ کچ دەبینینەوە پیانۆ دەژەنن لە کاتی ئاهەنگی دەرچووندا لە قوتابخانەی ئامادەیی، بەڵام دڵیان پێ خۆش نییە. نەخێر خانم، کولتوورێکی وا فراوان نییە. بەڵام ڕەنگە ئێستا کاتی خۆی بێت تا پێت بڵێم کە لە چێژ بێبەش نین: ئێمە حەز لە خۆر دەکەین کاتێک بەیانیان لە شاخەوە هەڵدێت، هەروەها سەرنجی زۆر شتی باڵندەکان دەدەین و بایەخیان پێ دەدەین. سەرنجی گۆڕانی وەرزەکان دەدەین. بەڵێ، هەریەکێک لە ئێمە شتێکی لە بارەوە دەزانێت – بەڵام ئەوجۆرە شتانە –تۆ ڕاست دەکەیت مادام –شتێکی ئەوتۆ

نابینینەوە –ڕۆبنسـون کرۆزۆ و ئینجیل و ئۆپێرای "لارجـۆ"ی هاندل.. هەمـوومـان ئەمـانە دەزانـین، هەروەها تابلـۆی"دایک"ی ویستلەر –ئەمانە ئەو شتانەن کە ئێمە دەیانزانین.

**خانمەکە:** منیش هەر وای بۆچووم، سوپاس مستەر وێب.

**ب. شانۆ:** مستەر وێب، سوپاست دەکەم.

(مستەر وێب دەڕواتەوە).

ئێستـاش دەگەڕێینەوە بۆ شـارۆچکەکە. کات دوانیـوەڕۆیەکی زووە و دوو هەزار و شەش سەد و چل و دوو کەسەکە هەموویان نانی نیوەڕۆیان خواردووە و قاپ و کەوچکەکانیش شۆردراون.

(مستەر وێب قاپووتەکەی داکەندووەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و بە مەکینەی گیابڕینەکەوە لە پەنا ماڵەکەیدا کار دەکات).

هێمنیی دوانیوەڕۆیەکی زوو باڵی بەسەر شـارۆچکەکەماندا کێشـاوە: لە بینـای قوتابخـانەکـانەوە دەنگەدەنگ دێتە گـوێ. لەسەر شەقامەکە چەند عەرەبانەیەک هەن و ئەسپەکانیش لە تەویلەکاندا خەوتوون. ئێوە هەمـووتان ئەو دیمەنەتان دێتـەوە یاد. دوکتۆر گیبز لە عیادەکەی دەکێشێ بەسەر سنگی خەڵکدا و پێیان دەڵێت بڵێن:"ئاه". مستەر وێب خەریکی بڕینی گیای چیمەنی باخچەکەیەتی. لە دە پیاودا پیاوێک ئەوە بە شتێکی گرینگ دەزانێت کە مەکینەیەکی گیابڕینت هەبێت کە هی خۆت بێت و خۆت پاڵی پێوە بنێیت. ببوورن بەڕێزان. کاتەکە لەوە درەنگترە کە بۆی چووم. ئەوەتانێ وا منالان لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە.

(لای چەپی شانۆوە دەنگی ناسکی کچ دێتە گوێ).



(ئەمیلی کۆمەڵێک کتێبی پێیە و بە شەقامی سەرەکیدا دەڕوات. نیشانەی ئەوەی لێ دەردەکەوێ کە خۆی بە خانمێکی شیک و دڵڕفێن لە قەڵەم بدات).

**ئەمیلی:** ناتوانم لویس، دەبێ بچمەوە ماڵەوە و یارمەتیی دایکم بدەم. بەڵێنم داوەتێ.

**مستەر وێب:** ئەمیلی بەلارولەنجە بەڕێدا مەڕۆ. ئەمڕۆ خۆت بەکێ دەزانیت؟

**ئەمیلی:** باوکە تۆ زۆر سەیریت. کەڕەتێک پێم دەڵێیت ڕێک بوەستە، کەڕەتێک ناو و ناتۆرەم لێ دەنێیت.

ئیتر منیش گوێت لێ ناگرم.

(ماچێکی بچووکی دەکات).

**مستەر وێب:** ئای خوایە. هیچ خانمێکی گەورەی وەکو تۆ پێشتر ئاوا ماچی نەکردووم.

(لە چاو ون دەبێت. ئەمیلی دادەنەوێتەوە و لای دەرگەی ماڵەوەیان هەندێ گوڵ لێ دەکاتەوە).

(جۆرج گیبز دێت و کەڕەتێک بەلای ڕاستدا و کەڕەتێک بەلای چەپدا دەڕوات. تۆپێکی بە دەستەوەیە. بەئاسماندا هەڵی دەدات و دوایی دەیگرێتەوە. بۆیە هەندێ جار ناچار دەبێت بگەڕێتەوە دواوە. جارێک خۆی بە پیرێژنێکدا دەکێشێت کە ئێمە نایبینین).

**جۆرج:** زۆر داوای لێبووردن دەکەم مسز فۆرست.

**ب. شانۆ:** (دەوری مسز فۆرست دەبینێت) ئەرێ ڕۆڵە دەبڕۆرە ئەو

دەشتـە یاری بکە. ئاخر چۆن دەبێت لە ناوەڕاستی شـەقامـە سەرەکییەکەدا یاری بە تۆپ بکەیت.

**جۆرج:** زۆر داوای لێبووردن دەکەم مسز فۆرست.. هەلەو ئەمیلی.

**ئەمیلی:** هەلەو.

**جۆرج:** وتارێکی جوانت لە پۆلدا خوێندەوە.

**ئەمیلی:** سوپاس.

**ئەمیلی:** سوپاس.. لە ڕاستیدا وتارێکم دەربارەی"تێزەکەی مۆنرۆ" ئامادە کردبوو، بەڵام خاتوو کۆرکۆران لە دواساتدا هانی دام تا لەبری ئەوە قسە لەسەر"کڕینی ویلایەتی لویزیانا" بکەم . کاتێکی زۆرم بۆ تەرخان کردن.

**جۆرج:** ئا، شتێکی سەیرە. من لە پەنجەرەکەوە هەموو شەوێک سەرت دەبینم کە لە ژوورەکەت خەریکی سەعیکردنیت.

**ئەمیلی:** بە ڕاست؟ دەمبینیت؟

**جۆرج:** هەر بە ڕاستی تۆ کەسێکی کۆششکاریت ئەمیلی. نازانم چۆن دەتوانیت ئەو هەموو کاتە بێجووڵە دانیشیت. لەوە دەچێت حەزت لە قوتابخانە بێت.

**ئەمیلی:** ڕاستییەکەی من هەردەم خوێندن بە شتێکی پێویست دەزانم.

**جۆرج:** بەڵێ.

**ئەمیلی:** من بە قوتابخانە بێتاقەت نابم. بۆ کات بەسەربردن باشە.

**جۆرج:** بەڵێ، ئەمیلی، دەڵێیت چی ئەگەر جۆرە تەلگرافێک لە نێوان پەنجەرەکەی خۆت و خۆمدا دابنێین. ناوبەناو ئیشارەتێکم بدەیتێ بۆ حەلکردنی پرسیارەکانی جەبر.



مەبەستم وەڵامەکان نییە ئەمیلی. بێگومان نا. هەر ئیشارەتێکی بچووک و بەس.

**ئەمیلی:** ئۆ.. وابزانم ئیشارەتکردن شتێکی ڕێپێدراوە –کەواتە – ئا.. ئەگەر شتێکت لێ عاسی بوو جۆرج.. فیکەیەکم بۆ لێ بدە و منیش هەندێ ئیشارەتت دەدەمێ.

**جۆرج:** ئەمیلی وا هەست دەکەم تۆ هەر بە خۆڕسک وریا و زیرەکیت.

**ئەمیلی:** وا بزام ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە ئەو کەسە چۆن لە دایک دەبێت.

**جۆرج:** بەڵێ.. بەڵام دەزانیت من دەمەوێ ببمە جووتیار. لۆقای مامم دەڵێت هەر ئەوەندە بوومە جووتیار دەتوانم بچم لە کێڵگەکەی ئەودا کار بکەم. خۆ ئەگەر لێهاتوویێتیی خۆشم سەلماند؛ ئەوا ئەو وردە وردە کێڵگەکەی خۆیم بۆ جێ دەهێڵێت.

**ئەمیلی:** واتە خانوو و کەلوپەلەکانیشت بۆ جێ دەهێڵێت؟

(مسز وێب بەخۆی و تەشتێکەوە دێتە ژوورێ و لەسەر کورسییەک نزیک دەرگەی باخچەی ماڵەکەی دادەنیشێت).

**جۆرج:** بەڵێ. ئێستاش سوپاس.. وا چاکترە بچم بۆ یاریگای بەیزبۆڵەکە. سوپاس بۆ ئەم دەمەتەقێیە ئەمیلی، ئێوارەت باش مسز وێب.

**مسز وێب:** ئێوارەت باش جۆرج.

**جۆرج:** ئەمیلی خواحافیز.

**ئەمیلی:** خواحافیز جۆرج.

**مسز وێب:** ئەمیلی، وەرە و یارمەتیم بدە پاقلە بکەین بە پەتەوە بۆ

زستان. جۆرج گیبز بە ئیسراحەتی خۆی قسەی دەکرد. وانییە؟ چاک باڵاشی کردووە.
تۆ بڵێیت تەمەنی بووبێت بە چەند؟

**ئەمیلی:** نازانم.

**مسز وێب:** ئادەی بابزانم، ئا.. نزیکەی شانزدە ساڵە.

**ئەمیلی:** دایە، ئەمڕۆ لە پۆلدا وتارم خوێندەوە و زۆر باش بووم.

**مسز وێب:** لە کاتی نانی ئێوارەدا ئەمە بە باوکت بڵێ. بابەتی وتارەکەت چی بوو؟

**ئەمیلی:** "کڕینی ویلایەتی لویزیانا" بابەتەکە وەک ئاوخواردنەوە وابوو لەلام. ئیتر بەدرێژاییی هیابنم هەر خەریکی وتار خوێندنەوە دەبم. دایە درێژییەکەی ئەم پەتانە باشە.

**مسز وێب:** هەوڵ بدە درێژتر بن.

**ئەمیلی:** دایە ئەگەر پرسیارێکت لێ بکەم بە جد وەڵامم دەدەیتەوە؟

**مسز وێب:** بڵێ"بەجدی" نەک بەجد کچم.

**ئەمیلی:** بەجدی وەڵامم دەدەیتەوە؟

**مسز وێب:** بێگومان وەڵامت دەدەمەوە.

**ئەمیلی:** دایە، من جوانم؟

**مسز وێب:** بەڵی بێگومان جوانیت. منداڵەکانم هەمووویانم ڕووخساریان جوانە. ئەگەر وانەبوونایە شەرمم لە خۆم دەکرد.

**ئەمیلی:** ئۆو دایە، من مەبەستم ئەوە نییە. من مەبەستم ئەوەیە پێم بڵێیت ئاخۆ من جوانم؟

**مسز وێب:** پێم وتیت، بەڵێ. ئیتر بڕایەوە. دەموچاوت تا بڵێیت گەش و



جوانە. پێشتر شتی وا دەبەنگانەم نەبیستووە.

**ئەمیلی:** ئاخ دایە.. تۆ قەت ڕاستیی هیچ شتێکمان پێ ناڵییت.

**مسز وێب:** ئەوە نییە ڕاستییەکەم پێ وتیت.

**ئەمیلی:** دایە. تۆ جوان بوویت؟

**مسز وێب:** بەڵی جوان بووم. ئەگەر بۆم هەبێت وا بڵێم. دوای مامی کارتڕایت جوانترین کچی شارۆچکەکە بووم.

**ئەمیلی:** بەڵام دایە دەبێ شتێک لەبارەی منەوە بڵێیت: ئایا جوانییەکەم بەو ڕادەیەیە کە بتوانم وا لە یەکێک بکەم.. وا لە خەڵک بکەم بایەخم پێ بدەن؟

**مسز وێب:** ئەمیلی، تۆ بە پرسیار ماندووم دەکەیت. بەسە ئیتر. تۆ بەڕادەی پێویست جوانیت. ئێستاش وەرە و تەشتەکەش لەگەڵ خۆتدا بێنە.

**ئەمیلی:** ئاخ دایە، بەکەڵکی هیچ نایەیت.

**ب. شانۆ:** سوپاس بۆ هەردووکتان. سوپاس. ئەمە بەسە. ناچارم لێرەدا پێتان ببڕم. سوپاس مسز وێب. سوپاس ئەمیلی.

(مسز وێب و ئەمیلی دەچنەوە بۆ ناو ماڵەوە).

هەندێ شتی تریش هەن دەربارەی ئەم شارۆچکەیە کە دەبێ بیانزانین.

(دەچێتە ناوەڕاستی شانۆ. لە کاتی ئەم قسانەدا ڕووناکییەکانی شانۆ وردە وردە نامێنن و تاریکی باڵ بەسەر شانۆدا دەکێشێت بە تەنیا چەپکێک ڕووناکی نەبێت کە دەچێتە سەر ب. شانۆ).

وا بزانم کاتی خۆیەتی ئەوەتان پێ بڵێم کە بنەماڵەی کارتڕایت و هاوپشکەکانیان دەستیان کرد بە دروستکردنی بانکێکی نوێ لە گرۆڤەرز کۆرنەرز.. ویستم ئەوە نەڵێم؛ بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ئەوەی مەرمەڕیان دەست بکەوێت چوون بۆ ڤێرمۆنت. لە هاوڕێیەکی منیان پرسی بوو کە دەبێ لەگەڵ بەردی بناغەکەدا چی دابنێین تا دوای هەزار ساڵ خەڵکی دەری بهێننەوە و سەیری بکەن. بێگومان ڕۆژنامەیەکی نیویۆرک تایمز و ڕۆژنامەیەکی"چاودێر"یان دانابوو کە مستەر وێب دەری دەکات.. ئەمەش شتێکە بەلامانەوە گرینگە؛ لەبەرئەوەی هەندێ برای زانا ڕیگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ پاراستنی ڕۆژنامە و کاغەز بە کەتیرەی سیلیکەیت و بەو جۆرە تا هەزار یان دوو هەزار ساڵ لە تیاچوون دەیپارێزێت. هەروەها لەگەڵ بەردی بناغەکەدا ئینجیلێکیش دادەنێین.. لەگەڵ دەستوورێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شانۆنامەکانی شەکسپیر. دەڵێن چی خەڵکینە؟ ڕاتان چییە؟

ئێوە خۆتان دەزانن ڕۆژگارێک بابل دوو ملیۆن خەڵکی تێدا بووە. بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمە دەربارەی بابل دەیزانین بە تەنیا ناوی پاشاکان و هەندێ گرێبەستی گەنم و.. گرێبەستی فرۆشتنی کۆیلەیە.. ئەمە لە کاتێکا هەر خێزانێک لەو خێزانانە هەموو ئێوارەیەک بۆ نانخواردن دانیشتوون و سەرۆکی خێزانەکە لە کار گەڕاوەتەوە و دووکەڵیش لە دوو کەڵکێشەکانەوە بەرەو ئاسمان بەرز بووەتەوە –هەروەکو ئێستای خۆمان. تەنانەت یۆنان و ڕۆمانیش، ئەوەی سەبارەت



بە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک دەیزانین لەو سەردەمەدا لە چەند شیعرێکی قۆشمە و چەند شانۆنامەیەکی کۆمێدی تێ ناپەڕێت کە بۆ سەر شانۆ نووسیویانە.

لەبەرئەوە منیش دانەیەک لەم شانۆنامەیە لەگەڵ بەردی بناغەکەدا دادەنێم. ئیتر بەم جۆرە و دوای هەزار ساڵی تر خەڵک هەندێ ڕاستیی سادە سەبارەت بە ئێمە دەزانن –جگە لە پەیمانی ڤێرسای و تێپەڕینی لیندبێرگ.

ئێستا تێگەیشتن مەبەستم چییە؟

کەواتە –ئەی خەڵکینە، ئەی ئەوانەی دوای هەزار ساڵی تر دێن –ژیانمان بەم شێوەیە بوو لە هەرێمەکانی باکوری نیویۆرکدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا . بەمجۆرە بووین: لە لاوێتی و لە هاوسەرگیری و لە ژیان و مردندا .

(کورسێک کە لە شوێنێکی پێشەوەی شانۆدان و بە تەنیا بەشێکیان دیارن؛ دەست بە مۆسیقا دەکەن ئاوازی"ئەم پێوەندییە پیرۆز بێت" لێ دەدەن.

سیمۆن سبتیسمۆن ڕابەرایەتییان دەکات.

دوو پەیژە دەهێنرێنە سەر شانۆ، مەبەست لێیان ئاماژە دانە بە ماڵی گیبز و وێب.. جۆرج و ئەمیلی بەجیا بەسەر هەریەکە لە پەیژەکاندا سەردەکەون و خەریکی سەعیکردن دەبن. دوکتۆر گیبز هاتووەتە ژوورەوە و لەسەر کورسییەک لە مەتبەخەکەدا دانیشتووە و دەخوێنێتەوە).

ئێستاش! ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە. کات ئێوارەیە و وابزانم گوێشتان لە کۆرسەکەیە کە لە کڵێسا خەریکی مەشقن و

منداڵانیش لە ماڵەوە خەریکی سەعیکردنن. ڕۆژیش وەکو کاتژمێرێکی ماندوو دەجووڵێتەوە.

**سیمۆن ستیمسۆن:** ئێستاش هەمووتان سەیری ئێرە بکەن.

مۆسیقا بۆ ئەوە هاتووەتە ئەم دنیایەوە تا چێژ ببەخشێت. بوەستن –بوەستن. ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خۆتان دەربکەن کە دەڵێت مۆسیقا بە تەنیا کاتێک خۆشە کە بەرز بێت. مۆسیقای بەرز دابنێین بۆ میتۆدییەکان. لەوەدا دەرەقەتی ئەوان نایەن، ئەگەر بشتانەوێ.. دەی ئێستاش با دەست پێ بکەینەوە..

**جۆرج:** پست.. پست.. ئەمیلی.

**ئەمیلی:** هەلەو.

**جۆرج:** هەلەو.

**ئەمیلی:** ناتوانم ئیش بکەم. تریفەی مانگ چەند جوانە!

**جۆرج:** ئەمیلی، وەڵامی پرسیاری سێیەمت دۆزیوەتەوە؟

**ئەمیلی:** کام؟

**جۆرج:** سێیەم.

**ئەمیلی:** بەڵێ جۆرج.. لە هەموو پرسیارەکان ئاسانترە.

**جۆرج:** من نەمدۆزیوەتەوە ئەمیلی، ئیشارەتێکم دەدەیتێ؟

**ئەمیلی:** یەک شتت پێ دەڵێم: وەڵامەکەی بەیاردە.

**جۆرج:** یارد؟! چۆن؟

**ئەمیلی:** یاردی چوارگۆشە.

**جۆرج:** ئۆو.. یاردی چوارگۆشە؟

**ئەمیلی:** بەڵێ جۆرج، تێگەیشتیت؟



**جۆرج:** بەڵێ.

**ئەمیلی:** یاردی چوارگۆشەی کاغەزی دیوار.

**جۆرج:** کاغەزی دیوار. یا.. تێگەیشتم. زۆر سوپاس ئەمیلی.

**ئەمیلی:** شایانی نییە. مانگەکە چەند جوانە! کۆرسەکەش گۆرانی دەڵێن – ئەگەر هەناسەت ڕابگریت گوێت لە شەمەندەفەرەکە دەبێت بەدرێژاییی ڕێگەکە تا دەگاتە کۆنتوکوک. گوێت لێیە؟

**جۆرج:** ممم، وایە.

**ئەمیلی:** چاکە. وابزانم دەبێ بچمەوە ژوورەکە و هەوڵ بدەم ئیش بکەم.

**جۆرج:** شەوشاد ئەمیلی.

**ئەمیلی:** شەوشاد جۆرج.

**سیمۆن ستیمسۆن:** بەرلەوەی بیرم بچێتەوە چەندتان دەتوانن دوانیوەڕۆی سێشەمە لێرە ئامادە بن تا لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی فرید هیرسیدا گۆرانی بڵێن؟ دەستتان بەرز بکەنەوە. زۆر باشە. نایابە. هەمان ئەو مۆسیقایە دەژەنینەوە کە مانگی ڕابردوو لە ئاهەنگەکەی جەین ترۆبریجدا ژەنیمان. ئێستاش مۆسیقای"ئایا تۆ ماندوویت، ئایا تەمەڵیت؟" دەژەنین. خانمان، بەڕێزان، ئەمە پرسیارێکە و دەتوانن بەشێوەی قسە بیڵێنەوە. ئامادەن؟

**د. گیبز:** جۆرج، دەتوانیت بۆ یەک دەقیقە بێیتە خوارێ؟

**جۆرج:** بەڵێ باوکە.

(بە پەیژەکەدا دێتەخوارێ).

**د. گیبز:** ئیسراحەتی خۆت وەربگرە، لە دەقیقەیەک زیاتر ڕات ناگرم.

جۆرج، تەمەنت چەندە؟

**جۆرج:** تەمەنم؟ شانزدە ساڵ، نزیکەی حەڤدە.

**د. گیبز:** دوای ئەوەی خوێندنت تەواو کرد، بە تەمای چی بکەیت؟

**جۆرج:** تۆ خۆت دەزانیت باوکە، ئیتر بۆ لێم دەپرسیت؟

دەمەوێ ببمە جووتیار لە کێڵگەکەی لۆقای مامم.

**د. گیبز:** دەزانیت ئەوە یەعنی دەبێ بەیانیان زوو لە خەو هەڵسیت بۆ شیردۆشین و بردنی مەڕومالاَت بۆ لەوەڕ و.. کێلانی زەوی و ئارەقەکردنەوە تا ئێوارە؟

ئامادەیت ئەوە بکەیت؟

**جۆرج:** بێگومان، ئەوپەڕی ئامادەییم تێدایە.. بەڵام تۆ مەبەستت چییە؟

**د. گیبز:** باشە، جۆرج. ئەمڕۆ کە لە نووسینگەکەمدا بووم دەنگێکی سەیرم هاتە گوێ.. دەزانیت چی بوو؟

دایکت بوو داری دەبڕییەوە. ئەوەتانێ وەکو دەبینیت؛ دایکت زوو لە خەو هەڵدەستێت، بەدرێژاییی ڕۆژ چێشت لێ دەنێت، جل دەشتوات و ئوتووی دەکات –لەسەروو ئەوەشەوە؛ دەچێتە حەوشەکەی پشتەوە و داردەبڕێتەوە. لەوەدەچێت تاقەتی چووبێت لەوەی پێت بڵێت یارمەتیی بدەیت و لێت نائومێد بووە و بڕیاری داوە ئیتر خۆی ئەوەش بکات. تۆش ئەو چێشتە دەخۆیت کە ئەو لێی دەنێت و ئەو جلانە لەبەر دەکەیت کە ئەو بۆتی دەشوات، تۆش ڕادەکەیت و دەچیت بەیزبۆڵ دەکەیت. وەک ئەوەی ئەو کارەکەرێک بێت لە ماڵەکەدا و ئێمە خۆشمان نەوێت. دەمزانی کە پێویست بوو لەوە ئاگەدارت بکەمەوە. هانێ





کوڕم ئەم دەستەسڕەش بۆ تۆ. جۆرج، بڕیارم داوە خەرجییە هەفتانەکەشت بۆ زیاد بکەم و بیکەم بە بیست و پێنج سەنت. بێگومان ئەمەش لەبەرئەوە نییە کە ئیتر لەمەودوا دار بۆ دایکت دەبڕیتەوە، چونکە ئەوە وەکو دیارییەکە پێشکێش بەوی دەکەیت.. بگرە لەبەرئەوەیە کە گەورە بوویت و، وای بۆ دەچم کە پێویستییەکانت زۆر بوون تا بیانکڕیت.

**جۆرج:** سوپاس بابە.

**د. گیبز:** با بزانین، سبەینێ نۆرە خەرجیتە. دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت. لەوانەیە ڕێبیکاش هەست بکات پێویستە خەرجییەکەی زیاد بکرێ. نازانم دایکت چیی لێ هات. کۆرسەکە قەت لە مەشقدا وا دوانەکەوتوون.

**جۆرج:** بابە، هێشتا هەشت و نیوە.

**د. گیبز:** نازانم بۆ تا ئێستا لەو کۆرسەدا ماوە. دەنگی وەکو جاران نەماوە. دەڵێی قیڕەی قەلەڕەشێکی پیرە.. بەم شەوە لەو شەقامانەدایە.

هەست ناکەیت کاتی ڕاکشانت هاتووە؟

**جۆرج:** بەڵێ، بابە.

(جۆرج بە پەیژەکەدا دەچێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی).

لەلای چەپی شانۆوە گوێمان لە دەنگی پێکەنین دەبێت و ئەوەندەی پێ ناچێت مسز گیبز و مسز سۆمز و مسز وێب دەبینین لە شەقامە سەرەکیە کەوە دێن. کاتێک دەگەنە قوژبنی شانۆکە؛ ڕادەوەستن).

**مسز سۆمز:** شەوشاد مارتا. مستەر فۆستەر شەوشاد.

**مسز وێب:** بە مستەر وێب دەڵێم؛ دەزانم حەز دەکات لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی بکاتەوە.

**مسز جیبز:** ئاه.. زۆر درەنگە.

**مسز سۆمز:** ئیرما، شەوشاد.

**مسز گیبز:** بە ڕاستی پرۆڤەی گۆرانییەکە خۆش بوو، وانییە؟

میرتڵ وێب، سەیری مانگەکە بکە!

(تاوێک بە بێدەنگی سەیری مانگەکە دەکەن).

**مسز سۆمز:** ڕاستییەکەی من نەمویست لە بەردەمی ئەوانەدا قسە بکەم، بەڵام ئێستا هەر خۆمانین. بۆیە دەڵێم ئەوە ئەوپەڕی ئابڕووچوون بوو لەم شارۆچکەیەماندا.

**مسز گیبز:** ئابڕووچوونی چی؟

**مسز سۆمز:** سیمۆن ستیمسۆن!

**مسز گیبز:** نا.. لۆویلا.

**مسز سۆمز:** ئاخر جۆلیا ئەوە چیی پێ دەڵێن مۆسیقاژەنی کڵێسایەک شەو و ڕۆژ سەرخۆش بێت. خۆت ئاگات لێ بوو، ئەمشەویش سەرخۆش بوو.

**مسز گیبز:** وا مەڵێ لۆویلا! ئێمە هەموومان مستەر ستیمسۆن دەناسین، دەشزانین ژیانی پڕبوو لە گیروگرفت، دوکتۆر فیرگسۆنیش کە لەو کارەدا هێشتوویەتییەوە، قەیدی چییە با ئێمەش چاو لەوە بپۆشین.

**مسز سۆمز:** چاوی لێ بپۆشین! بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت.



**مسز وێب:** نا.. وا نییە لۆویلا. بەرەو باشبوون دەچێت. من ساڵانێک زۆر لە پێش تۆوە لەو کۆرسەدا بووم. ئێستا لە چاو جاراندا باشترە.. ئای خوایە، من لە شەوێکی وادا حەز ناکەم بچمە ناو جێوە – دەبێ خێرا بکەم – مناڵەکان هەموو شەو بەخەبەر دەبن.

شەوشاد لۆویلا.

(هەموویان شەوشاد لە یەکتری دەکەن. مسز وێب بەرەو لای پێشەوەی شانۆ دەچێت، دەچێتە ماڵەوەیان و لە بەرچاو ون دەبێت).

**مسز گیبز:** لۆویلا، دەتوانیت بە سەلامەتی بگەیتەوە ماڵەوە.

**مسز سۆمز:** دنیا وەکو ڕۆژی ڕووناک وایە. دەتوانم مستەر سۆمز ببینم چۆن لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستاوە و ڕووی گرژ و مۆنە. یەکێک ئاوا بمانبینێت وا دەزانێت لە ئاهەنگی سەمابووین.

(خواحافیزی لە یەک دەکەن. مسز گیبز دەگاتەوە ماڵەوە و لە دەرگەی باخچەکەوە بەرەو مەتبەخەکە دەچێت).

**مسز گیبز:** کاتێکی خۆشمان بەسەربرد.

**د. گیبز:** زۆر دواکەوتیت.

**مسز گیبز:** چۆن، فرانک، ئەوەندە دوانەکەوتووم.

**د. گیبز:** ئینجا وەستانەکەت لەو قوژبنەدا بۆ قسەوباس لەگەڵ ئەو هەڵەوەڕانەدا.

**مسز گیبز:** فرانک واز لە بۆڵەبۆڵ بێنە. وەرە با بچینە ناو باخچەکە و لەبەر تریفەی مانگدا بۆنی گوڵەبەڕۆژە بکەین.

(قۆڵ بە قۆڵی یەکدا دەکەن و بەلای گڵۆپە نزمەکاندا دەڕۆن).

دیمەنێکی جوان نییە؟ کە من لە ماڵەوە نەبووم خەریکی چی بوویت؟

**د. گیبز:** هەر خوێندنەوەکە نییە. ئەی باسی ئەمشەوی ژنان چی بوو؟

**مسز گیبز:** فرانک، بڕوام پێ بکە شت هەیە شایانی باسکردن بێت.

**د. گیبز:** ئحم! بەڵێ دەزانم. ستیمسۆن ناخۆشی کردووە. وانییە؟

**مسز گیبز:** زۆر خۆش بوو. تۆبڵێیت ئەمە بە چی کۆتایی بێت؟ بڕوا ناکەم دوکتۆر فیرگسۆن تا سەر لێی خۆش بێت.

**د. گیبز:** ئەوەی من دەربارەی سیمۆن ستیمسۆن دەیزانم کەسی تر لەم شارۆچکەیەدا نایزانێت. هەندێ کەس بۆ ئەوە دروست نەبوون لە شاری بچووکدا بژین. نازانم دەگات بەچی، بەڵام ئێمە هیچمان دەسەڵات نییە ئەوە نەبێت کە هەقمان بەسەریەوە نەبێت. وەرە با بچینە ژوورەوە.

**مسز گیبز:** نا، تاوێک چاوەڕێ بکە فرانک.. من نیگەرانی تۆم.

**د. گیبز:** بۆچی نیگەرانی منیت؟

**مسز گیبز:** وا هەست دەکەم ئەرکی سەرشانمە بەتەنگ حەسانەوەی تۆوە بێم. ئەگەر ئەو میراتییەم بۆ بمێنێتەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرم.

**د. گیبز:** گوێ بگرە جولیا، باسکردنەوەی ئەو مەسەلەیە شتێکی بێ مانایە.

**مسز گیبز:** فرانک، تۆ کەللەڕەقیت.

**د. گیبز:** (بەرەو ناو خانووەکەیان دەچێت).



وەرە جولیا، کات درەنگە. یەکەم سەرمات دەبێت و نەخۆش دەکەویت، دووەم: من ئەمشەو بە ڕاشکاوی لەگەڵ جۆرجدا قسەم کرد. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت دار دەبڕێتەوە. نا.. نا.. دەی سەرکەوە.

**مسز گیبز:** ئۆو خوایە. ئینسان تا زیاتر بژی شتی زیاتر دەبینێت.

فرانک دەزانیت مسز فیرچایەڵد بەردەوام دەرگەی حەوشەکەیان بە قفڵ دادەخات لە شەودا؟ هەموو ئەوانەی لەو گەڕەکەشدان وا دەکەن.

**د. گیبز:** (فوو لە چراکە دەکات)، ئەوانە خەریکن دەبن بە شاری. ئەوە کێشەکەیانە. ئەوانە چییان هەیە تا تاڵان بکرێن.. هەمووشیان ئەوە باش دەزانن.

(لەچاو ون دەبن، ڕێبیکا بە پەیژەکەدا سەردەکەوێت بۆ ئەو شوێنەی جۆرج لێی دانیشتووە).

**جۆرج:** ڕێبیکا وازم لێ بێنە. لای پەنجەرەکەوە لە یەک شوێن زیاتر نییە. تۆ بەردەوام هەموو شتێکم لێ تێک دەدەیت.

**ڕێبیکا:** باشە بهێڵە یەک دەقیقە سەیر بکەم.

**جۆرج:** بڕۆ لە پەنجەرەکەی خۆتەوە سەیر بکە.

**ڕێبیکا:** سەیرم کرد، بەڵام لەوێوە مانگ دیار نییە..

جۆرج، تۆ بڵێ بیر لە چی دەکەمەوە؟ دەڵێم لەوانەیە مانگ وردە وردە لێمان نزیک بێتەوە و لە پڕێکا تەقینەوەیەکی گەورە ڕوو بدات.

**جۆرج:** ڕێبیکا، تۆ هیچ نازانیت. ئەگەر مانگ نزیک بووایەتەوە،

ئەوانەی کە شەونخونی دەکەن و بە تیلیسکۆب سەیر دەکەن دەیانبینی و پێیان دەوتین و هەموو ڕۆژنامەکانیش باسیان دەکرد.

**ڕێبیکا:** جۆرج، ئاخۆ ئێستا لە ئەمەریکای باشوور و کەنەداو نیوەی جیهان؛ مانگ دەدرەوشێتەوە؟

**جۆرج:** لەوانەیە..

(ب. شانۆ بە شێنەیی دێت. بێدەنگییەک. دەنگی زیکەی قالۆنچەکان دەبیستریَ).

**ب. شانۆ:** سەعات نۆ و نیوی شەوە. زۆربەی گڵۆپەکان کوژاونەتەوە. نا.. کۆنستابل وارین لەسەر شەقامە سەرەکییەکە بەسەر دەرگەکاندا دەگەڕێت و دەیانپشکنێت. ئەوەش مستەر وێبە پاش ئەوەی لە دواکارەکانی ڕۆژنامەکەی بووەتەوە.

**مستەر وێب:** ئێوارەت باش بیڵ.

**کۆنستابڵ وارین:** ئێوارەت باش مستەر وێب.

**مستەر وێب:** مانگ چواردەی تەواوە.

**کۆنستابڵ:** هەر بەڕاست وایە.

**مستەر وێب:** ئەمشەو هەموو شتێک تەواوە؟

**کۆنستابڵ وارین:** هەر سیمۆن ستیمسۆن نەبێت؛ کەمێک لارەلار دەکات. ئێستا ژنەکەیم بینی بەدوایدا دەگەڕا، منیش خۆم لێ گێل کرد. ئەوەتانێ..

(سیمۆن ستیمسۆن لە شەقامی سەرەکییەوە دێت کە دەکەوێتە لای چەپەوە، کەمێک لارەلار دەکات).



**مستەر وێب:** ئێوارەت باش سیمۆن، زۆربەی خەڵکی شارۆچکەکە ئێستا لە ماڵەوەن.. چونکە شەوەکەی خۆشە.

(سیمۆن ستیمسۆن دێت بەرەو لای و تاوێک دەوەستێت و چاوی تێ دەبڕێت و ئینجا ڕووی لێ وەردەگێڕێت).

ئێوارەت باش، بەڵێ.. زۆربەی خەڵکی ئێستا لە ماڵەوەن سیمۆن.. وای بە باش دەزانم هەریەکێک لە ئێمەش بچێتەوە ماڵەکەی خۆی.

لەگەڵتا بێم؟

(سیمۆن ملی ڕێ دەگرێتەوە بەر بەبێ ئەوەی دەم هەڵبێنێتەوە و لای ڕاستی شانۆوە لە چاو ون دەبێت).

**کۆنستابڵ:** مستەر وێب، نازانم ئەمە بەچی کۆتایی دێت.

**مستەر وێب:** ئەو تووشی دنیایەک دەردەسەری بووە، یەک دوای یەک.. ئا.. بیڵ.. ئەگەر ئەو کوڕەی منت بینی جگەرەی بەدەمەوە بوو؛ ئامۆژگارییەکی بکە، باشە؟

چونکە ئەو زۆر حساب بۆ تۆ دەکات.

**کۆنستابڵ:** لەو بڕوایەدا نیم جگەرە بکێشێت مستەر وێب.

لەوانەیە لە ساڵێکدا دوو یا سێ جگەرەیەک بکێشێت.

**مستەر وێب:** ئحم.. هیوادارم وابێت.. چاکە.. شەوشاد بیڵ.

**کۆنستابڵ:** شەوشاد مستەر وێب.

(دەڕوات).

**مستەر وێب:** ئەوە کێیە لە سەرەوە لای پەنجەرەکەوە وەستاوە؟

تۆیت میرتڵ؟

**ئەمیلی:** نا.. منم باوکە.

**مستەر وێب:** ئەی ئەوە بۆ نەنووستوویت؟

**ئەمیلی:** نازانم.. جارێ خەوم نایەت. تریفەی مانگەکە زۆر جوانە باوکە. هەروەها گوڵەبەڕۆژەکانی باخچەکەی مسز گیبز، بۆنیان زۆر خۆشە.

بۆنیان دەکەیت؟

**مستەر وێب:** ئحم.. بەڵی.. پێم بڵێ هیچ مەراقێکت نییە خەوی لێ زڕاند بێتیت؟

**ئەمیلی:** مەراق! نەخێر باوکە.

**مستەر وێب:** کەواتە بە کەیفی خۆت کچم، بەڵام وریا بە دایکت نەتبینێت، شەوشاد ئەمیلی.

**ئەمیلی:** شەوشاد باوکە.

(مستەر وێب بە باخچەکەدا بەرەو ماڵەوە دەچێتەوە، بە فیکە گۆرانیی "ئەم پێوەندییە پیرۆز بێت" دەڵێتەوە و لە چاو ون دەبێت).

**ڕێبیکا:** من قەت باسی ئەو نامەیەم بۆ نەکردوویت کە لەلایەن قەشەکەوە گەیشتووە بە جەین کرۆفت کاتێک نەخۆش بووە. نامەیەکی بۆ جەین نووسیوە و ناونیشانی سەر زەرفەکەشی بەمجۆرە نووسیوە:

جەین کرۆفت

کێڵگەی بنەماڵەی کرۆفت

گرۆڤەرز کۆرنەرز



هەرێمی سەتۆن

ویلایەتی نیوهامپشایر

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

**جۆرج:** ئینجا ئەوە چ شتێکی پێکەنیناویی تێدایە؟

**ڕێبیکا:** بوەستە، ناونیشانەکە هێشتا ماویەتی:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

کیشوەری ئەمەریکای باکور

نیوەی جیهانی خۆرئاوا

گۆی زەوی

کۆمەڵەی خۆر

گەردوون

ئەوەی خوا دەیزانێت

ئائەمانەی لەسەر زەرفەکە نووسیبوو.

**جۆرج:** بەڕاست.

**ڕێبیکا:** کەچی پۆستەچییەکەش گەیاندبووی.

**جۆرج:** بەڕاست؟

**ب. شانۆ:** ئەمە کۆتاییی پەردەی یەکەم بوو هاوڕێیان.

ئێستاش دەتوانن بچنە دەرەوە و جگەرەیەک بکێشن، مەبەستم لەوانەیە کە جگەرەکێشن.

## پەردەی دووەم

مێزو کورسییەکانی دوو مەتبەخەکە هەر لەسەر شانۆن. بەڵام دوو پەیژەکە و کورسییە بچووکەکە نەماون.

بەڕێوەبەری شانۆش هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە چاودێریی بینەران دەکات کە وا خەریکن دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

**ب. شانۆ:** سێ ساڵ تێپەڕی.

بەڵێ، خۆریش زیاتر لە هەزار جار هەڵهات.

هاوینەکان و زستانەکان قڵیشیان خستە ناو کەژەکان و باراناویش خۆڵ و قوڕاوی شاخەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕامالّی.

ئەو منالە شیرەخۆرانەی کە ئەوسا لە دایک نەبووبوون وا خەریکن فێری قسە دەبن. هەندێک لەوانەش کە خۆیان بەلاو دەزانی ئێستا سەرنجیان داوە کە ناتوانن بە باز بەسەر پێپلیکانەدا سەربکەون؛ چونکە دڵیان دەکەوێتە پەلەپەل.

هەموو ئەم شتانە دەشێ لە ماوەی هەزار ڕۆژدا ڕوو بدەن. سروشتیش لەسەر کاری خۆی بەردەوامە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئیشی خۆی ئەنجام دەدات، هەندێ لە لاوەکان کەوتنە داوی خۆشەویستی و هاوسەرگیرییەوە. بەڵێ، شاخەکە تۆزێکی لێ کەل بووە و، ملیۆنەها گالۆن ئاویش بە ئاشەکەدا ڕۆیشتووە، لێرە و لەوێش هەندێ خانووی تازە دروست کراون.



کە من ئەو کەسانەی کە ناچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

دەزانن چی دەڵێم؟ لە شارۆچکەکەی ئێمەشدا ئەوە حاڵەتێکی دەگمەنە. هەروەها بە دەگمەن خەڵکێک دەبینیت لەم دنیایەدا بەر لەوەی بچێتە گۆڕەکەیەوە هاوسەرگیریی نەکردبێت. پەردەی یەکەممان ناونا ژیانی رۆژانە. ئەم پەردەیەش ناو دەنێین خۆشەویستی و هاوسەرگیری. بەدوای ئەمەشدا پەردەیەکی تر دێت؛ کە لەوانەیە بزانن ئەو پەردەیەش سەبارەت بەچی دەبێت.

کەواتە:

سێ ساڵ تێپەڕی. ئێستا ساڵ ساڵی (١٩٠٤)ە. ئەمڕۆش حەوتی جولایە، دوای تەواوبوونی ئاهەنگی دەرچوون لە ئامادەیی و ئەمە ئەو کاتەیە کە زۆربەی لاوەکان تێدا سەقامگیر دەبن و هاوسەرگیری دەکەن. هەر ئەوەندە دوا تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن لە ئەندازە و لە وتارەکانی شیشڕۆندا، ئیتر هەست دەکەن کاتی هاوسەرگیرییان هاتووە.

کات بەیانییەکی زووە، بەڵام ئەمجارەیان باران دەبارێت. بگرە باران بە لێزمە دەبارێت و هەورەکان دەگرمێنن. باخچەکەی مسز گیبز و باخچەکەی مسز وێب تێر ئاو بوون. تەنانەت لۆبیا و بەزالیاکانیش لە ئاودا نوقم بوون.

بەدرێژایی دوێنێش، باران لەسەر شەقامە سەرەکییەکە دەتوت پەردەیە و با دەیهێنێ و دەیبات. ئحم.. لەوانەشە کاتێکی تریش دابکاتەوە.

ئەوەتانێ گوێتان لە شەمەندەفەری سەعات پێنج و چل و پێنج دەقیقەیە کە بەرەو بۆستوون دەچێت.

(مسز گیبز و مسز ویّب دەچنە مەتبەخەکانیان و ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ دەکەن، وەکو پەردەی یەکەم).

ئەوەتانێ وا مسز گیبز و مسز ویّب دێنە خوارەوە تا نانی بەیانی ئامادە بکەن، وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی. وابزانم پێویست ناکات بەو خانمانەش بڵێم کە ئێستا لە ناو بینەراندان کە ئەم دوو ژنە ڕۆژی سێ ژەم خواردن دروست دەکەن. یەکێکیان بیست و پێنج ساڵە ئەمە حاڵێتی و ئەوی تریشیان چل ساڵە. بەبێ ئەوەی هاوینانیش پشوویەک بدەن.

هەر یەکێک لەمانە دوو منالّی پەروەردە کردووە و بەردەوام جلی شتووە و ماڵەکەی پاک کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەعسابیان تێک بچێت.

ئەمە هەر لەوە دەچێت کە یەکێک لە شاعیرەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوا وتوویەتی:

مرۆڤ پێویستە ژیانی خۆش بوویێت بۆ ئەوەی بژی هەروەها دەبێ بژی بۆ ئەوەی ژیانی خۆش بوویێت.

ئەمە پێی دەوترێ بازنەیەکی ئەبەدی.

**هاوی نیوسەم:** (لە دەرەوەی چەپی شانۆوە) – هەڵسە بیسی.

**ب. شانۆ:** ئەمە هاوی نیوسەمە، هاتووە شیر دابەش دەکات. سی کرۆویلیش ڕۆژنامە دابەش دەکات، جاران براکەی ئەو کارەی دەکرد.

(سی کرۆوێل دێتە سەر شانۆ و ڕۆژنامەی خەیاڵی فڕێ دەداتە بەر دەرگەی ماڵەکان، هاوی نیوسەمیش لەگەڵ بیسی دا لە شەقامە سەرەکییەکەوە دێن).



**سی کرۆوێل:** بەیانیت باش هاوی.

**هاوی نیوسەم:** بەیانیت باش سی. ڕۆژنامەکان شتێکی وایان تێدایە پێویست بکات بزانم؟

**سی کرۆوێل:** هیچ نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە باشترین یاریزانی بەیزبۆڵ لە گرۆڤەرز کۆرنەرزدا لە دەست دەدەین، واتە جۆرج گیبز.

**هاوی:** بەڕاست؟

**سی کرۆوێل:** گۆڵکەر و ڕاکەرێکی کارامەش بوو.

**هاوی:** بەڵێ. یاریزانێکی زۆر باش بیس لەسەرخۆت. یەعنی هەقی ئەوەم نییە کەمێک ڕابوەستم و قسە بکەم؟

**سی:** باشە من تێ ناگەم، چۆن بۆ ژنهێنانێک وازی لەوە هێناوە. هاوی ئەگەر تۆ لە جێی ئەو بوویتایە شتی وات دەکرد؟

**هاوی:** نازانم سی، من قەت بەهرەی وام نەبووە.

(کۆنستابل وارین دێتە ژوورێ. بەیانی باش لە یەک دەکەن).

بیل، ئەم بەیانییە زوو هەڵساویت.

**کۆنستابل:** دەگەڕێم بەدوا شتێکدا ئەو لافاوەی پێ بوەستێنم.

ئەمشەو ئاوی ڕووبارەکە هەر زیادی دەکرد.

**هاوی:** سی کرۆویل زۆر تووڕەیە، لەبەرئەوەی جۆرج گیبز واز لە یاری دەهێنێت.

**کۆنستابل:** بەڵێ بەڕێز.. ئیتر ئەمە سونەتی ژیانە. ساڵی ٨٤ یاریزانێکمان هەبوو؛ تەنانەت جۆرج گیبزیش هیچ نەبوو لە چاویدا. ناوی هانک تۆد بوو. چوو بۆ شارۆچکەی مەین و لەوێ

بوو بە قەشە. یاریزانێکی عەجایەب بوو، هاوی کەشوهەواکەت پێ چۆنە؟

**هاوی:** خراپ نییە. لەوانەیە دوایی بیکات بە سایەقە.

(کۆنستابل وارین و سی کرۆوێل دەڕۆن).

(هاوی نیوسەم یەکەم جار شیر دەبات بۆ ماڵی مسز گیبز. لە بەردەمی دەرگەی باخچەکەدا دەیبینێت).

**مسز گیبز:** هاوی، بەیانیت باش. ئەرێ تۆ بڵێیت هەمدیسان باران دابکاتەوە؟

**هاوی:** بەیانیت باش مسز گیبز. زۆر باریوە، وا هەست دەکەم ببێت بە سایەقە.

**مسز گیبز:** منیش حەز دەکەم ببێت بە سایەقە.

**هاوی:** ئەمڕۆ چەند شووشەت دەوێت؟

**مسز گیبز:** ئەمڕۆ ماڵەکەمان پڕ دەبێت لە خزم و ناسیاو. لەوە دەچێت پێویستم بە سێ شووشە شیر و دوو پارچە کەرە بێت.

**هاوی:** هاوسەرەکەم پێی ڕاگەیاندم کە پێت بڵێم هیوای بەختەوەرییان بۆ دەخوازین مسز گیبز.

دڵنیاشین کە بەختەوەر دەبن.

**مسز گیبز:** زۆر سوپاس هاوی. بە هاوسەرەکەت بڵێ پێم خۆش دەبێت بێت بۆ ئاهەنگەکە.

**هاوی:** بەڵێ، دێت. بێگومان پێی بکرێ دێت.

(هاوی نیوسەم بە شەقامەکەدا دەپەڕێتەوە بۆ ماڵی مسز وێب).

**مسز وێب:** بەیانیت باش مستەر نیوسەم. داوای چوار لیتر شیرم



کرد، بەڵام هیوادارم بتوانیت بیکەیت بە پێنج لیتر بۆم.

**هاوی:** بەسەرچاو خانم.. لەگەڵ دوو کەرەدا.

**مسز وێب:** تۆ بڵێیت بیکاتەوە بە باران مستەر نیوسەم؟

**هاوی:** ئێستا بە مسز گیبزم وت لەوانەیە بیکات بە سایەقە.

هاوسەرەکەشم پێی وتم پیرۆزبایی لە هەردووکیان دەکەین مسز وێب. دڵنیاشین بەختەوەر دەبن.

**مسز وێب:** سوپاس بۆ خۆت و هاوسەرەکەشت. هیوادارین لە زەماوەندەکەیاندا بتانبینین.

**هاوی:** بێگومان مسز وێب. هیوادارین بێین.

نابێ ئەو دەرفەتە لە دەست بدەین.

بیسی بابڕۆین.

(هاوی دەڕوات. دوکتۆر گیبز بەبێ چاکەت دادەبەزێت و لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی دادەنیشێت).

**د. گیبز:** بەڵێ دایە، ئەو ڕۆژە هات کە یەکێک لە بەچکەکانت لە دەست بدەیت.

**مسز گیبز:** گوێ بگرە فرانک گیبز. یەک قسەی تر نەکەیت. چونکە هەموو دەقیقەیەک قوڵپی گریان گەرووم دەگرێت. هەڵسە و قاوەکەت بخۆرەوە.

**د. گیبز:** زاوا هەڵساوە و وا ڕیشی دەتاشێت. بەڵام ئەوەندە ڕیشیشی نییە کە پێویست بە تاشین بکات. فیکە لێ دەدات و گۆرانی دەڵێت، دەڵێیت دڵی خۆشە جێمان دەهێڵێت. زووزووش بە ئاوێنەکە دەڵێت: (قبووڵم کرد)، بەڵام دەزانیت هەرچەند دەکەم

بڕوا ناکەم.

**مسز گیبز:** ڕاستت دەوێ فرانک، نازانم حاڵی چۆن دەبێت. جلەکانیم بۆ ئامادە کرد و دڵنیاش بووم کە جلی ئەستوور لەبەر دەکات. فرانک، ئەوان هێشتا منداڵن. بڕوا ناکەم ئەمیلی بیری لای ئەم شتانە بێت. بەخوا دەترسم لە هەفتەیەکدا سەرما ڕەقی بکاتەوە.

**د. گیبز:** جولیا، ئەو بەیانییەم هاتەوە یاد کە زەماوەندمان تێدا کرد.

**مسز گیبز:** فرانک گیبز واز لەو قسانە بهێنە.

**د. گیبز:** من ترسناکترین لاوی ویلایەتی نیوهامشایر بووم. دەمزانی کە هەڵەیەک دەکەم. کاتێکیش تۆم لە داڵانی کڵێساکەدا بینی، وام هەست کرد جوانترین کچیت، بەڵام کێشەکەی من ئەوەبوو پێشتر نەمبینیبوویت. ئیتر ئەوە بوو لە کڵێسادا خۆم بینییەوە کە ئافرەتێکی بێگانە دەکەمە هاوسەری خۆم.

**مسز گیبز:** تۆش بیهێنەرە بەرچاوی خۆت منیش هەستم بە چی کردووە. فرانک، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری شتێکی ترسناکە. گاڵتەجاڕییە.. هیچ نییە جگە لە گاڵتەجاڕی.

(سینییەک دەخاتە بەردەمی).

هانێ، ئەم خواردنەم بۆ دروست کردوویت.

**د. گیبز:** ئۆو جولیا هیرسی، ئەمە نانی برژاوی فەڕەنساییە.

**مسز گیبز:** دروستکردنی قورس نییە، منیش دەبووایە شتێکم بۆ ئامادە بکردیتایە.

(بێدەنگییەک. د. گیبز شەکری تواوەی تێ دەکات).



**د. گیبز:** جولیا دوێنێ شەو خەوت چۆن بوو؟

**مسز گیبز:** هەر گوێم لە زرنگەی سەعات بووە.

**د. گیبز:** بەڵێ.. بەڵێ.. هەرچەند بیر لەوە دەکەمەوە جۆرج دەبێت بە خاوەنی خێزان دڵم دادەخورپێت. ئەم هەتیوە درێژ و باریکە. گوێ بگرە جولیا. لەم دنیایەدا هیچ شتێک لە کوڕ بێزارکەرتر نییە. پێوەندیی نێوان باوک و کوڕ شتێکی زۆر قورسە.

**مسز گیبز:** بەڵێ، وە نەبێ پێوەندیی نێوان دایک و کچیش شتێکی زۆر خۆش بێت.

**د. گیبز:** دەردەسەرییان زۆر دەبێت. بەڵام ئەوە پێوەندیی بە ئێمەوە نابێت. هەرکەسەو بەرپرسیارە لە کێشە و گرفتی خۆی.

**مسز گیبز:** (لەسەر مێزەکەیە و قاوەکە دەخواتەوە و بیر دەکاتەوە)_ بەڵێ.. چارەنووسی ئینسان ئەوەیە کە دوو دوو پێکەوە بژین. شتێکی سروشتی نییە بە تەنیا بژین.

(ماوەیەک بێدەنگی، د. گیبز دەداتە قاقای پێکەنین).

**د. گیبز:** جولیا، پێت بڵێم کاتێک تۆم هێنا لە چی دەترسام؟

**مسز گیبز:** فەرموو، چی دەڵێیت بیڵێ.

**د. گیبز:** وتم دەترسم دوای چەند هەفتەیەک ئیتر نەزانین پێکەوە باسی چی بکەین.

(هەردووکیان پێ دەکەنن).

بڕوا بکە لەوە دەترسام قسەمان پێ نەمێنێت و لەسەر مێزی نانخواردن بە بێدەنگی دابنیشین. بەڵام ئەوەتانێ بیست ساڵ تێپەڕی و ئێمەش بەردەوام قسە لەگەڵ یەکدا دەکەین، بەبێ

دابڕانێکی دیار یان ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی.

**مسز گیبز:** بەڵێ، کەشوهەوا باشە، کەشوهەوا خراپە. ئەگەر ئەوە ناودەنێت قسەکردنێکی هەڵبژێردراو. بەڵام من هەموو کات قسەیەکم پێیە بۆ گوتن.

(دەچێتە خوارەوە).

هیچ گوێت لە ڕێبیکا نەبوو لە سەرەوە دەنگی بێت؟

**د. گیبز:** نەخێر گوێم لێ نەبووە. ئەمرۆ تاقە ڕۆژە لە ساڵدا کە ڕێبیکا خۆی لە ئیشوکاری کەسانی ئەم ماڵە هەڵنەقورتێنێت. لە ژوورەکەیدا خۆی حەشار داوە. وا هەست دەکەم بگری.

**مسز گیبز:** بۆ خاتری خوا، نابێ بگری. ڕێبیکا! ڕێبیکا! وەرە خوارەوە و نانەکەت بخۆ.

(جۆرج بەپەلە دێتە خوارەوە و پەیژەکە لە ژێر پێیدا جیڕەجیڕ دەکات).

**جۆرج:** بەیانیتان باش. تەنیا پێنج سەعاتم لە ژیاندا ماوە.

(دەست بۆ ملی خۆی دەبات وەک ئەوەی بە چەقۆ بیبڕێت و لاسایی دەنگی سەربڕاوێک دەکاتەوە (قخ –قخ) ئینجا دەیەوێ لە دەرگەی باخچەکەوە بچێتە درێ).

**مسز گیبز:** جۆرج، بۆ کوێ دەچیت؟

**جۆرج:** لە چیمەنەکە دەپەڕمەوە تا کچەکەی هاوڕێم ببینم.

**مسز گیبز:** گوێ بگرە جۆرج. پووتەکانت لە پێ بکە. باران بەخوڕ دەبارێت. نابێ ئاوا بچیتە دەرەوە.

**جۆرج:** ئاخ دایە! هەمووی هەنگاوێکە.



**مسز گیبز:** با واش بێت. سەرمات دەبێت و ئینجا لە کاتی ئاهەنگەکەتدا دەکەویتە کۆکە کۆک.

**د. گیبز:** جۆرج، بە قسەی دایکت بکە.

(د. گیبز دەچێتە قاتی سەرەوە جۆرج بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ مەتبەخەکە و وەک ئەوەی پووت لە پێ بکات).

**مسز گیبز:** لە سبەینێوە چۆن خۆت ئەدەی بە کوشت بیدە، بەڵام تا لەم ماڵەدا بیت دەبێ بە حیکمەتەوە بژیت. خواش دەزانێت! لەوانەیە مسز وێب هێشتا ڕانەهاتبێت سەعات حەوتی بەیانی پێشوازی لە میوان بکات. هانێ تۆ جارێ کوپێک قاوە بخۆرەوە.

**جۆرج:** تۆزێکی تر دێمەوە. (بە شانۆکەدا دەپەڕێتەوە، بەسەر گۆلاوەکاندا باز دەدات).

بەیانیت باش دایە وێب.

**مسز وێب:** وی خوایە.. ترساندمت! گوێ بگرە جۆرج، باش خۆت بتەکێنە و دەتوانیت بۆ تاوێک بێیتە ژوورەوە، بەلام خۆت دەزانیت کە ناتوانم بانگت بکەم بۆ ناو ماڵەوە.

**جۆرج:** بۆ؟

**مسز وێب:** جۆرج، تۆ دەزانیت نابێ زاوا لە ڕۆژی زەماوەندیدا بووکەکەی خۆی ببینێت پێش ئەوەی بچنە کڵێسا.

**جۆرج:** ئۆوا! ئەوە جگە لە خورافە هیچی تر نییە، بەیانیت باش مستەر وێب.

(مستەر وێب دێتە ژوورێ).

**مستەر وێب:** بەیانیت باش جۆرج.

**جۆرج:** مستەر وێب، تۆ بڕوات بەم خورافەیە نییە، وانییە؟

**مستەر وێب:** جۆرج، هەندێ خورافە هەن حیکمەتی خۆیان هەیە (لەسەر مێزەکە دادەنیشێت و ڕوو لە ڕاست دەکات).

خوارفەیەکە ملیۆنەها کەس پەیڕەویی کردووە، بڕوا ناکەم تۆش بتەوێ یەکەم کەس بیت ئەو نەریتە پێشێل بکەیت.

**جۆرج:** ئەمیلی چۆنە؟

**مسز وێب:** هێشتا هەڵنەساوە. دەنگی لێ نەهاتووە.

**جۆرج:** ئەمیلی خەوتووە!

**مسز وێب:** شتێکی سەیر نییە. بەدرێژاییی ئەمشەو خەریکی چنین و کۆکردنەوەی کەلوپەل بووین. گوێ بگرە. ئێستاش پێت دەڵێم چی دەکەم. تۆ دەقیقەیەک لێرەدا لەگەڵ مستەر وێبدا دانیشە و لێرە ئەم کوپە قاوەیە بخۆرەوە، منیش دەچمە قاتی سەرەوە تا دڵنیابم کە نایەتە خوارەوە و تووشی کتوپڕییەکت ناکات. کەمێک گۆشتی بەرازیش هەیە، بەڵام تکایە زۆر مەمێنەرەوە.

(مسز وێب دەچێتە دەرەوە).

–(بێدەنگییەکی نائاسایی).

(مستەر وێب رکێکێک دەکات بە قاوەکەدا).

(بێدەنگیی زیاتر).

(مستەر وێب لە پڕێکا و بەدەنگی بەرز) کەواتە، جۆرج، چۆنیت؟

**جۆرج:** (ڕادەچڵەکێت و خەریکە قاوەکە دەپەڕێتە قوڕگی).

ئۆو.. باشم.. من باشم. مستەر وێب، ئەو حیکمەتە چییە کە لە



خورافەیەکی وادا هەیە؟

**مستەر وێب:** چاکە، گوێ بگرە. لە ڕۆژی زەماوەندیدا؛ کچ مێشکی پڕە لە... جلوبەرگ و ئەم شت و ئەو شت. تۆش لەو بڕوایەدا نیت کە لەوانەیە حیکمەتەکە ئەمە بێت؟

**جۆرج:** ئمـ..مـ..م. بەڵێ.. من قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە.

**مستەر وێب:** لەو ڕۆژەدا لەوانەیە کچ ئەعسابی لەسەرخۆی نەبێت. (بێدەنگییەک).

**جۆرج:** خۆزگە پیاو دەیتوانی بەبێ ئەم ڕۆتینیاتە ژن بهێنێت.

**مستەر وێب:** جۆرج، هیچ پیاوێک نییە ئەم هەستەی لا دروست نەبووبێت، بەڵام بێ سوودە. کوڕم، ژنان خۆیان ئاهەنگی ژنهێنانیان دروست کردووە. لەبەرئەوە لەوەدا ئەوان خاوەن بڕیارن و پیاو دەورێکی ئەوتۆی نابێت. جۆرج، هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لەو بۆنەیەدا دەیانبینێت ڕیزبوون و شانیان بە شانی یەکەوەیە، بۆ ئەوەیە دڵنیابن کە ئەو پێوەندییە لە بەرچاوی ئەوان قایم دەکرێ.

**جۆرج:** بەڵام خۆت بڕوات بەوە هەیە مستەر وێب؟

**مستەر وێب:** (بەخۆشییەکی سادەوە).

ئۆ.. بەڵێ.. بەڵێ.. بەڵام بەخراپ لێم تێ مەگە کوڕم. هاوسەرگیری شتێکی زۆر خۆشە.. زۆر خۆش.. ئەوەت بیر نەچێت جۆرج.

**جۆرج:** نا بەڕێزم.. تۆ تەمەنت چەند بوو کە ژنت هێنا؟

**مستەر وێب:** ڕاستییەکەی تازە زانکۆم تەواو کردبوو و دەمویست

سەقامگیر بم. مسز وێب ئەوسا هەر لە تەمەنی ئێستای ئەمیلی دا دەبوو. تەمـــەن دەورێکی زۆر نابینێت جـــۆرج.. بەبەراورد لەگەڵ.. ئۆ.. هەندێ شتی تردا.

**جۆرج:** ویستت شتێک بڵێیت مستەر وێب؟

**مستەر وێب:** نازانم.. ویستم شتێک بڵێم؟

(بێدەنگییەک).

جۆرج، شەوێکیان ئەو ئامۆژگارییەم بیرکەوتەوە کە باوکم کردمی کاتێک ژنم هێنا. بانگی کردم و پێی وتم: چارلز. دەبێ هەر لە سەرەتاوە پێشانی بدەیت کامتان گەورەن، ئینجا وتی: باشترین شت ئەوەیە فەرمانێکی بەسەردا بدەیت، فەرمانەکە هەرچییەک بێت. تا فێری گوێڕایەڵیی بکەیت. پاشان وتی: ئەگەر شتێکی ژنەکەشت بێتاقەتی کردیت، بۆ نموونە قسەیەکی یان هەر شتێک، ئەوا بڕۆ و ماڵەوە جێ بهێڵە. ئیتر هەموو شتێکی لا ڕوون دەبێت. بەڵێ.. بەڵێ.. وای پێ وتم. وتیشی: وریا بە قەت نەیەڵیت ژنەکەت بزانێت چەندت پارە هەیە؟

**جۆرج:** بەڵام مستەر ویب بڕوا ناکەم من بتوانم..

**مستەر وێب:** من بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکەی باوکمەوە ڕەفتارم کرد و ئیتر لەو ڕۆژەوە بەختەوەرم. ئەمەش ببێتە دەرسێک بۆ تۆ. لە شتی تایبەتیی خۆتە! قەت ڕاوێژ بە کەس مەکە. جۆرج، ئەرێ تۆ بەتەمایت لە کێڵگەکەتدا مریشک ڕابگریت؟

**جۆرج:** چی؟

**مستەر وێب:** دەڵێم بەتەمایت لە کێڵگەکەتدا مریشک ڕاگریت؟



**جۆرج:** لۆکی مامم هەرگیز بایەخی بەوە نەداوە. بەڵام من بیرم لێ کردەوە..

**مستەر وێب:** چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کتێبێک بۆ نووسینگەکەم هات باسی ڕاگرتنی مریشک دەکات.

بە سیستمی فیلۆ. حەز دەکەم بیخوێنیتەوە.

بیر لەوە دەکەمەوە بەشێوەیەکی سنووردار لە حەوشەکەی پشتەوە شتێکی وابکەم. جیهازی هەڵهێنانەکەش لە ژێر زەمینەکە دادەنێم.

(مسز وێب دێتە ژوورێ).

**مسز وێب:** چارلز! هەمدیسان باسی ئەو جیهازە کۆنە دەکەیت؟

وام زانی باسی شتێکی باشتر دەکەن.

**مستەر وێب:** (بە قۆشمەیییەوە) باشە میرتڵ، ئەگەر دەتەوێ هەندێ ئامۆژگاریی کوڕەکە بکەیت، من دەچمە سەرەوە و بە تەنیا لێرە جێتان دەهێڵم.

(جۆرج هەڵدەسێتە سەرپێ).

**مسز وێب:** جۆرج، ئەمیلی دەبێ بێتە خوارەوە و نانی بەیانی بخوات. خۆشەویستیی بۆت هەیە، بەڵام نایەوێ بتبینێت. خواحافیزت بێت.

**جۆرج:** خواحافیز.

(جۆرج بەشانۆکەدا دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام بە دڵشکاوییەوە. خۆی لە ڕێژنەی بارانەکە دەپارێزێت و بەرەو ماڵەوە دەچێت).

**مستەر ویب:** میرتڵ، وابزانم تۆ ئەو خورافەیەت نەبیستووە کە لەمەیان کۆنترە.

**مسز ویب:** مەبەستت چییە چارلز؟

**مستەر ویب:** کاتێک ئادەمیزادەکان لە ناو ئەشکەوتدا دەژیان دەیانوت: نابێ زاوا لە ڕۆژی زەماوەندا لەگەڵ خەزووری خۆیدا دابنیشێت. بیرت کەوتەوە؟

(دەچنە دەرەوەی شانۆ).

**ب. شانۆ:** زۆر سوپاستان دەکەم مستەر ویب و مسز ویب.

ئێستاش ناچارم دیسانەوە قسەکانتان پێ ببڕم. لە ڕاستیدا دەمانەوێ بزانین ئەم هەموو شتە چۆن دەستی پێ کرد، ئەم هاوسەرگیرییە، ئەم نەخشەیە بۆ پێکەوە ژیانی دوو کەس. زۆر زۆر لام مەبەستە بزانم ئەم شتە گەورانە چۆن دەست پێ دەکەن.

هەڵبەت ئێوە دەزانن چۆنە: تەمەنت بیست و یەک یان بیست و دوو ساڵە، بڕیارێک دەدەیت، پاشان وشش. سەیر دەکەیت تەمەنت بووە بە حەفتا ساڵ، پەنجا ساڵیت لە پارێزەریدا بەسەر بردووە، ئەو ژنە سەرسپییەی تەنیشتیشت پەنجا هەزار جار نانی لەگەڵ خواردوویت.

ئەم شتانە جۆن دەست پێ دەکەن؟

ئێستا جۆرج و ئەمیلی ئەو وتووێژەتان بۆ دەخەنە ڕوو کە لە نێوانیاندا ڕووی دا؛ وەختێ زانییان کە.. کە.. هەروەکو دەڵێن.. چارەنووسیان ئەوە بوو بۆ یەکتربن.

بەلام بەرلەوە حەز دەکەم ڕۆژانی هەرزەکاری و لاویی خۆتان



بهێننەوە یادی خۆتان.. بەتایبەتیش ڕۆژانی سەرەتای هەستکردنتان بە خۆشەویستی. ئەو کاتانەی کە هەستتان دەکرد وەک کەسێک وان کە بەدەم خەوەوە دەڕوات بەڕێدا و ئەو شەقامەش نابینێت کە پێیدا دەڕوات و ئاگای لە قسەکانی دەوروبەریشی نامێنێت.

جۆرێک لە شێتیتان تێدا بوو. تکایە ئەوە بهێننەوە یادی خۆتان. ئێستا دەیانبینین کە سەعات سێ لە قوتابخانەی ئامادەیی دێنە دەرەوە.

جۆرج ئەوەندە نابێت بە سەرۆکی پۆلە بچووکەکە هەڵبژێردراوە، مانگ مانگی جوونە، ئەمەش واتە ئەو بەدرێژاییی ساڵی داهاتوو دەبێتە سەرۆکی پۆلە گەورەکە.

ئەمیلیش بەو دواییە وەکو سکرتێر و ئەمینداری سندووق هەڵبژێردراوە. پێویستیش ناکات پێتان بڵێم کە ئەوە چەند گرینگە.

(بۆردێک دەخاتە سەر دەسکی دوو کورسی، ئەم بۆردەی لە مێزەکەی ماڵی گیبز بردووە. دوو کورسیی زۆر بەرزیش دەهێنێت و دەیانخاتە پشتی بۆردەکەوە.

ئەو دووانەی لەسەر ئەم دوو کورسییەش دادەنیشن ڕوویان لە بینەران دەبێت.

دەنگی هەندێ لاو لە لای چەپی شانۆوە دەبیسترێ).

بەڵێ.. ئەوەتان وا لە شەقامە سەرەکییەکەوە هاتن.

(ئەمیلی بە خەیاڵ کۆمەڵێک کتێبی هەڵگرتووە. لە چەپی شانۆوە دێت).

**ئەمیلی:** لویزا.. ناتوانم. دەبێ بچمەوە بۆ ماڵەوە. خواحافیز.

ئێرنستین، ئێرنستین! دەتوانیت ئەمشەو بێیت بۆ ماڵمان تا سەعی لە لاتینیدا بکەین؟ ئەو شیشرۆیە ناخۆشترین بابەتە. بە دایکت بڵێ پێویستە پێکەوە سەعیی تێدا بکەین. بای بای هێلین.

بای بای فرێد.

(جۆرج پەیدا دەبێت، ئەمیش کتێبی پێیە).

**جۆرج:** ئەمیلی، با یارمەتیت بدەم و من کتیبەکانت بۆ هەڵگرم.

**ئەمیلی:** بە ساردییەوە ئۆو.. سوپاس.. هەرچەندە دووریش نییە. (کتێبەکانی دەداتێ).

**جۆرج:** یەک دەقیقە بە یارمەتیت ئەمیلی. گوێ بگرە بۆب.

ئەگەر من کەمێک دواکەوتم ئێوە دەست بە ڕاهێنان بکەن. شووتی بەرزیش لێ بدە بۆ هێرب.

**ئەمیلی:** خواحافیز لیزی.

**جۆرج:** خواحافیز لیزی.. زۆرم پێ خۆش بوو کە تۆش ئەمیلیت هەڵبژارد.

**ئەمیلی:** سوپاس.

(لەسەر شەقامە سەرەکییەکە وەستابوون، پاڵیان دابووەوە بە دیواری پشتەوەی شانۆوە. هەنگاویان بەرەو بینەران دەنا کە جۆرج وەستا و دەستی بە قسە کرد).

**جۆرج:** ئەمیلی. بۆچی لێم تووڕەیت؟

**ئەمیلی:** لێت تووڕەنیم.



**جۆرج:** بەم دواییانە وەکو بێگانەیەک ڕەفتارم لەگەڵ دەکەیت.

**ئەمیلی:** چاکە، مادام لێم دەپرسیت با منیش پێت بڵێم. جۆرج..

(لەم کاتەدا مامۆستایەکی خۆی دەبینێت بەوێدا تێ دەپەڕێت).

خواحافیز خانم کۆرکۆران.

**جۆرج:** خوات لەگەڵ خانم کۆرکۆران.

دەی.. پێم بڵێ.

**ئەمیلی:** (بەبێ سەرزەنشتیکردن.. بەڵام بە قورسی قسەکانی بۆ دەکرێ).

حەزم بەو گۆڕانکارییە نییە کە لەم ساڵەی دواییدا بەسەرتدا هاتووە. داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر قسەکانم هەستت بریندار بکەن، بەڵام پێویستە ئەوەی بەڕاستی دەزانم پێتی بڵێم و شەیتان شەرمەزار بکەم.

**جۆرج:** گۆڕانکاری؟! مە.. مەبەستت چییە؟

**ئەمیلی:** تا بەر لە ساڵێک زۆرم خۆش دەویستیت. سەرنجی هەموو شتێکیشتم دەدا.. لەبەرئەوەی ئێمە دەمێکە هاوڕێین.. پاشان وردە وردە هەموو کاتی خۆت بۆ یاری تۆپ تەرخان کرد و.. لەگەڵ کەسدا قسەت نەدەکرد، تەنانەت قسە لەگەڵ کەسانی خێزانەکەشتان ناکەیت.. جۆرج ئەوەی پێت دەڵێم هەقیقەتە.. تۆ زۆر لە خۆت بایی بوویت. کچەکانیش هەموو وات پێ دەڵێن.. لەوانەیە ڕووبەڕوو ئەوە بەخۆت نەڵێن؛ بەڵام لە پشتی سەرتەوە ئەوەت پێ دەڵێن.. تا ڕادەیەک منیش ڕام لەگەڵ ئەواندایە. داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر ئەم قسانەشم هەستت بریندار

بکەن.. بەڵام پەشیمان نیم لە قسەکانم.

**جۆرج:** من.. من زۆرم پێ خۆشە ئەو شتانەت پێ وتم ئەمیلی.. هەرگیز بەبیرمدا نەهاتووە گۆڕانکارییەکی وا تیامدا ڕوو بدات. وا هەست دەکەم کەس نییە بێ عەیب بێت.

(بە بێدەنگی یەک دوو هەنگاو دەنێن، پاشان بەماتییەوە ڕادەوەستن).

**ئەمیلی:** من هەردەم وا لە پیاو چاوەڕێ دەکەم کامڵ بێت، بەبڕوای من پیاو دەبێ کامڵ بێت.

**جۆرج:** ئۆو.. ئەمیلی ئەوە زەحمەتە.

**ئەمیلی:** بەڵام باوکم پیاوێکی کامڵە.. وەکو بشزانم باوکی تۆش هەر وایە. هیچ ڕێگرییەکیش نییە وا لە تۆش بکات وا نەبیت.

**جۆرج:** چاکە.. بەڵام من شتەکە بەپێچەوانەوە دەبینم.. پیاوان بە خۆڕسک باش نین.. بەڵام کچان بە خۆڕسک باشن.

**ئەمیلی:** بەڵام ئەوە باش بزانە کە من کامڵ نیم. بۆ کچ ئاسان نییە کامڵ بێت وەکو پیاو، لەبەرئەوەی کچان زۆر عەسەبیترن. ئێستاش.. داوای لێبووردن دەکەم ئەو شتانەم پێ وتیت. نازانم چی وای لێ کردم ئەو شتانەت پێ بڵێم.

**جۆرج:** ئەمیلی،..

**ئەمیلی:** ئێستا دەزانم ئەوەی وتم هیچ ڕاست نییە.

لە پڕێکدا هەستم کرد کە ئەو شتانە گرینگیش نین، بەهەرحاڵ.

**جۆرج:** ئەمیلی.. حەزت لە ئایسکرێم نییە بە سۆدا، یان هەر شتێکی تر.. بەرلەوەی بچیتەوە بۆ ماڵەوە؟



**ئەمیلی:** باشە، سوپاس.. پێم خۆشە.

(بەرەو ڕووی بینەران دەچن و بەلای ڕاستدا بادەدەنەوە و دەرگەی کۆگاکەی مستەر مۆرگان دەکەنەوە. ئەمیلی سەری کزکردووە لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی گەرموگوڕیدا. جۆرج لەگەڵ هەندێ ڕێبواردا قسە دەکات).

**جۆرج:** هەلەو ستۆ.. چۆنیت؟ ڕۆژباش مسز سلۆکام.

(ب. شانۆ چاویلکەی لە چاو کردووە و دەوری مستەر مۆرگان دەبینێت، لە پڕێکدا لای ڕاستەوە دێتە ژوورێ و لە نێوان بینەران و ئەو مێزەدا دەوەستێت کە بەلووعەی سۆداکەی لەسەرە).

**ب. شانۆ:** هەلەو جۆرج، هەلەو ئەمیلی، چیتان دەوێت؟

ئەوە چییە ئەمیلی وێب؟ بۆ دەگریت؟

**جۆرج:** (دەیەوێ بیانوویەک بهێنێتەوە).

لە ڕاستیدا.. لە ڕاستیدا زۆر ترسا مستەر مۆرگان.. خەریکبوو عەرەبانەی گوزەری ئاسنگەرەکان لێی بدات.

هەموو کەس دەزانێت تۆم هۆکینز زۆر شێتانە لێ دەخوڕێت.

**ب. شانۆ:** (لە بەلووعەکە کوپێک ئاوی دەداتێ) وەرەوە سەرخۆت! ئەم کوپە ئاوەش بخۆرەوە ئەمیلی. ڕەنگت پەڕیوە. بڕوا بکەن ئێستا وای لێ هاتووە ئەگەر بتەوێ لە شەقامە سەرەکییەکە بپەڕیتەوە دەبێ بەردەوام سەیری ڕاست و چەپی خۆت بکەیت. ساڵ بەساڵیش خراپتر دەبێت. حەز بە چی دەکەن؟

**ئەمیلی:** من حەزم لە چلیکە بە سۆدا. سوپاس مستەر مۆرگان.

**جۆرج:** نا.. نا ئەمیلی، ئایسکریم بخۆ بە سۆدا.. وەکو من.. دوو ئایسکریم بە سۆدا مستەر مۆرگان.

**ب. شانۆ:** (بەلووعەکان دەکاتەوە)_ دوو ئایسکریم بەسۆدا..

بەسەرچاو.. ئێستا سەد و بیست و پێنج ئەسپ لە گرۆڤەرز کۆرنەرز هەیە. دوێنێ پشکنەری ویلایەتم بینی. بە تەمان ئۆتومۆبێل بهێنن. ئیتر باشترین شت ئەوە دەبێت کە لە کونی ژوورەوە دانیشیت و لە ماڵ نەیەیتە دەرەوە.

بەبیرم دێ ڕۆژانێک ئەگەر سەگێکیش لەسەر ئەو شەقامە بخەوتایە؛ هیچ شتێک نەبوو خەبەری بکاتەوە و هەراسانی بکات.

(چاویلکە خەیاڵییەکەی دادەکەنێت).

فەرموون.. عافێتتان بێت

(مشتەرییەک دەبینێت لای ڕاستەوە دێت)

فەرموون مسز ئەلیس.

**ئەمیلی:** نرخەکان بەرزن.

**جۆرج:** نا.. نا.. نا بیر لەوە مەکەرەوە. ئێمە بۆنەی سەرکەوتنمان هەیە لە هەڵبژاردندا، هەروەها بۆنەیەکی تریشمان هەیە، دەزانیت چییە؟

**ئەمیلی:** نـ.. نـ.. نەخێر.

**جۆرج:** بۆنەی ئەوەی کە ئێستا هاوڕێیەکم هەیە هەموو ئەو شتانەم پێ دەڵێت کە پێویستە پێم بوترێن.

**ئەمیلی:** جۆرج تکایە بیر لەوە مەکەرەوە، نازانم چی وای لێ کردم



ئەوەت پێ بڵێم.. ئەوە ڕاست نییە.. تۆ..

**جۆرج:** نا، ئەمیلی. لەسەر ڕای خۆت سوور بە. من پێم خۆش بوو ئەو شتانەت پێ وتم. دەشبینیت زوو دەگۆڕێم. بەڵێن بێت خۆم دەگۆڕم.. داوای شتێکیشت لێ دەکەم ئەمیلی.

**ئەمیلی:** چییە؟

**جۆرج:** ئەمیلی، ئەگەر ساڵی داهاتوو چووم بۆ کۆلیجی کشتوکاڵ لە ویلایەت، بەڵێنم دەدەیتێ ناوبەناو نامەم بۆ بنێریت؟

**ئەمیلی:** بەڵێنت دەدەمێ. بەدڵنیاییەوە جۆرج.

(بێدەنگییەک. دەست بە خواردنەوەی سۆداکا دەکەن)، بەڵام دوای ئەوەی سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بێگومان پێوەندیت بە شتەکانی ئێرەوە روو لە نەمان دەکات. پاش ماوەیەک ئەو نامانەی لێرەوە، لە گرۆڤەرز کۆرنەرزەوە پێت دەگەن؛ ئەو تام و چێژەی جارانیان نامێنێت. گرۆڤەرز کۆرنەرزیش ئەگەر بەراوردی بکەیت بە نیوهامپشایر؛ شارۆچکەیەکی زۆر پڕ بایەخ نییە، بەڵام من خۆم لەو بڕوایەدام کە شارۆچکەیەکی زۆر دڵگیرە.

**جۆرج:** ئەو ڕۆژە نایەت کە وام لی بێت ئاگەداری هەموو شتەکانی ئێرە نەبم. ئەوەی دەیشیڵێم ڕاست وایە ئەمیلی.

**ئەمیلی:** باشە، هەوڵ دەدەم ئەو نامانەی دەیاننێرم بۆت سەرنجڕاکێش بن.

(ماوەیەک بێدەنگی).

**جۆرج:** دەزانیت ئەمیلی، هەر کە جووتیارێک دەبینم لێی دەپرسم ئاخۆ

ڕای سەبارەت بە کۆلیجی کشتوکاڵ و ڕۆڵی لە دروستکردنی جووتیاری سەرکەوتوودا چییە.

**ئەمیلی:** بەڵێ، جۆرج.

**جۆرج:** بەڵێ، هەندێ کەس دەڵێن بەتەنیا بە فیرۆدانی کاتە و هیچی تر. خۆ ئەگەر شتێکی پێویستیش بێت ئەوا دەکرێ ئەو زانیارییانە لە ڕێی ئەو نامیلکانەوە بەدەست بهێنرێن کە حکوومەت دەریان دەکات، جگە لەوە"لۆک"ی مامم تا بێت دەچێتە تەمەنەوە و لەوە دەچێت بیەوێت هەر لە سبەینێوە کێڵگەکەم بداتە دەست، ئەگەر من بتوانم بەڕێوەی بەرم.

**ئەمیلی:** ئۆو..

**جۆرج:** هەروەکو تۆش وتت، ئەو هەموو دوورکەوتنەوەیە.. لە شوێنێکی تر و ناسینی خەڵکی تر.. ئای خوایە.. ئەگەر قەرارە ئەو شتانە ڕوو بدەن، ئەوا هەر نامەوێ ئێرە جێ بهێڵم. چونکە من لەو بڕوایەدانیم ئەو خەڵکە تازەیەی دەیانناسم باشتر بن لە خەڵکە کۆنەکە. بگرە من دڵنیام کە لەوان باشتر نابن. پاشان ئەمیلی من وا هەست دەکەم تۆ باشترین هاوڕێیت بۆ من. لەبەرئەوە پێویست ناکات بچم بۆ ویلایەتێکی تر تا خەڵکی تر بناسم.

**ئەمیلی:** بەڵام جۆرج، لەوانەیە ئەوە زۆر گرینگ بێت بۆ تۆ کە سەفەر بکەیت و لەوێ هەموو شتێک سەبارەت بە بەڕێوەبردنی مەڕومالات و خاک و ئەو شتانە فێربیت.. بێگومان من نازانم.

**جۆرج:** (لە پاش وەستانێک، زۆر بەجدییەوە).

ئەمیلی. من هەر ئێستا بڕیاری خۆم دەدەم. سەفەر ناکەم. هەر ئەمشەویش ئەمە بە باوکم دەڵێم.



**ئەمیلی:** بۆ جۆرج؟ من نازانم بۆچی پێویستە هەر ئێستا بڕیار بدەیت؛ لە کاتێکدا ساڵێکی ڕەبەقت لە بەردەمدایە.

**جۆرج:** ئەمیلی، پێم خۆشە تۆ ئەوەت پێ وتم.. ئەو عەیبەی لە کەسێتیی مندا هەیە. ئەوەی وتت ڕاستە، بەڵام یەک هەڵەی تێدایە، ئەوەش ئەوەیە کە تۆ وتت لەم ساڵەی دواییدا لە خۆم بایی بووم و بۆ نموونە لە تۆش خۆم بە گەورەتر زانیوە. تۆ دەڵێیت سەرنجی شتەکانی منت داوە.. منیش دەڵێم هەروەها منیش هەمان شتم بەرامبەر بە تۆ کردووە.. بەڵێ.. بەردەوام بیرم لە تۆ کردووەتەوە وەک ئازیزترین کەسی خۆم. من بەردەوام دەمویست لەوە دڵنیابم کە تۆ لە ڕیزە کورسییەکاندا لە کوێدا دادەنیشیت، کێت لاوەیە. بۆ سێ ڕۆژیش دەچێت هەوڵ دەدەم تا ماڵەوە بتگەیەنمەوە، کەچی بەردەوام شتێک دەبوو بە کۆسپ لە ڕێمدا. بۆ نموونە دوێنێ لە پەنا دیوارەکەوە وەستابووم چاوەڕێم دەکردیت، تۆ هاتیت بەوێدا تێپەڕیت؛ بەڵام مس کۆرکۆرانت لەگەڵدا بوو.

**ئەمیلی:** جۆرج!.. ژیان شتێکی سەیرە! من چۆن بمزانیایە کە تۆ حەز دەکەیت بمگەیەنیتەوە ماڵەوە؟ ڕاستییەکەی من وام دەزانی..

**جۆرج:** گوێ بگرە ئەمیلی، ئێستا پێت دەڵێم کە بۆچی ناچم بۆ کۆلیجی کشتوکاڵ. بەبڕوای من مرۆڤ کاتێک کەسێک دەدۆزێتەوە و هۆگری دەبێت.. مەبەستم ئەوەیە ئەو کەسەش هەمان هەستی بەرامبەر بەم هەبێت؛ تا ئەو ڕادەیەی بایەخ بە ڕەفتار و کەسێتیی دەدات.. لەو بڕوایەدام ئەمە ئەوەندەی کۆلیجەکە گرینگە.. بگرە زۆر لە کۆلێجیش گرینگترە.. من وای

دەبینم.

**ئەمیلی:** منیش دەڵێم ئەوە زۆر گرینگە.

**جۆرج:** ئەمیلی.

**ئەمیلی:** بـ.. بەڵێ جۆرج.

**جۆرج:** ئەمیلی، من ئەگەر خۆم چاک کرد و گۆڕانکاریم لە خۆمدا کرد.. ڕازی دەبیت.. مەبەستم ئەوەی دەتوانیت ببیت..

**ئەمیلی:** من.. من.. ئێستا.. من هەموو کات هەر..

**جۆرج:** (دوای کەمێک بێدەنگی) کەواتە بە بۆچوونی من پێویست بوو ئەو قسە گرینگانە پێکەوە بکەین.

**ئەمیلی:** بەڵێ.. بەڵێ.

**جۆرج:** (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و لە دانیشتنەکەیدا خۆی ڕێک دەخاتەوە).

یەک دەقیقە چاوەڕێم کە و دەتگەیەنمەوە بۆ ماڵەوە.

(بەسڵێکی زۆرەوە لە گیرفانەکانیدا بەدوای پارەدا دەگەڕێت).

(لەلای ڕاستەوە بەڕێوەبەری شانۆ دێتە ژووری).

(جۆرج زۆر پەشۆکاوە، بەڵام ڕاستەوخۆ دەڵێت) مستەر مۆرگان دەبێ تا ماڵەوە بڕۆمەوە و پارەت بۆ بهێنم.

هەر دەقیقەیەکم پێ دەچێت.

**ب. شانۆ:** (وا دەنوێنێت تووڕەیە) ئەوە چییە! جۆرج گیبز، دەتەوێ پێم بڵێیت..!

**جۆرج:** بەڵێ، بەڵام بەهانەی خۆم هەیە. مستەر مۆرگان با ئەم سەعاتە ئاڵتوونەمت لا بێت تا پارەکەت بۆ دەهێنم.



**ب. شانۆ:** باشە، سەعاتەکەتم مەدەرێ، چونکە من متمانەم پێتە.

**جۆرج:** دوای پێنج دەقیقەی تر لەلاتم.

**ب. شانۆ:** من متمانەی دە ساڵیشم پێتە جۆرج، دە ساڵ، بەڵام یەک ڕۆژی نوقسان نەبێت – ئەمیلی، هاتیتەوە سەرخۆت؟

**ئەمیلی:** بەڵێ، سوپاس مستەر مۆرگان، هیچ نەبوو.

**جۆرج:** (کتێبەکان لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت).

من ئامادەم.

(بە ئارامی و سەنگینییەوە بەسەر شانۆکەدا و بەلای دەرگەی دواوەی باخچەکەی ماڵی وێبدا دەڕۆن و لە چاو ون دەبن.

ب. شانۆ سەیریان دەکات تا ون دەبن، پاشان بەرەو ڕووی بینەران دەچێت و چاویلکەکە لە چاوی دادەکەنێت).

**ب. شانۆ:** ئێستاش.. (وەکو ئاماژە دانێک چەپڵە لێ دەدات).

ئێستاش ئامادەین ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەتان پێشکێش بکەین.

(دەوەستێت و چاوەڕێ دەکات لە کاتێکا دیکۆرەکە بۆ دیمەنی دواتر دەگۆڕێت).

کرێکارەکانی شانۆکە کورسی و تەپڵەکەکان و هەردوو دەرگەکەی باخچەکانی ماڵی گیبز و وێب لادەبەن. لە ناوەڕاستی شانۆکەدا کورسییەکانی ناو کڵێساکە بەڕیز دادەنێن. ئەوانەی بۆ کەنیسەکە دێن ڕوویان لە دیواری پشتەوە دەبێت. ڕاڕەوی کەنیسەکەش لە ناوەڕاستی دیواری پشتەوە دەست پێ دەکات و بەرەو لای بینەران درێژ دەبێتەوە.

سەکۆیەکی بچووک بەرامبەر دیواری پشتەوە دادەنرێ و دواتر بەڕێوەبەری شانۆ لەسەری ڕادەوەستێت و دەوری قەشە دەبینێت. لەڕێی چرایەکی سیحرییەوە سێبەری پەنجەرەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە دیوارەکەی پشتەوە دەدرێ. کاتێک هەموو شتێک ئامادە دەبێت؛ بەڕێوەبەری شانۆ دەچێتە ناوەڕاستی شانۆ، سەری کز کردووە، تێ دەفکرێت و رووی قسەی لە بینەران دەبێت).

گەلێ شت هەن سەبارەت بە ئاهەنگی هاوسەرگیری بگوترێن و لە کاتی ئەم ئاهەنگەدا زۆر بیرۆکە هەن بە بیری مرۆڤدا ختووره دەکەن.

هەڵبەت ئێمە ناتوانین هەموو ئەم شتانە لە یەک ئاهەنگی هاوسەرگیریدا کورت بکەینەوە، بەتایبەتیش ئاهەنگێک لە گرۆڤەرز کۆرنەرز ساز بکرێ کە ئەم جۆرە ئاهەنگانە لێرە ساکارن و زۆریش کورتن.

لەم ئاهەنگی هاوسەرگیرییەدا من دەوری قەشە دەبینم. ئەمەش ڕێم پێ دەدات هەندێ شتی تریش بڵێم.

لە ئێستا بەدواوە، و بۆ ماوەیەک، شانۆنامەکەمان مۆرکێکی جدی بەخۆوە دەگرێت.

هەروەکو دەزانن هەندێ لە ئاینەکان دەڵێن کە هاوسەرگیری پێوەندییەکی پیرۆزە. من نازانم ڕێک مەبەستیان لەم قسەیە چییە، بەرلام تا ڕادەیەک بۆی دەچم. هەروەکو مسز گیبزیش بەر لە چەند دەقیقەیەک وتی: لە ناوچەوانی ئادەمیزادەکان نووسراوە کە دوودوو بەیەکەوە بژین.



ئەم هاوسەرگیرییە سەرکەوتووە، بەڵام خەڵکی بە جۆرێک لەگەڵ یەکدا کۆدەکرێنەوە کە تەنانەت لە هاوسەرگیریی سەرکەوتووشدا پەشۆکانێکی زۆر لە ناو ناخی کەسەکاندا دەنیشێت. لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی کە شتێکی لەم بابەتە بێتە ناو شانۆنامەکەی ئێمەشەوە.

پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەم دیمەنە لەسەر شانۆ بوونی نییە. ئێوەش دەزانن مەبەستم کێیە. هەروەکو ئەوروپاییەکیش دەڵێت؛ مەسەلەکە ئەوەیە کە هەر منداڵێک لەم جیهانەدا لە دایک دەبێت هەوڵێکی سروشتە بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی کامڵ. ئێستا بینیمان سروشت چۆن کاری خۆی دەکات. هەمووشمان دەزانین کە ئەوەی بەلای سروشتەوە مەبەستە چەندێتییە، بەڵام وا هەست دەکەم سروشت چۆنێتیشی بەلاوە مەبەست بێت، هەر ئەمەش وای کردووە من ببم بە قەشە.  شایەتەکانی تری ئەم هاوسەرگیرییەشتان لە بیر نەچێت –پێشینان – ملیۆنەها شایەت. زۆربەیان ئەوەیان لە ناوچەوان نووسرا کە دوو بەدوو بژین.. بگرە مۆیۆنەها لەوان.

چاکە.. وتارەکەی من تەواو. بەهەرحاڵ، زۆر درێژ نەبوو.

(ئۆرگۆنەکە ئاوازی"لارگۆ"ی هاندلی لێ بەرز دەبێتەوە. خەڵکەکە دێنە ناو کەنیسەکە و بە بێدەنگی دادەنیشن.

دەنگی زەنگەکانی کەنیسە دێنە گوێ. مسز گیبز لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشێت، یەکەم کورسیی لای ڕاڕەوەکە، بەدوایدا ڕێبیکا و دوکتۆر گیبز. لە لاکەی تریش مسز وێب و والی و مستەر وێب. کۆڕسێکی بچووک دێن و لە ژێر پەنجەرەیەکی

ڕەنگاوڕەنگدا ڕووبەڕووی بینەران دادەنیشن،.

مسز ویب، بەدەم ڕێوە بۆ شوێنەکەی خۆی، دەگەڕێتەوە و لەگەڵ بینەران قسە دەکات).

**مسز ویب:** نازانم چی وام لێ دەکات بگریم. وا هەست دەکەم شتێکی وا لە ئارادا نییە وام لێ بکات بگریم، کەچی ئەم بەیانییە لەسەر مێزی نانخواردن قوڕگم پڕبوو لە گریان. ئەمیلیش دانیشتبوو نانی لەگەڵماندا دەخوارد، هەروەک چۆن بەدرێژاییی حەڤدە ساڵی ڕابردوو ئەوە پیشەی بووە لەگەڵماندا، کەچی ئێستا دەچێت تا بۆ لەمەودوا ڕۆژانە لە ماڵی پیاوێکی تردا نان بخوات. وا بزانم ئەمە هۆی گریانەکەمە. ئەمیلیش لەپڕێکا وتی: تەواو، هیچی ترم پێ ناخورێ، ئەویشم خستە گریان.(دەڕوات تا لەسەر کورسییەکەی دابنیشێت، بەڵام دەگەڕێتەوە و دەڵێت)

ئاخ، دەبێ بیڵێم: دەزانن، چەند ناخۆشە بەم شێوەیە کچەکانمان بەشوو بدەین.

هیوادارم هەندێ لە هاوڕێکانی هەندێ شتیان فێر کردبێت. ئەوە دڵڕەقییە، من نەمتوانی شتێکی پێ بڵێم. من خۆشم لەوەدا وەکو شەمشەمەکوێرە خۆم پیاکرد.

(بەنیوەخۆشی و نیوەدڵتەنگییەوە).

ئەم دنیایە هەمووی هەڵەیە، ئەمە ئەسڵی کێشەکەیە.

وا هاتن.

(خێرا بەرەو شوێنەکەی خۆی لە ڕیزەکەدا دەچێت. جۆرج بە ڕاڕەوەکەی لای ڕاستی شانۆدا و لە ناو بینەرانەوە دێت. لە پڕێکا و لای ستوونەکەی ڕاستەوە سێ هاوڕێی یاریزانی پەیدا



دەبن، دەیکەن بە فیکە و هەرا. جلی یارییان لەبەردایە.)

**یاریزانەکان:** هێی جۆرج –جۆرج! زاوا هیمەتێک.

سەیری کەن برادەران! لە ترسدا زەندەقی چووە.

جۆرج خۆت فەقیر مەکە، پیرەی زۆرزان.

دەزانین بیر لە چی دەکەیتەوە. ئابڕووی تیپەکەمان نەبەیت پاڵەوان..

**ب. شانۆ:** باشە، باشە، ئیتر بەسە.

(بەدەم فیکە و هات و هەراوە ئاوڕ لە دواوە دەدەنەوە).

لە کۆندا ئاهەنگەکان پڕبوون لەمجۆرە هەراو هوریایانە. لە ڕۆما و پاش ڕۆماش.

بەڵام هەروەکو دەڵێن ئێمە ئێستا خەڵکانێکی شارستانیترین.

(کورسەکە گۆرانیی"خۆشەویستی خوا لە هەموو خۆشەویستییەکی تر بالاترە" دەڵێن. جۆرج دەگاتە سەر تەختەی شانۆ. تاوێک سەیری دانیشتووان دەکات، ئینجا چەند هەنگاوێک بەرەو لای ستوونی ڕاستی شانۆ دەکشێتەوە. دایکی، کە لەسەر کورسییەکی ڕیزی یەکەم دانیشتووە؛ هەست بە شڵەژانەکەی دەکات، هەڵدەسێت و بەرەو ڕاڕاوەکە دەچێت).

**مسز گیبز:** جۆرج، جۆرج! ئەوە چیتە؟

**جۆرج:** دایە. نامەوێ گەورەبم. بۆ هەموویان دەیانەوێ گەورەم بکەن؟

**مسز گیبز:** بەڵام جۆرج.. تۆ خۆت ئەوەت ویست.

**جۆرج:** نا.. دایە.. گوێ بگرە..

**مسز گیبز:** گوێ ناگرم جۆرج! تەواو.. بوویت بەپیاو.

**جۆرج:** گوێ بگرە دایە، بۆ دوا جار داوات لێ دەکەم.. من دەمەوێ هاوڕێیەکی ئازادبم..

**مسز گیبز:** جۆرج! یەکێک گوێی لێت بێت ئابڕوومان دەچێت.

**جۆرج:** (دێتەوە سەرخۆی و سەیرێکی دەوروپشتی خۆی دەکات).

چی؟ کوا ئەمیلی؟

**مسز گیبز:** (ئینجا دەحەسێتەوە).

جۆرج! ئەعسابمت ورد کرد.

**جۆرج:** دایە! دڵخۆش بە. ژن دەهێنم.

**مسز گیبز:** لێم گەڕێ با هەناسەیەک بدەم.

**جۆرج:** (ئارامی دەکاتەوە).

دایە، شەوانی پێنجشەمە لە ماڵی ئێوە دەبین. من و ئەمیلی هەموو ئێوارەیەکی پێنجشەمە بۆ نانخواردن دێین بۆ لای ئێوە.. دەشبینیت.. دایە ئێستا بۆ دەگریت؟ دەی با خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین.

(مسز گیبز بەسەر هەست و سۆزی خۆیدا زاڵ دەبێت، بۆینباخەکەی بۆ توند دەکاتەوە و دەچرپێنێت بە گوێیدا، لەم کاتەدا ئەمیلی بە جلی سپیی بووکێنییەوە دێت و دەچێتە سەر شانۆ. ئەمیش کاتێک چاوی بەخەڵکەکە دەکەوێت لە کەنیسەکەدا؛ دەترسێت. کۆڕسەکە دەست بە ژەنینی "ئاوازی پیرۆز بێت ئەم پێوەندییەی کە مرۆڤەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە").

**ئەمیلی:** لە هەموو ژیانمدا ئەوەندەی ئەمڕۆ هەستم بە تەنیایی نەکردووە. ئەوە جۆرجە لەوێدا وەستاوە.. دەڵێیت.. ڕقم لێیەتی.



خۆزگە ئێستا دەمردم بابە.

**مستەر وێب:** (لەسەر کورسییەکەی هەڵدەسێت و بەرەو لای ئەمیلی دەچێت).

ئەمیلی.. ئەمیلی.. مەترسە..

**ئەمیلی:** بەڵام، بابە من نامەوێ شوو بکەم..

**مستەر وێب:** شش.. شش. هەموو شتێک تەواوە.

**ئەمیلی:** ئەی بۆ تاوێک ئاوا نەمێنمەوە؟ با لێرە بڕۆین..

**مستەر وێب:** نا.. نا.. ئەمیلی. ئێستاش بەسە و کەمێک بیر بکەرەوە.

**ئەمیلی:** ئەی تۆ هەموو کات پێت نەدەوتم.. بەردەوام پێت دەوتم: منی کچی تۆم و بەس! زۆر شوێن هەیە بچین بۆی. ئێستا ئامادەم من ئیشتان بۆ بکەم و من ماڵەکەش بەڕێوەبەرم.

**مستەر وێب:** شش.. نابێ بیر لە شتی وا بکەیتەوە.. تۆ ئەعسابت ماندووە ئەمیلی.

(ئاوڕدەداتەوە و بانگ دەکات).

جۆرج! جۆرج! بەیارمەتیت، دەتوانیت تا ئێرە بێیت؟

(بەرەو لای جۆرج دەیبات).

تۆ شوو بە باشترین لاوی ئەم دنیایە دەکەیت. جۆرج کوڕێکی زۆر باشە.

**ئەمیلی:** بەڵام باوکە..

(مسز گیبز دەچێتەوە شوێنەکەی خۆی بەبێ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت. مستەر وێب قۆڵێکی دەخاتە سەر کەمەری کچەکەی و ئەوی تریشی دەخاتە سەر شانی جۆرج).

**مستەر وێب:** جۆرج، من ئەم کچەی خۆمت دەدەمێ.

لەو بڕوایەدایت بتوانیت  ئاگات لێی بێت.

**جۆرج:** مستەر وێب، دەمەوێ.. دەمەوێ.. هەوڵی ئەوە بدەم.. ئەمیلی، ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم. ئەمیلی من تۆم خۆش دەوێت. پێویستیشم پێتە.

**ئەمیلی:** باشە، ئەگەر منت خۆش بووێت. مەبەستم لەوەیە ئەوەی من دەمەوێ ئەوەیە کەسێک هەبێت خۆشی بوێم.

**جۆرج:** ئەمیلی خۆشم دەوێیت.. هەوڵ دەدەم..

**ئەمیلی:** مەبەستم ئەوەیە بۆ هەتا هەتایە. باشە؟ بۆ هەتا هەتایە و هەتا هەتایە.

(باوەش بەیەکتردا دەکەن، ئاوازی مارشێک دێتە گوێ کە لە دانانی لۆهینگرینە).

بەڕێوەبەری شانۆ، بەو سیفەتەی قەشەیە، لەسەر سەکۆکەی سەروو شانۆ لە ناوەڕاستدا ڕادەوەستێت).

**مستەر وێب:** وەرە، چاوەڕێمانن. ئێستا بۆت دەرکەوت کە هەموو شتێک بە دڵی تۆیە، خێرا وەرە کچم.

(جۆرج دەڕواتە تەنیشت بەڕێوەبەری شانۆوە، واتە قەشە. ئەمیلی لە ڕاڕەوەکەدا دەڕوات و قۆڵی لە قۆڵی باوکیدایە)._

**بەڕێوەبەری شانۆ:** جۆرج، تۆ قایلیت ئەم کچە، ئەمیلی، بکەیت بە هاوسەری خۆت، تا..

(مسز سۆمز کە لە ڕیزی دواوە دانیشتووە لە کەنیسەکەدا ئاوڕ لە دراوسێکانی دەداتەوە و بە دەنگێکی تیژ قسەیان لەگەڵ



دەکات و دەنگی بەسەر دەنگی قەشەکەدا زاڵ دەبێت).

**مسز سۆمز:** بە ڕاستی هاوسەرگیرییەکی خۆشە. خۆشترین ئاهەنگی هاوسەرگیرییە. چەند حەزم لە هاوسەرگیریی سەرکەوتووە. ئەی ئێوە؟ توخوا بووکەکە جوان نییە؟

**جۆرج:** قایلم.

**ب. شانۆ:** ئەمیلی، ئەی تۆ قایلیت ئەم پیاوە، جۆرج، ببێت بە هاوسەرت؟..

(دیسانەوە دەنگەدەنگی مسز سۆمز بەسەر دەنگی قەشەدا زاڵ دەبێت).

**مسز سۆمز:** بیرم نایەت زەماوەندی وا خۆشم بینیبێت. کەچی دایم دەگریم، نازانم بۆ. بەردەوام ئەمە حاڵمە. ڕاستییەکەی زۆرم پێ خۆشە گەنجەکانمان دڵیان خۆش بێت. ئەرێ توخوا ئێوەش وانین؟ ئای.. چەند قۆزە!

(ئەڵقە لە دەستکردن..

ماچ..

لە پڕێکا هەموو لە جووڵە دەکەون و شانۆکە دەبێت بە تابلۆیەکی بێدەنگ.

بەڕێوەبەری شانۆ، چاوی دوور دەڕوانێت و وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت).

**ب. شانۆ:** پەیمانی هاوسەرگیریم بۆ زیاتر لە دوو سەد ژن و پیاو ئەنجام داوە لە ژیانمدا. ئایا باوەڕم بە هاوسەرگیری هەیە؟

نازانم.

میم شوو بە نوون دەكات.. ملیۆنەها لەو بابەتە. ماڵ، عەرەبانەی منداڵ، پیاسەی دوانیوەڕۆی ڕۆژانی پشوو لە فۆرددا، یەكەم ڕۆماتیزم، كوڕەزا و كچەزا، ڕۆماتیزمی دووەم، پێخەفی مردن، وەسیەتنامە..

(بۆ یەكەم جار سەیری بینەران دەكات، لەگەڵ زەردەخەنەیەكدا كە هەرچی مانای گاڵتەوگەپە تێدا نییە و لەم ڕستەیەوە دەست پێ دەكات).

لە هەزار جاردا جارێك شتەكە خۆشە.

ئێستاش با گوێ لە"مارشی هاوسەرگیری"ی مێندلسۆن بگرین.

(ئۆرگۆنەكە دەست بە ئاوازەكە دەكات. بووك و زاوا بە ڕووخۆشییەوە دەچنە ڕاڕەوەكەوە و هەوڵ دەدەن زۆر سەنگین بن).

**مسز سۆمز:** بووك و زاوایەكی چەند جوانن! لە ژیانمدا ئاهەنگی وا خۆشم نەدیوە. من دڵنیام بەختەوەر دەبن. هەموو كات دەڵێم: بەختەوەری، ئەوە گەورەترین شتە؛ گرینگترین شت ئەوەیە لە ژیاندا بەختەوەر بیت.

(بووك و زاوا دەگەنە ئەو پلیكانەیەی بەرەو لای بینەران دەچێت. ڕووناكییەكی زۆریان لێ دەدرێ. دادەبەزنە ناو هۆڵەكەوە و بە دڵخۆشییەوە بە ڕاڕەوەكەدا دەڕۆن).

**ب. شانۆ:** ئەمە هەموو شتەكانی پەردەی دووەم بوو. ئێستاش دە دەقیقە پشوو بدەن.



## پەردەی سێیەم

(لە كاتی پشوودا بینەران كرێكارەكانی شانۆ دەبینن كە چۆن لای ڕاستەوە دیكۆرەكە دەگۆڕن، لای ڕاستەوە و كەمێك لە ناوەڕاستدا دە دوازدە كورسیی ئاسایی بە سێ ڕیز دانراون كە بۆشاییان لە نێواندایە و ڕوویان لە بینەرانە.

ئەمانە گۆڕن لە گۆڕستاندا.

لە كۆتاییی پشووەكەدا ئەكتەرەكان دێنە سەر شانۆ و دەچنە سەر كورسییەكان. ڕیزی پێشەوە بریتییە لە: ناوەڕاستی شانۆ: كورسییەكی بەتاڵ، ئەوی تر مسز گیبزە و سێیەمیش سیمۆن ستیمسۆنە.

ڕیزی دووەم: مسز سۆمز و ئەوانی تر.

ڕیزی سێیەم: والی وێب.

مردووەكان سەر و چاویان بە هیچ لایەكدا ناجووڵێنن، بەڵكو بە بێدەنگی و بەبێ ڕەقبوون دانیشتوون.

كە قسەش دەكەن؛ ئاسایی قسە دەكەن، بەبێ هەڵچوون و پەژارە.

ب. شانۆ دەچێتە شوێنە ئاساییەكەی خۆی و چاوەڕێی كوژانەوەی ڕووناكییەكانی هۆڵەكەیە).

**ب. شانۆ:** هاوڕێیان ئەمڕۆ نۆ ساڵ تێپەڕیوە. ئێمە ئێستا لە هاوینی

ساڵی ١٩١٣ داین و کۆمەڵێک گۆڕانی یەک لە دوای یەک لە گرۆڤەرز کۆرنەرز ڕوویان دا. ژمارەی ئەسپەکان ڕوو لە کەمبوونە و جووتیارەکان بە ئۆتۆمۆبێلی فۆرد دێن بۆ شار و ئێستا خەڵکی شەوانە قفڵ لە دەرگەی ماڵەکانیان دەدەن.

گەرچی تائێستا هیچ دزێک لە شارۆچکەکەدا نەبینراوە، بەڵام دەڵێن گوایە دز پەیدا بووە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرت سوڕدەمێنێت؛ کاتێک دەبینیت بەشێوەیەکی گشتی شتەکان لەم ناوچەیەدا زۆر نەگۆڕاون. ئەم شوێنەش بەشێکی گرینگە لە گرۆڤەرز کۆرنەرز. کەوتۆتە سەر گردێک کە با دەیگرێتەوە، ئاسمانێکی گەورە و هەوری زۆر، زۆر جاریش خۆر و مانگ و ئەستێرەی بێ شومار.

نیوەڕۆی ڕۆژێکی هەتاو بچۆ سەر ئەم گردە کۆمەڵێک زنجیرە گردی تر دەبینیت –هەمووی شین دەکەنەوە – لەو سەرەوە، نزیک دەریاچەی سوناپی و وینیپێسۆکی، کە سەردەکەویت و دووربینێکت پێ دەبێت، شاخە سپییەکان دەبینیت لەگەڵ شاخی واشینگتۆندا، واتە کۆنوای باکور و کۆنوای. هەروەها شاخە دڵگیرەکەمان، شاخی مۆنادۆک ڕێک لێرەدایە –ئەو شارۆچکانەش کە لە دەورین: جافزی و جافزی خۆرهەڵات و پیتەربۆرۆ و دەبلن (ئاماژە بۆ خوارەوە دەکات، واتە بۆ ناو بینەران).

دوورتریش و لە خوارەوە گرۆڤەرز کۆرنەرزە.

بەڵی، ئەمە شوێنێکی جوانە لەسەر ئەم بەرزایییە پڕی لە گوڵی کێوی و لەیلاکە. من زۆرم پێ سەیرە کە خەڵکێک هەن حەز



دەکەن لە ودلۆن یان برووکلین بنێژرێن؛ لە کاتێکا دەتوانن هەمان کات لەسەر ئەم بەرزاییەی هامپشایر بەسەربەرن.

لەوێشدا (دەست بۆ چەپی شانۆ درێژ دەکات).

ئاسەواری بەردینی کۆنی لێیە، هی ساڵانی ١٦٧٠ تا ١٦٨٠، خەڵکانێکی بە ئیرادە، لە پێناوی سەربەخۆییدا ڕێگەیەکی زۆریان بڕیوە.

گەشتیارەکان کاتێک لەم دەڤەرەدا دەگەڕێن؛ کاتێک ئەو نەخش و نیگارە سەیرانە لەسەر کێلی گۆڕەکان دەبینن؛ پێکەنینیان دێت. ئەوەش هیچ زیانێکی نییە..

زانا ڕەچەڵەکناسەکانیش لە بۆستونەوە دێن بۆ ئێرە.. خەڵکی شار دەچن پارەیان دەدەنێ تا لە ڕەچەڵەکانیان بکۆڵنەوە. مەبەستیشیان لەوە ئەوەیە دڵنیابن کە ڕۆڵەی شۆڕشی ئەمەریکا و مەی فلاوەرن. بە بۆچوونی من ئەمەش هیچ زیانێکی نییە و کاتێکیش لە ڕەگەزی مرۆیی نزیک دەبیتەوە، چین لەسەر چین شتی بێ مانا دەدۆزیتەوە.

هەندێ جەنگاوەری کۆنیش هەن کە لە شەڕی ناوەخۆدا بەشدارییان کردووە. ئاڵای ئاسنین بەسەر گۆڕەکانیانەوەیە. کۆمەڵێک لاوی نیوهامپشایر بوون.. باوەڕیان بەوە بوو کە دەبێ یەکێتی بپارێزرێ، ئەگەرچی خۆیان بیست میل دوورتریان نە دەبینی. هەموو ئەوەی دەیانزانی هەر ناوەکە بوو، ئەی هەڤالانی –ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا – ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئیتر لە پێناوی ئەوەدا خۆیان بەخت کرد. ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ گۆڕەکان. ئەمە گۆڕی مسز

گیبزی هاوڕێتانە. ئەی ئەمە؟ –ناسیمەوە – مستەر ستیمسۆن کە لە کەنیسەکە ئۆرگۆنی دەژەنی.

ئەمەش مسز سۆمزە کە شەیدای ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە بووبوو، بیرتان دێت؟ بەڵێ زۆری تریش. ئەمەش گۆڕی کوڕەکەی وێبە، والاس، کە لە گەشتێکی دیدەوانیدا بۆ کرۆفۆرد نۆچ ڕیخۆڵەکوێرەی تەقی.

بەڵێ خەم و پەژارەیەکی زۆر لەسەر ئەم بەرزاییە کۆبووەتەوە. کەسانێک کە خەمی خزم و کەسەکانیان دڵیانی گوشیبوو ئەمانیان هێنا بۆ سەر ئەم گردە. هەمووش دەزانین چی ڕوو دەدات.. ئیتر دوای ئەوە زەمەن تێ دەپەڕێت و.. ڕۆژانی گەش و.. ڕۆژانی بەفر و باران و.. دڵخۆشیدانەوەی خۆمان بەوەی کە ئەوان لە شوێنێکی خۆشدان و ئێمەش کە ئەجەلمان هات دەچینە هەمان شوێن. هەندێ شتی تریش هەن کە هەموو دەیزانین، بەڵام بە دەگمەن دەیانخەینە ڕوو و لێیان ڕادەمێنین. هەموومان دەزانین کە شتێک هەیە نامرێت. ئەو شتە نە ماڵ و نە خانووە و نە ناوە و نە زەوییەو نە تەنانەت ئەستێرەکانیشە.. هەریەکێک لە ئێمە لە ناخی خۆیدا دەزانێت کە شتێک هەیە دەمینێتەوە و جاویدانە. ئەم شتەش پێوەندیی بە ئادەمیزادەوە هەیە. خەڵکە گەورەکان ئەوەیان پێ وتووین و پێنج هەزار ساڵیشە هەر ئەمەمان پێ دەڵێن. لەگەڵ ئەمەشدا سەرت سوڕدەمێنێت لەوەی کە چۆن خەڵکی بەردەوام دەسبەرداری ئەم ڕاستییە دەبن. لە بنی بنەوەی ناخی مرۆڤدا شتێک هەیە ئەبەدییە.



(تاوێک بێدەنگی).

هەروەکو چۆن من دەزانم؛ ئێوەش دەزانن کە مردووەکان چی تر لەسەر بایەخدانیان بە کاروباری ئێمەی زیندووان بەردەوام نابن. ئەوان وردە وردە دەسبەرداری زەوی و چاوچنۆکی و ئەو لەزەتانە دەبن کە کاتی خۆی چێژیان لێ دەبینی.. هەروەها دەسبەرداری ئەو شتانە دەبن کە ئازاریان پێوە دەچەشت.. دیسانەوە ئەو کەسانەش کە خۆشیان دەویستن.

مردووەکان وەکو منداڵ لە شیری زەوی دەبڕێنەوە، ئەمە شێوازی منە بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە، لە شیر دەبڕێنەوە.

لێرەدا دەمێننەوە تا نیوە زەمینەکانیان دەسووتێ و لەناو دەچێت، وردە وردە و بەدرێژاییی ئەو ماوەیەش بایەخیان لا نامێنێت بەوەی کە چی لە گرۆڤەرز کۆرنەرزدا ڕوو دەدات.

ئەوان چاوەڕێ دەکەن. چاوەڕێی شتێک کە هەست دەکەن هەر ڕوو دەدات. شتێکی گرینگ، شتێکی گەورە. ئاخۆ چاوەڕێی بەشە ئەبەدییەکەی خۆیانن کە بە پاکیزەیی دەربکەوێتەوە؟ هەندێ لە قسەکانیان ڕەنگە هەستتان بریندار بکەن، بەڵام ئیتر ئەمە سروشتی ژیانە: دایک و کچەکەی.. پیاو و هاوسەرەکەی.. دوژمن و دوژمنەکەی.. پارە و چاوچنۆک.. هەموو ئەم شتە زۆر گرینگانە لێرە هەڵدەوەرن.. دوای ئەوەی یاد دەپووکێتەوە چی دەمێنێتەوە، هەروەها دوای ئەوەی شوناست نامێنیت چی دەمێنێتەوە مسز سمیث؟

(بۆ تاوێک سەیری بینەران دەکات و پاشان بەرەو لای تەختەی شانۆ دەچێتەوە)

زۆر چاکە، هەندێ کەسی زیندووش لێرەن. جۆ ستۆداردی سەرپەرشتیاری گۆڕستانەکە، سەرپەرشتیی گۆڕستانێکی تازە دەکات. وا یەکێک لە کوڕەکانی گرۆفەرز کۆرنەرزیش هات. شارۆچکەکەی جێ هێشت و بەرەو خۆرئاوا ڕۆیشت.

(جۆ ستۆدارد لە دواوە دێت و دەچێت، سام کریگ لەلای چەپەوە دێتە ژوورێ، ماندووە و ئارەقەی ناوچەوانی دەسڕێت. چەترێکی بە دەستەوەیە و لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت).

**سام گریک:** پاشنیوەڕۆت باش جۆ ستۆدارد.

**جۆ ستۆدارد:** پاشنیوەڕۆت باش، پاشنیوەڕۆت باش. ئادەی با بیرم بکەوێتەوە: من تۆ دەناسم؟

**سام:** من سام کریگم.

**جۆ:** ئۆو.. چاو و دڵمان ڕوون! دەبووایە بمزانیایە کە لە ناو هەموو ئەوانی تردا تۆ بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکە دێیت. سام زۆر دەمێکە لە شارۆچکەکەمان نەماویت.

**سام:** بەڵێ، زیاتر لە دوازدە ساڵە. ئێستا من لە بەفالۆ ئیش دەکەم جۆ. بەڵام من لە خۆرهەڵات بووم کاتێک هەواڵی مردنی ئەم کچەی پروزامیان دامێ، ئیتر وتم با بە تیرێک دوو نیشانە بشکێنم: هەم ئامادەی ناشتنی تەرمەکە دەبم و هەم سەرێکیش لە شار دەدەمەوە. پێ دەچێ تەندروستیت باش بێت.

**جۆ:** بەڵێ، بەڵێ، گلەییم نییە. شتێکی ناخۆشە، مەبەستم گەشتەکەی ئەمڕۆمانە سامۆییل.

**سام:** بەڵێ وایە.

**جۆ:** وایە، وایە. من هەموو کات دەڵێم ڕقم لە کارەکەمە کاتێک دەبینم



دەستی مەرگ لاوێک ڕاپێچ دەکات.

کەمێکی تر هەموو دێن. دەبووایە بەیانی زوو بهاتمایە. کوڕەکەشم لە ماڵەوە ئیش دەکات.

**سام:** (نووسینی سەر کێلەکان دەخوێنێتەوە).

جووتیاری پیر ماکارتی، ڕۆژانە ئیشم دەکرد لەلای، ئەو کاتانەی لە قوتابخانە دەگەڕامەوە.

ئەم پیاوە تووشی برک بووبوو.

**جۆ:** بەڵێ، چەند ساڵێک دەبێت ماکارتیمان لێرە ناشتووە.

**سام:** (لە هەردوو ئەژنۆی مسز گیبز ورد دەبێتەوە).

ئای دنیا.. ئەمە جۆلیای پوورمە.. بیرم چووبووەوە کە.. بێگومان.. بێگومان.

**جۆ:** بەڵێ، سێ ساڵ دەبێت هاوسەرەکەی دوکتۆر گیبز کۆچی دوایی کردووە.. هەر ئەم کاتانە بوو. ئەمڕۆش وا هەمدیسان لێی قەومایەوە.

**مسز گیبز:** (بە دەنگێکی یەک تۆن لەگەڵ سیمۆن ستیمسۆن دەدوێت).

ئەمە کوڕی کیریی خوشکمە.. ناوی سامە.. سام کریگ.

**سیمۆن:** هەر کە لە دەوری خۆم دەیانبینم دڵم تەنگ دەبێت.

**مسز گیبز:** نا.. سیمۆن.

**سام:** جۆ.. ئەمان خۆیان شیعری سەر کێلەکانیان هەڵدەبژێرن؟

**جۆ:** نەخێر.. ئەوە نەبووە بە عادەت.. کەسوکاری مردووەکە بەیتێک شیعر هەڵدەبژێرن.

**سام:** بڕوا ناکەم سەبارەت بە جولیای پوورم ئەمە وابێت. خوشکانی

هیرسی زۆریان لە ژیاندا نەماون.. ئادەی بابزانم. کوان.. دەمەوێ سەیرێکی گۆڕی باوکم و دایکم بکەم..

**جۆ:** لەگەڵ بنەماڵەی کریگدان.. شەقامی"F.

**سام:** (سەرکێلی قەبرەکەی سیمۆن ستیمسۆن دەخوێنێتەوە)_ ئەمە ژەنیاری ئۆرگۆنەکەی کڵێسا نەبوو؟ ئحم.. مەی زۆر دەخواردەوە، وامان دەوت.

**جۆ:** وا قەرار بوو کەس بە نهێنیی مردنەکەی نەزانێت. بەرگەی گەلێ کلۆڵیی گرت.

(بەچرپە)– خۆی کوشت. دەزانیت؟

**سام:** بەڕاست؛ خۆی کوشت؟

**جۆ:** لە هەورەبانەکەدا خۆی کوشت. ویستیان هەواڵەکەی بڵاو نەبێتەوە، بەڵام بڵاو بووەوە. خۆیشی لاوانەوەکەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

دەتوانیت بیخوێنیتەوە.. ناتوانین بڵێین شیعرە..

**سام:** چەند نۆتەیەکی مۆسیقییە.. مانایان چییە؟

**جۆ:** نازانم. لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەکانی بۆستندا بڵاو بووەوە.

**سام:** جۆ، هۆی مردنی ئەم چی بوو؟

**جۆ:** کێ؟

**سام:** ئەم کچەی پوورم.

**جۆ:** ئۆو.. نەتزانیوە؟ بەهۆی منداڵبوونەوە مرد. ئەگەرچی دووەم منداڵیش بوو. کوڕێکی بچووکی هەیە تەمەنی نزیکەی چوار ساڵێک دەبێت.



**سام:** (چەترەکەی دەکاتەو)– ئەی گۆڕەکەی لەوێ دەبێت؟

**جۆ:** بەڵێ، چونکە لای بنەماڵەی گیبزەوە شوێن نەماوە.

بۆیە شوێنێکی تایبەتی تازەیان بۆ خۆیان دیاری کرد، لای شەقامی"Bەوە. بە یارمەتیی خۆت، وا هاتن.

(لە چەپەوە بۆ ناوەڕاست، لە پشتەوەی شانۆوە، چوار پیاو تابووتێکی خەیاڵییان هەڵگرتووە و ئەوانی تر هەموو چەتریان هەڵداوە. دەتوانین دوکتۆر گیبز و جۆرج و بنەماڵەی وێب و ئەوانی تر ببینین، بە دەوری گۆڕێکدا لە ناوەڕاستی پشتەوەی شانۆدا و کەمێک بەلای چەپدا؛ وەستاون).

**مسز سۆمز:** جولیا، کێ مردووە؟

**مسز گیبز:** (بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت) بووکەکەمە، ئەمیلی وێب.

**مسز سۆمز:** (بەسەرسوڕمانێکی ساکارەوە، بەڵام بەبێ هەڵچوون) هەر بەڕاستی وەکو دەڵێن: ئەو ڕێگەیەی بۆ ئێرە دێت دیارە زۆر قوڕاوییە. هۆی مردنەکەی چی بوو جولیا؟

**مسز گیبز:** منداڵبوون.

**مسز سۆمز:** منداڵبوون (خەریکە پێ دەکەنێت) هەموو ئەوانەم لە بیرچووەتەوە، ئێی.. ژیان هەم تاڵ و..(بەحەسرەتەوە) هەم شیرینیش بوو.

**سیمۆن ستیمسۆن:** (نیگایەکی لابەلا دەکات) شیرین! شیرین بوو؟

**مسز گیبز:** بەڵێ سیمۆن.. بیهێنەرەوە یادی خۆت.

**مسز سۆمز:** منیش ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی ئەمیلیم دێتەوە یاد ئاهەنگێکی خۆش بوو! ئەوەشم بیر دێت.

له خۆئامادەکردنیدا بۆ ئاهەنگی دەرچوونەکەی؛ لە پۆلدا شیعرێکی خوێندەوە. ئەمیلی لە هەڵکەوتووترین دەرچووەکانی خوێندنگە بوو. چەند جارێک گوێم لە ویلکینزی سەرپەرشتیار بووە وای وتووە. ماوەیەکی کەم بەر لە مردنم چووم و لە کێڵگە تازەکەیاندا بوون کە سەردانم کردن. بەڕاستی کێڵگەیەکی دڵگیر بوو.

**ژنێکی مردوو:** لەسەر هەمان ڕێگەی کشتوکاڵی بوو کە ماڵی ئێمەی لێ بوو.

**پیاوێکی مردوو:** هەر بەڕاستی کێڵگەیەکی دڵگیر بوو.

(بێدەنگ دەبن. ئەوانەی لای قەبرەکەوەن سروودی "پیرۆز بێت ئەو پێوەندییەی هەمووان پێکەوە کۆ دەکاتەوە"_ دەڵێن).

**ژنێکی مردوو:** من هەردەم حەزم لەم سروودە بووە.

بەردەوام خۆزگەم دەخواست گوێم لێ بێت.

(بێدەنگی. لە پڕێکدا لە ناو چەترەکاندا ئەمیلی دەردەکەوێت، جلێکی سپیی لەبەردایە و قژی بەسەر ناوچەوانیدا هاتووەتە خوارەوە و وەکو کچێکی منداڵ پرچی بە قردێلەیەکی سپی بەستووە. زۆر بە شێنەیی هەنگاو دەنێت و بەسەرسوڕمانەوە لە مردووەکان ورد دەبێتەوە و کەمێک خەیاڵ بردوویەتییەوە.

لە ناوەڕاستدا دەوەستێت و زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوی نەخش دەبێت. دوای ئەوەی تاوێک لەو کەسانە دەڕوانێت کە لەگەڵ تەرمەکەیدا هاتوون؛ بە هێواشی هەنگاو دەنێت تا دەگاتە کورسییە بەتاڵەکەی تەنیشت مسز گیبز و لەسەری دادەنیشێت).



**ئەمیلی:** (بە هێمنی و بەدەم زەردەخەنەوە سەیریان دەکات و لەگەڵیان دەدوێت).

هەلەو.

**مسز سۆمز:** هەلەو ئەمیلی.

**پیاوێکی مردوو:** هەلەو بووکەکەی گیبز.

**ئەمیلی:** (بە گەرموگوڕی) هەلەو دایکی مێردەکەم.

**مسز گیبز:** ئەمیلی.

**ئەمیلی:** هەلەو (بە سەرسوڕمانەوە)- باران دەبارێت.

(سەیرێکی ئەوانە دەکاتەوە کە لەگەڵ تەرمەکەیدا هاتوون).

**مسز گیبز:** بەڵێ.. ئازیزم ئێستا ئەوان دەڕۆن. تۆ پشوو بدە.

**ئەمیلی:** دەڵێی هەزاران ساڵ تێپەڕیوە لەو کاتەوەی... بابە بیرت دێتەوە کە ئەوە سروودە دڵخوازەکەی من بوو. بریا دەمێک بووایە لێرە بوومایە.

پێم ناخۆشە بەم شوێنە تازەم.. مستەر ستیمسۆن چۆنیت؟

**سیمۆن ستیمسۆن:** ئەی تۆ چۆنیت ئەمیلی؟

(ئەمیلی بەدەم زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروپشتی دەکات، بەجۆرێک لە دەمارگیرییەوە لەگەڵ مسز گیبزدا قسە دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت بیر لەو کەسانە نەکاتەوە کە لەگەڵ تەرمەکەیدا هاتوون).

**ئەمیلی:** دایە گیبز، من و جۆرج ئەو کێڵگەیەمان کرد بە خۆشترین شوێن. هەردەم بیرمان لە تۆ دەکردەوە. حەزمان دەکرد پشتیرە تازەکەت ببینیایە. هەروەها ئەو حەوزە گەورەیەی لە چیمەنتۆ

بوو بۆ ئاوخواردنەوەی ئاژەڵەکان. لەو پارەیە کڕیمان کە تۆ بۆت جێ هێشتبووین.

**مسز گیبز:** جا من پارەم هیچ بۆ جێ هێشتن؟

**ئەمیلی:** ئەی دایە گیبز ئەو میراتییەت بیر نایەت کە بۆ ئێمەت جێ هێشت؟ چۆن بیرت دەچێتەوە! زیاتر لە سێ سەد و پەنجا دۆلار بوو.

**مسز گیبز:** بەڵێ، بەڵێ.. ئەمیلی.

**ئەمیلی:** ئینجا جیهازێکیشمان بۆ دانا کە حەوزەکە پڕبوو ناهێڵێت ئاوەکە بڕژێت. جیهازێکی زۆر جوان.

(دەنگی کز دەبێت و چاوی دەچێتەوە سەر ئەو کەسانەی لەگەڵ تەرمەکەیدا هاتبوون).

نازانم جۆرج بەبێ من حاڵی چۆن دەبێت، بەڵام کێڵگەیەکی تابڵێیت جوانە.(لە پڕێکا سەیری مسز گیبز دەکات) زیندووەکان تێ ناگەن، وانییە؟

**مسز گیبز:** نەخێر.. زۆر تێ ناگەن.

**ئەمیلی:** دەڵێیت لە سندووقی بچووکی داخراودان، وانییە؟

وا هەست دەکەم هەزار ساڵە لێیان دوورکەوتوومەتەوە..

کوڕەکەم ئەمڕۆ لە ماڵی مسز کارتەر دەبێت.

(مستەر کارتەر لە ناو مردووەکاندا دەبینێت).

مستەر کارتەر، ئەمڕۆ کوڕە بچووکەکەم لە ماڵی ئێوە دەبێت.

**مستەر کارتەر:** بەڕاست؟

**ئەمیلی:** بەڵێ، ئەوێی پێ خۆشە، دایە گیبز، ئۆتۆمۆبێلێکی فۆردیشمان



کڕی، قەتیش خراپ نابێت. ئەگەرچی من خۆم نازانم لێی بخوڕم. دایە گیبز، کەی لەم هەستە ڕزگارم دەبێت؟

هەست دەکەم من هێشتا یەکێکم لەوان..

تاکەی وا دەبم..؟

**مسز گیبز:** شش، کچی خۆم دەبێ چاوەڕێ بکەیت و سەبرت هەبێت.

**ئەمیلی:** (هەناسەیەکی حەسرەت هەڵدەکێشێت) دەزانم..

تەماشەکە، وا ئەوان تەواوبوون و ئیتر دەڕۆن.

**مسز گیبز:** ششش..

(چەترەکان لەسەر شانۆ نامێنن. مستەر گیبز دێتە سەر قەبری ژنەکەی و کەمێک لەسەری ڕادەوەستێت. ئەمیلی سەیری دەموچاوی دەکات. مسز گیبز سەر هەڵنابڕێت).

**ئەمیلی:** تەماشاکە بابا گیبز هەندێ لە گوڵەکانی منی بۆ هێناویت. توخوا ڕێک لە جۆرج ناچێت؟

ئاخ دایە گیبز، پێشتر نەمدەزانی زیندووەکان چەند ئازار دەچێژن و لە تاریکیدا پەل دەکوتن.

سەیری بکە. من زۆرم خۆش ویست، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، ئەوان ئازار دەچێژن.

(د. گیبز دەڕوات).

**مردووەکان:** هەواکە ساردتر بوو.. بەڵی، ئەم بارانە فێنکی کرد. هەموو کات شەماڵ وایە. ئەگەر نەبارێت سێ ڕۆژی ڕێک دەیکات بە ڕەشەبا.

(بێدەنگییەکی درێژ باڵ بەسەر شانۆدا دەکێشێت. بەڕێوەبەری

شانۆ لای ستوونی شانۆکەوە دەردەکەوێت و جگەرەیەکی پێیە. لە پڕێکا ئەمیلی لە دانیشتنەکەیدا خۆی ڕێک دەکاتەوە و بیرۆکەیەک بە مێشکیدا دێت).

**ئەمیلی:** بەڵام دایە گیبز، من دەتوانم بگەڕێمەوە.. بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ.. بۆ ناو ژیان.. من هەستی پێ دەکەم.. ئاشنام پێی.. بۆ نا؟.. کەمێک لەمەوبەر بیرم لە کێڵگەکە دەکردەوە و.. بۆ دەقیقەیەک لەوێ"ژیامەوە" و منداڵەکەمم لە باوەشدا بوو، وەک ڕۆژی ڕووناک ئەمە ڕوون بوو لام..

**مسز گیبز:** بەڵێ، بێگومان دەتوانیت.

**ئەمیلی:** دەتوانم بچمەوە بۆ ئەوێ و سەرلەنوێ ئەو ڕۆژانە بژیمەوە.. بۆ نا؟

**مسز گیبز:** ئەمیلی، ئامۆژگاریی من بۆ تۆ ئەوەیە شتی وا مەکە.

**ئەمیلی:** (بە پاڕانەوەوە لە بەڕێوەبەری شانۆ) بەڵام دەتوانم، وانییە. دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ژیان.. بۆ ئەوێ.. سەرلەنوێ..

**ب. شانۆ:** بەڵێ، کەسانی تر هەوڵی ئەوەیان داوە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچووە گەڕاونەتەوە بۆ ئێرە.

**مسز گیبز:** ئەمیلی شتی وا مەکە.

**مسز سۆمز:** نا.. ئەمیلی، وەک ئەوە نییە کە بۆی دەچێت.

**ئەمیلی:** بەڵام خۆ من ڕۆژێکی خەماوی هەڵنابژێرم تا بژیمەوە. ڕۆژێکی کامەران هەڵدەبژێرم.. ئەو ڕۆژە هەڵدەبژێرم کە بۆ یەکەم جار هەستم کرد جۆرجم خۆش دەوێت. ئیتر گرفتی ئەوە لە چیدایە؟

(مردووەکان بێدەنگ دەبن، ڕووی دەمی لە ب. شانۆ دەبێت).



**ب. شانۆ:** تۆ هەر ئەو ڕۆژە ناژیتەوە، بەڵکو چاودێریی خۆشت دەکەیت تێیدا..

**ئەمیلی:** ئەی دوای ئەوە؟

**ب. شانۆ:** کە چاودێریی خۆت دەکەیت، ئەوکات ئەو شتانە دەزانیت کە کەسانی تر نایزانن، ئەو کەسانەی کە لە خوارەوە دەژین. دواڕۆژ دەزانیت. دەزانیت لەوەودوا چی ڕوو دەدات و چی ڕوو نادات.

**ئەمیلی:** باشە ئەوە شتێکی خراپە؟

**مسز گیبز:** ئەوە تەنیا هۆ نییە کە وات لێ دەکات نابێ بگەڕێیتەوە. کاتێک زۆر لێرە دەمێنیتەوە دەزانیت کە ژیانمان لێرە واتە لەبیربردنەوەی ئەو شتانەی پێشوو و بیرکردنەوە لەوەی کە چاوەڕێمان دەکات. تێ دەگەیت؟

**ئەمیلی:**(بە نەرمییەوە)- بەڵام دایە گیبز.. چۆن بتوانم ئەو ژیانەم لە بیر بچێتەوە؟ هەموو ئەوەی من دەمزانی ئەو ژیانە بوو. هەموو ئەوەی شکم دەبرد ئەو ژیانە بوو.

**مسز سۆمز:** ئۆو ئەمیلی، ئەوە شتێکی ژیرانە نییە.

هەر بەڕاستی، ئەوە ژیری نییە.

**ئەمیلی:** بەڵام ئەوە شتێکە دەمەوێ خۆم تاقیی بکەمەوە. بە هەرحاڵ من ڕۆژێکی خۆش هەڵدەبژێرم.

**مسز گیبز:** نا، یان بەلایەنی کەمەوە ڕۆژێکی بێ بایەخ هەڵبژێرە. ڕۆژێک کە لە ژیانتدا کەمترین بایەخی هەبووە. ئەوسا بایەخی خۆی دەبێت.

**ئەمیلی:** (لەبەرخۆیەوە)- کەواتە نابێ کاتێک بێت کە شووم کردووە،
یان کە منداڵم بووە.

(ڕوو لە بەڕێوەبەری شانۆ دەکات، بە تامەزرۆییەوە).

بەلایەنی کەمەوە دەتوانم جەژنێک لە جەژنەکانی لە دایکبوونم هەڵبژێرم. دوازدەمین جەژنی لەدایکبوونم.

**ب. شانۆ:** زۆر چاکە. یازدەی فێبریوەریی ١٨٩٩
سێشەمە. سەعاتێکی دیاریکراوت دەوێت لەو ڕۆژەدا؟

**ئەمیلی:** نا.. هەموو ڕۆژەکەم دەوێت.

**ب. شانۆ:** باشە، لە بەرەبەیانەوە دەست پێ دەکەین.

بیرت دێت چەند ڕۆژێک بوو بەفر باریبوو، بەڵام ئەو شەوە خۆشی کردەوە. دەستیان بە پاککردنەوەی شەقامەکان کردبوو. خۆر هەڵدەهات..

**ئەمیلی:** (بە هاوارەوە، هەڵدەسێت) ئەوە شەقامە سەرەکییەکەیە، ئۆو.. ئەوە دوکانەکەی مستەر. مۆرگانە بەر لەوەی چاکی بکات. ئەوەش پشتیری گشتییە.

(سەرشانۆ زۆر تاریک نییە، بەڵام نیوەی چەپی شانۆ وردە وردە تەواو ڕۆشن دەبێتەوە.. بەیانییەکی ساردی زستانە، ئەمیلی بەرەو شەقامە سەرەکییەکە دەڕوات).

**ب. شانۆ:** بەڵێ، ساڵ ساڵی ١٨٩٩یە. چواردە ساڵ لەمەوبەر.

**ئەمیلی:** بەڵێ، ئەمە ئەو شارۆچکەیەیە کە کچێکی منداڵ بووم کاتێک پێی ئاشنا بووم. ئۆو.. تەماشەکە! ئەوە ئەو دیوارە سپییەیە کە دەوری ماڵمانی دابوو. ئاخ.. لە بیرم چووبووەوە! چەند حەزم



لێ بوو!
لە ماڵەوەن؟

**ب. شانۆ:** بەڵێ، ئەوەندەی پێ ناچێت دایکت دێتە خوارەوە تا نانی بەیانی ئامادە بکات.

**ئەمیلی:** (بە هێمنی) بە ڕاست؟

**ب. شانۆ:** ئەوەشت دێتەوە یاد: باوکت چەند ڕۆژێک دەبوو لە ماڵەوە نەبوو، ئەو بەیانییە زوو بە شەمەندەفەر هاتەوە.

**ئەمیلی:** نەخێر..

**ب. شانۆ:** چووبوو بۆ زانکۆ تا وتارێک بخوێنێتەوە، لە کلینتۆن، خۆرئاوای نیویۆرک.

**ئەمیلی:** تەماشاکە! ئەوە هاوی نیوسەمە. ئەوەش پۆلیسی شارۆچکەکەمانە. بەڵام ئەو(مردووە)-، ئەو "مرد".

(لەلای چەپی شانۆوە دەنگی هاوی و کۆنستابل وارین و جۆ کرۆویلی بچکۆلە دێتە گوێ. ئەمیلی بە شەوقەوە گوێیان لێ دەگرێت).

**هاوی:** ئەوە کێیە.. بێسی -بێسی! بەیانیت باش بیڵ.

**کۆنستابڵ:** بەیانیت باش هاوی.

**هاوی:** زوو لە خەو هەڵساویت.

**کۆنستابڵ:** خەریکی ڕزگارکردنی بووم.. ئەو نەفرەتییە تەواو بەستبووی و خەریک بوو دەمرد. لای گەڕەکی هۆڵەندییەکانەوە. سەرخۆش بووبوو و کەوتبووە ناو بەفرەکەوە. کە جووڵاندمەوە وای دەزانی لە شوێنی خەوتنەکەیدایە.

**ئەمیلی:** ئۆو.. ئەوە جۆ کرۆوێلە.

جۆ کرۆویل: بەیانیت باش مستەر وارین، بەیانیت باش هاوی.

(مسز وێب لە مەتبەخەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەمیلی نایبینێت تا بانگیان دەکات).

**مسز وێب:** منداڵینە! والی! ئەمیلی! هەڵسن وا خۆرکەوت.

**ئەمیلی:** من لێرەم دایە! ئای خوایە، چەند گەنجە! نەمدەزانی دایکم ئاوا گەنج و جوان بووە.

**مسز وێب:** دەتوانیت بچیتە ژوورەوە و جلەکانت لای ئاگردانەکەی مەتبەخەکەوە لەبەربکەیت. بەڵام خێراکە.

(هاوی نیوسەم چووەتە شەقامی سەرەکی و شیری بۆ بەردەرگەی ماڵی مسز وێب هێناوە)._ بەیانیت باش مستەر نیوسەم. ئفففففف..

دنیا زۆر ساردە.

**هاوی:** لە پشتیرەکەی من دە پلە لە ژێر سفرەوەیە مسز وێب.

**مسز وێب:** ئۆو! خۆت باش بپێچەرەوە.

(شووشە شیرەکانی بەدەستەوەیە و بەدەم هەڵلەرزینەوە دەچێتە ژوورێ).

**ئەمیلی:** (بە هەناسەبڕکێوە) – دایە، دنیا گەڕام بەدوای قردێلە شینەکەمدا نەمدۆزییەوە.

**مسز وێب:** کچی خۆم کەمێک چاوت بکەرەوە. ئەوەتانێ لەسەر ئەو مێزە بۆم داناویت. نایبینیت. ئەگەر مار بووایە پێوەی دەدایت.

**ئەمیلی:** ئۆخەی دۆزیمەوە.



(دەست دەخاتە سەر دڵی. مستەر وێب لە شەقامی سەرەکییەوە دێت، دوای ئەوەی کۆنستابل وارینی دیوە. جووڵە و دەنگیان لەو کەشە ساردەدا گەرموگوڕتر دەبێت).

**مسز وێب:** بەیانیت باش بیل.

**کۆنستابڵ:** بەیانیت باش مستەر وێب. زوو هەڵساویت.

**مستەر وێب:** بەڵێ، ئەوەندە نابێت لە زانکۆ کۆنەکەم لە نیویۆرک گەڕاومەتەوە. لێرە هیچ ڕووی داوە؟

**کۆنستابڵ:** ڕاستییەکەی ئەم بەیانییە چووم پۆڵەندییەکم ڕزگار کرد، خەریکبوو دەیبەست. ئەو نەفرەتییە.

**مستەر وێب:** لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی بکەمەوە؟

**کۆنستابڵ:** ئەوە ناهێنێت.

**ئەمیلی:** (بەچرپە) بابە.

(مستەر وێب بەفرەکەی قاچوقولی دەتەکێنێت و دەچێتە ژوورەوە، کۆنستابل بەرەو لای ڕاست دەڕوات).

**مستەر وێب:** دایە، بەیانیت باش.

**مسز وێب:** چارلز، دۆخەکە چۆن بوو؟

**مستەر وێب:** وابزانم باش بوو. هەندێ شتم بۆ باس کردن. ئەی ئێرە چۆنە؟ باشە؟

**مسز وێب:** بەڵێ، شتێکی وا ڕووی نەداوە. هەوا زۆر ساردە. هاوی نیوسەم دەڵێت لە پشتیرەکەی ئەو دە پلە لە ژێر سفرەوەیە.

**مستەر وێب:** ڕاستە، لە کۆلیجی هامیلتۆن زۆر ساردتر. قوتابییەکان گوێیان تەزیبوو. سەرماکەی سەرما نییە. ڕۆژنامەکە هیچ

هەڵەی تێدا بوو؟

**مسز وێب:** هەڵەم بەدی نەکرد. قاوەکەت ئامادەیە. (دەچێتە قاتی سەرەوە).

چارلز! بیرت نەچێت ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی ئەمیلییە. دیاریت بۆ هێناوە؟

**مستەر وێب:** (دەست بۆ گیرفانی دەبات) بەڵێ، لێرەدا شتێکم پێیە بۆی.

(لە سەرەوەی قادرمەکانەوە).

کوا کچۆڵەکەم؟ کوا کچۆڵەکەم کە ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونێتی؟

(لای چەپی شانۆ لە چاو ون دەبێت).

**مسز وێب:** چارلز، جارێ وازی لێ بێنە. لە کاتی نانخواردنەکەدا دەیبینیت. خۆی خاوە، با ئەوەندەی تر خاوخاو نەکات. دەی مناڵینە، سەعات حەوتە. جارێکی تر بانگتان نەکەم.

**ئەمیلی:** (بە نەرمییەکەوە کە زیاتر لە سەرسوڕمانەوە نزیکە نەک لە خەم).

بەرگە ناگرم. دایکم و باوکم چەند گەنج و جوانن! بۆ دەبێ پیربن. من لێرەم دایە. من گەورە بووم خۆشم دەوێن، هەموو شتێکم خۆش دەوێت. لەسەیرکردن تێر نابم.

(سەیری بەڕێوەبەری شانۆ دەکات وەک ئەوەی لێی بپرسێت "دەتوانم بێمە ژوورەوە؟" ب. شانۆ بەسەری وەڵامی ئەرێی دەداتەوە. بەرەو دەرگەی ناوەوەی مەتبەخەکە دەچێت، لای چەپی دایکییەوە، وا قسە دەکات کە لە کچێکی تەمەن دوازدە ساڵان بچێت).



بەیانیت باش دایە.

**مسز وێب:** (دەچێت تا باوەشی پیا بکات و ماچی بکات، بە شێوازی خۆی کە سۆزی پێوە دیار نییە).

پیرۆز کچە ئازیزەکەم. جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز و هەموو ساڵێکت هەر خۆشی بێت. لەسەر مێزی مەتبەخەکە هەندێ کتوپڕی چاوەڕێت دەکات.

**ئەمیلی:** سوپاس دایە، پێویستی بەو زەحمەتە نەدەکرد.

(بە نیگایەکی خەمگینەوە سەیری بەڕێوەبەری شانۆ دەکات).

بەرگە ناگرم.. بەرگە ناگرم..

**مسز وێب:** (لە سەروو ئاگردانەکەوە بەرەو ڕووی بینەرانە) بەڵام جەژنی لەدایکبوونت بێت و نەبێت دەبێ لەسەرخۆ نانێکی باش بخۆیت. دەمەوێ گەورەبیت و ببیتە کچێکی تەواو و لەشساغ. ئەوەی ناو ئەو زەرفە هی "کاری"ی پوورتە، وابزانم دەشزانیت کێ ئەلبومی وێنەکەی بۆ ناردوویت. لە بەردەرگە دایان نابوو کاتێ چووم شیرەکەم هێنا.. جۆرج گیبز بۆی هێناوی. دیارە بەو بەیانییە زووە و بەو سەرمایە هاتووەتە دەرەوە تا ئەو دیارییەت بۆ بهێنێت.. هەستێکی جوانی هەیە.

**ئەمیلی:** (لەبەرخۆیەوە)– ئا.. جۆرج.. بیرم چوو کە..

**مسز وێب:** ئەو گۆشتە باش بجوو و پەلەی لێ مەکە..

لە ڕۆژێکی وا ساردا گەرمت دەکاتەوە.

**ئەمیلی:** (بە سۆزێکی زۆرەوە) دایە. دەمەوێ بۆ ساتێک لێم بڕوانیت تا دڵنیابم کە بەڕاستی دەمبینیت. دایە، چواردە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەم ساتەدا.

من ئێستا مردووم. تۆش داپیرەیت. من شووم بە جۆرج گیبز کرد دایە. "والی"یش مردووە. ڕیخۆڵەکوێرەی تەقی کاتێک بە گەشتێک چوو بۆ کۆنوای باکور. ئێمەش دڵمان بۆی تەنگ بوو. بیرت دێت؟ بەڵام ئێمە ئێستا هەر بۆ تاوێک هەموو پێکەوە کۆبووینەتەوە. ئێمە تەنیا بۆ تاوێک بەختەوەرین. دایە، دەبا لە یەکتر بڕوانین.

**مسز وێب:** ئەوەی لەو کیسە زەردەشدایە لە ژووری سەرەوە لە ناو شتەکانی نەنکتدا دۆزیمەوە.

**ئەمیلی:** ئەی ئەمەیان تۆ بۆت کڕیوم.. ئای کە جوانە دایە..(باوەش بە دایکیدا دەکات و دەست دەکاتە ملی. دایکی خەریکی دروستکردنی خواردنە، بەڵام دڵی خۆشە).

**مسز وێب:** سوپاس بۆ خوا کە بەدڵتە. دنیا گەڕاین. نورای پوورت لە کۆنکۆرد دەستی نەکەوت، لەبەرئەوە ناردم لە بۆستن بۆت بێت.

(پێ دەکەنێت).

"والی"یش دیارییەکی بۆ داناویت. لە کاری دەستیدا بۆی دروست کردوویت و شانازیی پێوە دەکات. بیرت نەچێت کارێک بکەیت هەست بەوە بکات کە گەورەیە. باوکیشت دیارییەکی تایبەتی بۆ داناویت. نازانم چییە.

شش.. وا هات.

**مستەر وێب:** (لە دەرەوەی شانۆوە)– کوا کچۆڵەکەم؟ کوا کچۆڵەکەم لە جەژنی لەدایکبوونیدا؟

**ئەمیلی:** (بەدەنگێکی بەرز بۆ بەڕێوەبەری شانۆ) بەرگە ناگرم.. ناتوانم.. ناتوانم بەردەوام بم. شتەکان خێرا تێ دەپەڕن..



ئەوەندە کاتمان بە دەستەوە نییە تا لە یەکتری بڕوانین و لە یەک وردبینەوە.

(دەداتە هاڕەی گریان.

ڕووناکی دەستەچەپی شانۆ کز دەبێت.

مسز وێب لە چاو ون دەبێت).

دەرکم بەوە نەدەکرد. کەواتە هەموو ئەو شتانە ڕوویان دەدا و کەچی ئێمە سەرنجمان نەدەدان.

بمبەرەوە بۆ بەرزاییی سەر گردەکە، بۆ ناو گۆڕەکەم.

بەڵام جارێ ڕاوەستە: با دوانیگای خۆم بکەم.

ماڵاوا، ماڵاوا دنیا. ماڵاوا ئەی چرکەکانی کاتژمێرەکە.

ماڵاوا ئەی ئەو گوڵەبەڕۆژانەی دایکم ڕواندی..

ماڵاوا ئەی ژەمەکان و ئەی قاوەکان.. ئەی کراسە تازە ئوتووکراوەکان و ئەی گەرماوە گەرموگوڕەکان.. ئەی خەوتنەکان و ئەی بێدارییەکان.. ماڵاوا ئەی زەوی، تۆ لەوە گەورەتر و جوانتریت کە مرۆڤ دەزانێت.

(سەیری ب. شانۆ دەکات و لە پڕێکا بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەڵێت).

ئایا ئادەمیزادێک هەیە کاتێک دەژی قەدری ئەو ژیانەی خۆی لابێت؟ قەدری هەر چرکەساتێک؟ هەر چرکەساتێکی ئەو ژیانە؟

**ب. شانۆ:** نەخێر. (کەمێک بێدەنگی).

لەوانەیە قدیس و شاعیرەکان.. لەوانەیە ئەوان کەمێک قەدری

ژیان بزانن.

**ئەمیلی:** من ئێستا ئامادەم بگەڕێمەوە بۆ ناو گۆڕەکەم.

(دەچێتەوە سەر ئەو کورسییەی تەنیشت مسز گیبز)

(تاوێک بێدەنگی).

**مسز گیبز:** گەڕانەوەکەت پێ خۆش بوو؟

**ئەمیلی:** نەخێر.. دەبووایە بە قسەی تۆم بکردایە. ئەمە سروشتی ئادەمیزادە! نابینایە و هیچ نابینێت.

**مسز گیبز:** تەماشاکە. ئاسمان ساماڵە. ئەستێرەکان وا دەدرەوشێنەوە.

**ئەمیلی:** ببوورە مستەر ستیمسۆن. دەبووایە بە قسەیانم بکردایە.

**سیمۆن ستیمسۆن:** (بە توندییەوە و بە زمانێکی زبرەوە).

بەڵێ، ئێستا زانیت. ئێستا زانیت!

ئەوەبوو مانەوەمان لە ژیاندا: هەڵپەکردن لە کوچەکانی نەزانیندا. پێشێلکردنی هەست و سۆزی ئەوانەی لە دەورمانن. بەفیڕۆدانی کات وەک ئەوەی ملیۆنەها ساڵ بژین. بوون بە یەخسیری ئەم یان ئەو ئارەزووی خۆپەرستانە. ئێستا زانیت، ئەوە ئەو بوونە بەختەوەرەیە کە تۆ هەوڵت دەدا بۆی بگەڕێیتەوە. کوێری و نەزانین.

**مسز گیبز:** (بە گەرموگوڕییەوە)– سیمۆن ستیمسۆن!

ئەوەی دەیڵێیت هەمووی وانییە و خۆشت ئەوە باش دەزانیت.

ئەمیلی، سەیری ئەو ئەستێرەیە بکە. ناوەکەیم بیرچووتەوە.

**پیاوێکی مردوو:** "جۆیل"ی کوڕم دەریاوان بوو، ناوی هەموو



ئەستێرەکانی دەزانی. هەموو جارێک لە بانیژەکە دادەنیشت و یەک بەیەک ناوەکانیانی دەوت.

بەڵێ.. بەڕێز.. شتێکی خۆش بوو.

پیاوێکی مردووی تر: ئەستێرە هاوڕێیەکی گەورەیە.

**ژنێکی مردوو:** بەڵێ.. بەڵێ. وایە.

**سیمۆن:** وا یەکێک بەرەو ئێرە دێت.

**مردووەکان:** سەیرە. کاتی هاتنی کەس نییە.

**ئەمیلی:** دایە گیبز، ئەوە جۆرجە.

**مسز گیبز:** شش کچە ئازیزەکەم. تۆ پشوو بدە.

**ئەمیلی:** جۆرجە.

(جۆرج لای چەپەوە دێت و بە شێنەیی بەرەو لای مردووەکان دەچێت).

**پیاوێکی مردوو:**"جۆیل"ی کوڕم دەیوت ئەو ترووسکاییە ملیۆنەها ساڵی پێ دەچێت تا دەگاتە سەر زەوی. کەس ناچێتە ئەقڵییەوە. بەڵام ئەو وای دەوت، ملیۆنەها ساڵ!

(جۆرج دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و خۆی دەدات بەسەر پێیەکانی ئەمیلیدا).

**ژنێکی مردوو:** ئای خوایە، ئەوە چ ڕەفتارێکە.

**مسز سۆمز:** دەبووایە ئێستا لە ماڵەوە بووایە.

**ئەمیلی:** دایە گیبز؟

**مسز گیبز:** بەڵێ ئەمیلی؟

**ئەمیلی:** ئەوان تێ ناگەن.. تێ دەگەن؟

**مسز گیبز:** نا کچە ئازیزەکەم. ئەوان تێ ناگەن.

(لای ڕاستەوە ب. شانۆ دەردەکەوێت، دەستێکی لەسەر پەردەیەکی ڕەشە بە هێواشی ڕای دەکێشێت تا وردە وردە سەرشانۆ داپۆشێت و لە دووریشەوە دەنگی سەعاتێکی گەورە دێتە گوێ و کە بە هێواشی لێ دەدات).

**ب. شانۆ:** ئێستا زۆربەی خەڵکی گرۆڤەرز کۆرتەرز نووستوون، جگە لە چەند ڕووناکییەک نەبێت: شۆرتی هۆکنز، لە خوارەوە لە وێستگاکە، شەمەندەفەری ئەلبانی بینی کە تێپەڕی.

لە پشتیری گشتیدا کەسێک خەوی زڕاوە و قسە دەکات، ئاسمان ساماڵە.

هەسارەکان خەریکی سووڕانەوەی دێرینیانن و لە ئاسماندا خولگەی یەکتری دەبڕن.

تا ئێستا زاناکان زانیاریی تەواوەتییان لەم بارەیەوە نییە، بەڵام تێیاندایە دەڵێت: کە بوونەوەر تێیاندا ناژی، جگە لە تەباشیر.. یان ئاگر. هەر ئەم هەسارەیە نەبێت کە ئێمە لەسەری دەژین، بەردەوام لە هەوڵ و تەقەللادایە تا شتێک بۆ خۆی بخوڵقێنێت.

هەوڵ و تەقەللاکەش هێندە تاقەتپڕووکێنە کە هەر شازدە سەعات جارێک دەبێ هەموو مرۆڤێک بحەوێتەوە و پشوویەک بدات.

(سەیرێکی سەعاتەکەی دەکات).

ئەحەم.. لە گرۆڤەرز کۆرنەرز سەعات یازدەیە، کاتی ئەوە هاتووە ئێوەش پشوویەک بدەن، شەوتان شاد.



## پێڕست

شارۆچکەکەمان تابلۆیەک بۆ ژیانی مرۆیی

پۆرنتۆن وایڵدەر کێیە؟ ..... 5

شارۆچکەکەمان ..... 7

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە ..... 8

کارەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە ..... 10

بیرۆکەکانی شانۆنامەکە ..... 12

شانۆگەرییەکە

پەردەی یەکەم ..... 16

پەردەی دووەم ..... 59

پەردەی سێیەم ..... 94